


KURDISTAN


ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات
سمایل شەڕەفی
کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

# پێڕست

١- شەهید دوکتور قاسملوو و دوو چەمکی "ئازادی" و "شەخسییەت" ........ ٤
٢- بۆ قاسملوو لە ڕێبازیدا بە زیندوویی مایەوە؟! ........ ٦
٣- پەیامێکی زیندوو ........ ١٠
٤- لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢ ........ ١٥
٥- قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" ........ ١٩
٦- ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات ........ ٢٢
٧- شوناسخوازیی نەتەوەیی ........ ٢٥
٨- پشت بەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان ........ ٢٧
٩- سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان ........ ٢٩
١٠- هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی ........ ٣١
١١- ڕێزگرتن لە کەسایەتیی فەردیی ئینسان ........ ٣٣
١٢- پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ........ ٣٥
١٣- وتوێژ وەک پرنسیپ و شێوەیەک لە خەبات ........ ٣٧
١٤- چەسپاندنی یەکێتیی فکری و سیاسی ........ ٣٩
١٥- باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی، وەک ئامانجێکی بەرزی سیاسی ........ ٤٢
١٦- تەنیا دێموکراسییە کە کلیلی چارەسەریی درووستی کێشەکانە ........ ٤٥
١٧- بەرەنگاریی پێشمەرگانە (چەکداری) ........ ٤٧
١٨- دژایەتی لە گەڵ تێرۆریزم ........ ٥٠
١٩- بەرپرسیاربوون بەرانبەر بە زمان و کلتووری نەتەوەیی ........ ٥٣
٢٠- هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی مەسەلەی کورد ........ ٥٦
٢١- باوەڕمەند بە مەلەسەی ژنان ........ ٥٩

٢٢- ئەخلاق و سیاسەت ........ ٦٢
٢٣- واقعبینیی سیاسی ........ ٦٥
٢٤- مافی دیاریکردنی چارەنووس ........ ٦٨
٢٥- کەڵک وەرگرتن لە ڕەهەند و شێوازەکانی خەبات(١) ........ ٧١
٢٦- کەڵک وەرگرتن لە ڕەهەند و شێوازەکانی خەبات(٢) ........ ٧٤
٢٧- یەکڕیزی و یەکگرتوویی ........ ٧٧
٢٨- ژیاندۆستی و هەوڵدان بۆ بەختیاریی کۆمەڵ ........ ٨٠
٢٩- ڕێکخراو، وەک چەکێکی هەرە گرینگ ........ ٨٣
٣٠- بەرژەوەندیی نەتەوەیی ........ ٨٦
٣١- عەدالەتی کۆمەڵایەتی ........ ٨٩
٣٢- ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕەکانی کۆمەڵی کوردەواری ........ ٩٢
٣٣- فیداکاری، گیانبازی و بەردەوامبوون ........ ٩٤
٣٤- بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم ........ ٩٧
٣٥- دوایین وتە و کۆتایی ........ ١٠٠



# شەهید دوکتور قاسملوو و دوو چەمکی "ئازادی" و "شەخسییەت"




قسەیەکی بەناوبانگی شەهید قاسملوو هەیە کە دەڵێ: **"هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە ئازادی بە نرختر نیە، ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان و ڕێگا نادا بکرێ بە مۆرە. ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتەدەر و ببێتە شەخسییەت، ببێتە فەردێکی زیندوو و چالاکی کۆمەڵ."**

لێرەدا دوو چەمکی "ئازادی" و "شەخسییەت" بەشی سەرەکیی ئەو پەیامەن کە شەهید قاسملوو دەیهەوێ بیگەیەنێ. ناکرێ ئەم قسەیەی دوکتور قاسلموو تەنیا لە بەستێنێکی خەباتکارانە (سیاسی)دا بۆ قسە و باس لە سەرکردن کورت بکرێتەوە، بەڵکوو دەشێ لە هەموو بەستێنێکی کۆمەڵایەتیشدا – ئەوەی پێوەندیی ڕاستەخۆی بە ڕۆڵی تاکی ئینسانەکانەوە هەیە _ ڕەچاو بکرێ و بە نموونە قسەی لە سەر بکرێ.

ئینسان چ بە تاک و چ بە کۆمەڵ و چ وەک نەتەوە، کە نەتوانێ "ئازاد" بێ(بژیت)، ناتوانێ خاوەنی شەخسییەت (کەسایەتی)یەکی کامڵ بێ. لە ئەگەری وەها حاڵەتێکدا، ئەو نینسانە، ئەو کۆمەڵ و نەتەوەیە بە هۆی ئازاد نەبوونیەوە، "ئیرادە"ی ئەوەی نیە کە "خۆی" بڕیار لە سەر "هەڵوێست" و "چارەنووس"ی خۆی بدا. بۆیە وەک "مۆرەیەک" ناچارە ملکەچ بێ.

لێرەدایە کە شەهید قاسملوو بە ئەرزشەوە باس لە نێعمەتی ئازادی دەکا و پێی وایە شەخسییەت و کەسایەتیی هەر فەرد

(ئینسان) و کۆمەڵ و نەتەوەیەک، پێوەندیی ڕاستەوخۆیی بە ئازادییەوە هەیە. ئەو لەو باوەڕەدایە کە بە بێ "ئازادی"، ئینسان بەتاڵە لە شەخسییەت و کەرامەت.

لە بەستێنە گەورە خەباتکارانەکەیشدا کە ڕاستەوخۆ پێوەندی بە "ئازادی"ی نەتەوەیەکەوە هەیە، هیچ تۆفیرێک ناکا و ئەرزشگوزارییەکانی شەهید قاسملوو لێرەشدا هەر گرینگی و بایەخی خۆیان هەیە. نەتەوەیەک کە بیهەوێ کەرامەتی ئینسانیی خۆی وەدەست بهێنێ و، لە نێو گەلاندا، ئەویش ببێتە خاوەن شەخسییەت کە پێگە و جیگای ڕەوای خۆی هەبێ (پێبدرێ)، دەبێ سەرەتا هەوڵێ وەدەستهێنانی نێعمەتێک بە ناوی "ئازادی" بدا.


خەباتی مافخوازانەی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان بە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاست لە سەر بنەمای ئەم تەعبیرە ژیرانەیەی شەهید قاسملوو بەڕێوە چووە. هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی "ئازادی" و "کەسایەتی" بەخشین بە میللەتێک کە سەرفەرازانە و زیندوو بژی، تایبەتمەندیی سەرەکیی خەباتی حیزبی دێموکرات بووە و هەیە.

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە سەر دەستی ڕێبەرێکی بەشەخسییەتی وەک پێشەوا قازی محەممەد، پیش هەموو شتێک کەسایەتی و شەخسییەتی بە تاکی کورد و بە بەشێک لە نەتەوەی کورد بەخشی. چونکی ئینسانی کورد هەستی بە "ئازادبوون" کرد و بە کردەوە هەستی بە بوون و ئیرادەی خۆی وەک ئینسان و وەک میللەتێک کە خاوەنی "خۆیەتی" کرد.

دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان، ڕاستە ئینسانی کورد و نەتەوەی کورد "ئازادی"ی لێ زەوت کرا، بەڵام بەردەوامبوون لە خەبات بۆ سەربەستی و عەوداڵبوون بە دوای "ئازادی"دا، ئینسانی کورد و نەتەوەی کوردی هەر بە "بەشەخسییەت"ی و خاوەنی کەسایەتی هێشتەوە. کە بێگومان ڕێبەرانی "بەشەخسییەت"ی وەک شەهیدان قاسملوو و شەرەفکەندی و ئەوانی دوای ئەوان و، بە هەزاران ئینسانی بە "شەخسییەت" کە خۆیان لە کۆت و بەندی "ملکەچی" ڕزگار کرد و "ئازادانە" بۆ ئازادیی خاک و خەڵک تێکۆشان و بەشێکیان لە پێناو هەر ئەم "ئازادی" و شەخسییەت"ەدا، "ئازادانە" و "بەشەخسییەتەوە" گیانیان بەخت کرد، لە درێژەدانی ئەم ڕێبازەدا ڕۆڵیان گێڕا.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٠ی جوولای ٢٠١٧

## بۆ قاسملوو لە ڕێبازی‌دا بە زیندوویی مایەوە؟!



٢٢ی پووشپەڕی ئەمساڵ (١٤٠٠)ی هەتاوی، ٣٢ ساڵ بە سەر تێرۆری ڕێبەری ناوداری کورد و سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و هاوڕێیانی لە وییەنی پێتەختی وڵاتی ئوتریش بە دەستی دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی ئێراندا تێ‌دەپەڕێ. لە ماوەی ئەم زیاتر لە ئەم سێ دەیەدا گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوچەییدا قووڵ و چارەنووسساز بوون؛ گۆڕانکارییە فکری و ئیدئۆلۆژییەکانیش شوێنەواری بەرچاویان لە ڕیزبەندییە جیهانییەکان و دیاریکردنی بەرژەوەندییەکاندا داناوە. پێشکەوتنی زانست و دەسکەوتەکانی تێکنۆلۆژی، شوێنەواریان بە سەر ڕێبازە سیاسی و ئابوورییەکاندا حاشا هەڵنەگرە و، لەم نێوەشدا و لەم سی ساڵەدا بێگومان کۆمەڵی کوردەواری و دۆخی بزووتنەوەی سیاسیی کورد و پرسی نەتەوایەتیی ئەم نەتەوە -هێشتا بێ‌دەوڵەتە - گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

ئەوەندەی پێوەندیی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەبەستی ئەم بابەتەوە بێت، کۆمەڵگەی کوردستان لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، ئابووری و شێوازی ژیان و گوزەرانەوە گۆڕاوە و لە ڕووی سیاسی و نەتەوەییەوە ئاستی شعوری نەتەوایەتیی خەڵک لە پەرەسەندن و گەشەسەندن دایە. هەر لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات بە پاشخانێکی نزیک بە هەشت دەیە لە خەبات و تێکۆشانی بێ‌وچانی خۆی، ئێستاش بەرزترین پێگەی سیاسی لە ئاستی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی

خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.

پاراستنی ئەم پێگەیە بۆ حیزبی دێموکرات لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا بۆ کۆمەڵێک فاکتەری جۆراوجۆر دەگەڕێتەوە کە یەکێک لە گرینگرینیان بوونی ڕێبەرانێکی لێهاتوو، خاوەن بیر و ئەندێشە و لێبڕاو و، هەتا سەر وەفادار بە ئامانجەکانی خەڵکی کوردستان؛ پێشەوا و سەرۆک کۆماری کوردستان شەهید قازی محەممەد، شەهیدانی سکرتێری حیزب، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور سادق شەرەفکەندییە.

سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکارییانەی کە دوای تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هاتوونە ئاراوە و بە کورتی ئاماژەمان پێدا، وەک دەبینین ناوی دوکتور قاسملوو و باسکردن لە بیر و ئەندێشەکانی ئەو کە وەک "ڕێبازی قاسلموو" ناوی دەرکردووە، هەروا وێردی سەر زمانانە و ڕێبوارانی لە حیزبی دێموکرات و کۆمەڵی کوردستاندا درێژەدەری ئەم ڕێگایەن.

ئێستاش دوای زیاتر لە سێ دەیە کە ئاوڕ لە بیروباوەڕە سیاسییەکانی شەهید دوکتور قاسملوو دەدەینەوە، هەروا جێی تێڕامان و کەڵک لێ وەرگرتنن و، وەک بەحەق باس دەکرێ، "ڕێنیشاندەری خەبات و تێکۆشانمانن". باوەڕمەندبوون بە بیروئەندێشەکانی شەهید دوکتور قاسملوو و ئەو نەخشە ڕێگایەی کە ئەو لە حیزبی دێموکراتدا بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان وێنای کردوون، نەتەنیا لە بازنەی تێکۆشەرانی حیزبەکەیدا قەتیس نەماوەتەوە، بەڵکوو لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستان و ئێراندا، بەوپەڕی متمانەوە ئاوڕیان لێ دەدرێتەوە و پشتی پێ دەبەسترێ و ئەندێشەکانی قاسملوو هەر زیندوو و وڵامدەرن.

### بۆ قاسملوو لە ڕێبازیدا بە زیندوویی مایەوە؟

شەهید دوکتور قاسملوو لە دوو دەیەی ٥٠ و ٦٠ی هەتاوی و، لە چوارچێوەی نووسینەوەی مەرامنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و گەڵاڵەکردنی هەڵوێست و سیاسەتەکانی ئەم حیزبە و لە دوایین دەیەی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی پاشایەتی و یەکەم دەیەی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی و دەسەڵاتی ئیسلامیی ئێراندا، باوەڕەکانی تیوریزە دەکا و بەکردەوەش دەیخاتە خزمەت بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانەوە. دوو دەیەی تایبەت بە شەڕی سارد و پێکدادانی ڕێبازە فکرییە سیاسییەکانی دوو جەمسەری زەبەلاحی ئیمپریالیستی و سۆسیالیستی کە زۆر ڕەوت و جەریانی لۆکاڵییان، یان لە خۆدا تواندەوە و یان بە تەواوەتی هاڕییانن. دوکتور قاسملوو لەم بەستێنەدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەیەکی لۆکاڵی و نەتەوەیی لەئەستۆیە و هاوکات

لەگەڵ بینین و دەرک بە هێژموونیی ئەم جەمسەربەندییە فکری و سیاسییانە لە سەر دەوروبەر و تەنانەت حیزبەکەیشی، خەمی پاراستنی تایبەتمەندیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکەکەیشیەتی و بە دیاریکردنی سنووری نێوان دۆستایەتی و سەربەخۆبوونی حیزبەکەی، ئازایانە سەربەخۆیی هەڵدەبژێرێ و پێداگری لە سەر مافی خۆبڕیاردان دەکات. د. قاسملوو بەم تێفکرینەوە، حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ئێران لە بەستراوەیی فکری و ڕێکخراوەیی دەپارێزێ و شوناسێکی سەربەخۆییخوازانەی پێ دەبەخشێ.

د. قاسملوو کە کەسایەتییەکی کراوە، گۆڕانخواز و دژ بە دوگماتیزم بوو، لە حاست نەتەوەیی بوونی پرسی سیاسیی میللەتەکەیدا، ڕێبەرێکی لێبڕاو و پێداگرە. ڕاشکاوانە و بێ پەروا قسە لە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتەکەی دەکا و پشتیوانیی حیزبەکەی لە بزووتنەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بە مافێکی سیاسی و نەتەوەیی بۆ حیزبەکەی دادەنێ. کەڵکوەرگرتن لە هەر شێوازێکی گونجاو لە چوارچێوەی خەباتی بەرەنگاری بۆ حیزبەکەی و نەتەوەکەی بە مافێکی ڕەوا دەبینی. لە هەمووی گرینگتر، دوکتور قاسملوو لە پێناو سەربەستی خاک و خەڵکەکەیدا و بۆ گرتنە پێشی خەباتێک کە بێگومان دەرکی بە تێچوو و هەزینە ماڵی و گیانییەکانی دەکرد، خۆی لە دەستپانکردنەوە و لە مەترسیخستنی سەربەخۆیی حیزبەکەی دەپاراست و پشتی بە هێزی خۆماڵی دەبەست. لەم پێوەندییەدا لە گەڵ ئەوەیکە لێکدانەوە و هەڵوێستەکانی لە سەر بنەما و ئەسڵی واقعبینی و تێگەیشتن لە بالانس و هاوسەنگی بوو، پێداگری لەسەر خۆماڵی بوونی ئامرازەکانی هێزی خەباتکارانە و جۆری پەرژین و پشتیوانی لە خەبات دەکرد. دوکتور قاسملوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستانی – کە لە کۆماری کوردستانەوە بۆ حیزبەکەی بە میرات بەجێ ماوە - بەو ئامرازە خۆماڵییە خەباتکارانە دەزانی کە بۆ دیفاع لە مان و مەوجودییەتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و یارمەتیگەیاندن بە بەئامانج گەیشتنی و پاراستنی دەسکەوتەکانی لە قۆناغی جۆراوجۆرا درووست بووە. هەروەها باوەڕێکی چەسپاوی بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە حیزبی دێموکرات و خەباتەکەی هەبوو. بۆیە هەمیشە پێی وابوو، بۆ بەئامانج گەیشتنی حیزبی دێموکرات، سێ مەرج پێویستن؛ یەکیان سیاسەتێکی واقعبینانەی درووست، دووهەمیان بوونی هێزی پێشمەرگە و سێهەمیان و لە هەمووی گرینگتر، پشتیوانیی خەڵکی کوردستان.

ئێستا دوای ٣٢ ساڵ بە سەر تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوودا، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە زەمەنێکی جیاواز و لە بارودۆخێکی تایبەتدا هەروا لە سەر ئەساسی بیروئەندیشەکانی ڕێبەرانی شەهیدی خۆی و بەتایبەت ڕوانینەکانی شەهید دوکتور قاسملوو، ڕێی خەبات و تێکۆشانی خۆی دەپێوێ. ئەوە بەو مانایە نیە کە حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتییەکەی و تێکۆشەرانی ئەم حیزبە بە تێکڕایی، نەیانتوانیبێ شتێکی زیاتر لەوەی دوکتور قاسملوو و ڕێبەرانی دیکەی، پێوە زیاد

بکەن، بەڵکوو ڕاست بەو مانایەیە کە بیر و باوەڕ و نەخشە ڕێگایەک کە شەهید قاسملوو بۆ حیزبی دێموکراتی دیاری کردوە، ئەوەندە بەربڵاو و زیندوو و قابیلی کارپێکردنن کە دەکرێ زۆر هەڵوێست و ڕێکار و نەخشەڕێگای دیکە و تازەیان لە سەر بنیات بنرێ و هەر بۆن و بەرامەی ئەو بدەن کە؛ بێگومان هاوسەنگەران و ڕێبوارانی شەهید دوکتور قاسملوو، دوای نەمانی ڕێبەرەکەیان بە درێژەدانی ڕێگا و ڕێبازی ئەو، سەرەکیترین هۆکاربوون بۆ بەزیندوویی مانەوەی ئەم ڕێبازە.

ئاستی جیهانبینیی شەهید دوکتور قاسملوو کە تا ئێستاش بۆ لێفێربوون دەبێ، بەرهەمی لێهاتوویی ئەو لە لێکدانەوەی ڕووداو و پێشهاتەکان، بەرهەمی ئازایەتی لە دەربڕین و ڕاشکاوبوونێکی نەترسانە لەگەڵ خەڵک و هاوسەنگەرانی و بە عیلم و مومکین زانینی سیاسەتە. دوکتور قاسملوو هیچ کات لەسەر ئەساسی دەمارگرژی و لە پێناو بەرژەوەندیی خۆی و قازانجی بەرتەسکی حیزبەکەیدا هەڵوێستێکی نەگرت کە بارگرانی لە سەر خەڵک و بزووتنەوە دروست بکات. تەوەری ئەساسیی بیر و ئەندێشەکانی قاسملوو، خەڵک و بەرژەوەندیی گشتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بوو.
لە گەڵ ئەوەیکە خۆی و ڕێبەرایەتیی ئەوکاتی حیزبەکەی بە نوێنەری نەسڵێک لە موبارەزە و خەباتی نەتەوایەتی میللەتەکەی دەزانی و بە تێگەیشتن لە جیاوازی لە ماهییەت و نێوەرۆکی داواکاریی نەسڵەکانی خەبات، مافی نوێنەرایەتیی نەسڵەکانی داهاتووی بە خۆی نەدەدا، بەڵام ئێستاش ڕێبازەکەی و ئەندێشەکانی ڕێنیشاندەری خەباتی حیزبەکەی و بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستانن. چونکی ئەندێشەکانی ئەو و، ئەو ڕێبازەی کە دوکتور قاسملوو وێنای کردووە، بیرکردنەوەی تازە و نەخشە ڕێگای نوێ لە خۆ دەگرێ. ئەوەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئەم ڕێبازە نەتەنیا دوگم و داخراو و ماوە بەسەرچوو نییە، بەڵکوو ئیستعدادی خۆنوێکردنەوە و تەفسیری بەڕۆژی هەیە.

ئەگەر دوکتور قاسملوو زیاتر لە سی ساڵە بە جەستە تێرۆر کراوە و وجودی فیزیکیی لەنێوماندا نەماوە، بە بیروئەندیشەکانی، بە ڕێبازە هەردەم تازە و پڕ لە ڕێبوارەکەی، بە زیندوویی ماوەتەوە. هۆگریی نەسڵ لە دوای نەسڵی تێکۆشەرانی کورد بە گشتی و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات بە تایبەتی بە دوکتور قاسملووی شەهید و ڕێبازەکەی، سەلمێنەری ئەم ئیدیعایانەن. ئەمڕۆ نەسڵێک لە کوڕان و کچانی خەڵکی کوردستان بە پۆشینی بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتی لە ڕیزەکانی حیزبەکەی قاسملوودا و بە پەیوەستبوونیان بە تەشکیلاتی ئەم حیزبە لە نێوخۆی وڵات و بە دانی درووشم و بڵاوکردنەوەی وێنە و تراکت و قسەکانی دوکتور قاسملوو، "قاسملوو قاسملوو" یانە کە دە پازدە ساڵ دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لە دایک بوون. کەوابوو "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە."

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٦ی جوولای ٢٠٢١

# پەیامێکی زیندوو



**(خوێندنەوەیەک بۆ وتاری شەهید دوکتور قاسملوو لە میتینگی ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکرات)**

**دوای تێپەڕینی زیاتر لە سێ دەیە بەسەر ڕاگەیاندنی کۆمارە مەزنەکەی کوردستان لە مەهاباد لەلایەن حیزبی دێموکراتی کوردستان (٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی) بە ڕابەرایەتیی سەرۆککۆماری شەهید، قازی محەممەد، بۆ جارێکی دیکە و هەر لە شاری مەهاباد، حیزبی دێموکرات دەسپێکی قۆناغێکی دی لە شانازی، حەماسە و غرووری خەڵکی کوردستانی ڕاگەیاند. ئەم جارەیان جێگرەوە و درێژەدەری ڕێگا و ڕێبازی پێشەوای حیزبی دێموکرات، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی پتر لە سەدهەزار کەسی، پێکهاتوو لە خەڵکی سەرجەم شار و ناوچەکانی کوردستان لە ئیستادیۆمی وەرزشیی شاری مەهابادا باسی لە قۆناغێکی نوێی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە ڕێبەرایەتیی حیزبەکەی کرد.**

**ڕۆژی ١١ی ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی کە تیایدا خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستان دوای سێ دەیە تێکۆشانی نهێنی ڕاگەیاندرا، بۆ خەڵکی کوردستان بە گشتی و بە تایبەت بۆ حیزبی دێموکرات و شاری مەهاباد، وەبیرهێنەرەوەی مەزنترین ڕووداوی مێژوویی و پڕشانازیترین دەسکەوتی نەتەوەیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی**

کوردستان بوو. لەم میتینگە جەماوەرییەدا، شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای وەبیرهێنانەوەی ئامانج و داواکارییەکانی خەڵکی کوردستان و شیکردنەوەی سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پێشەوا ئاسا لەسەر نەخشە ڕێگای خەباتی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و بەرنامەی حیزبەکە لەم پێناوەدا قسەی بۆ خەڵک کرد.

دوکتور قاسملوو لە قسەکانیدا بە وەبیرهێنانەوەی چەند برگەیەک لە مێژووی پڕ لە شانازی و فیداکاریی حیزبی دێموکرات و تێکۆشەرانی و هەروەها بە ناوهێنانی ژمارەیەک لە شەهیدانی حیزب و نەتەوە، وەبیر خەڵک دەهێنێتەوە کە حیزبی دێموکرات کە پێکهێنەری یەکەم دەسەڵاتی کوردی لە مێژووی نوێی کوردستاندایە، خاوەنی چ پاشخانێکی دەوڵەمەند لە دامەزراوەی سیاسی وەک کۆماری کوردستان، دەسکەوتەکانی و گەلدۆستی و فیداکاریی ڕێبەرانی وەک پێشەوا قازی محەممەد، شەهیدانی دیکە سەردەمی کۆمار و شەهیدانی دواتری ساڵەکانی ٤٦ - ٤٧ و هی دیکەیە.

وەک یەکێک لە پێناسە و تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکرات، پشتبەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان یەکەم تەوەری وتاری سکرتێری حیزب، دوکتور قاسملووویە. ئەو لە قسەکانیدا لەخۆڕادیتووانە ڕوو بە دەیان هەزار کەس لە بەشدارانی میتینگ، لەگەڵ نوێکردنەوەی پەیمانی وەفاداری بە ماف و ئازادییەکانی خەڵک، ڕادەگەیەنێ کە وەک هەمیشە حیزبەکەی پشتی بە "هێزی لەبڕاننەهاتووی نەتەوەکەی" بەستوە و خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی خەڵک بە بەرپرسیار و وڵامدەر دەزانێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستان لە یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی خەباتی ئاشکرای خۆیدا زۆر ڕاشکاوانە ڕوو لە دەسەڵاتدارانی تازە بە دەسەڵاتگەیشتوو لە تاران دەکا و دژایەتیی خۆی لەگەڵ هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک ڕادەگەیەنێ و دەڵێ؛ "نابی ئیزن بدەین هیچ جۆرە ئیستیبدادێکی دیکە زیندوو بێتەوە". لەم پێوەندییەدا بۆ ئەوەی پێش بە هاتنەسەر کاری هەر جۆرە دیکتاتۆرییەک بگیردرێ، پێداگری لە سەر "ئازادییە دێموکراتییەکان"، "دامەزراندنی ڕێژیمێکی ڕاستەقینەی خەڵکی"، دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان" دەکا.

شەهید دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا بە خستنە ڕووی پیلان و ئیدیعا جۆراوجۆر و بێبنەماکانی دوژمنانی خەڵکی کوردستان کە بە مەبەستی دۆزینەوەی بیانوو بۆ سەرکوتکردنی تۆمەتی جۆراوجۆری دەدەنە پاڵ، بەبێ سڵکردنەوە لە هەر جۆرە تۆمەتبارکردنێکی دیکەی خۆی و حیزبەکەی، مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ میللەتەکەی بە ڕەوا و بەرحەق دەزانێ. لەم بارەوە ڕوو بە دەسەڵاتدارانی تازە لە تاران دەڵێ کە؛ "دەبێ هێزی چەکداری ژاندارمێری، ئەرتەش و پادگانەکان لە

شارەکان دوور بخرێنەوە و دەبێ کوردستان لە حاڵەتی ناوچەیەکی میلیتاریزە بێتە دەر و بەڕێوەبردنی کاروباری نێوخۆیی کوردستان دەبێ بە دەستی خودی خەڵکی کوردستانەوە بێت". بەم شێوەیە تەرحی خودموختاربوونی کوردستان و باوەڕ بە هێز و توانایی خەڵکی کوردستان لە خۆبەڕێوەبەری و ڕەتکردنەوەی هەرچەشنە خۆسەپاندنێک بە سەر کوردستاندا ڕادەگەیەنێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان کە وەک لە ناو و نێوەرۆکی ڕا دیارە پێڕەوی لە بیروباوەڕی دێموکراتیک دەکا و پێی‌وایە لە چوارچێوەی نیزامێکی دێموکراتیکی سیاسی‌دایە کە مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەستەبەر دەبێ. بۆیە لەم میتینگەشدا دامەزرانی حکومەتێکی گەلی و دێموکراتیک بە زامنی دەستەبەربوونی مافە نەتەوایەتییەکانی نەتەوەی کورد دەزانێ و پێی‌وایە بەبێ لەبەرچاوگرتنی کەسایەتیی نەتەوەی کورد و دابینبوونی مافەکانی، دەسەڵاتێکی دێموکراتیکی ڕاستەقینە لە تاران نایەتە سەر کار. بۆیە دەبێ کورد لە دەسەڵاتی سیاسی لە تاران بەشدار بێ و نوێنەرانی لە نووسینەوەی یاسا و بڕیارەکاندا بەشدار بن و ڕۆڵ بگێڕن.

پێویستیی یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوان خەڵک و هێزە سیاسییەکان لە کوردستان یەکێک لەو ئەرکانەیە کە دوکتور قاسملوو لە وتارەکەیدا بەڕوونی دەستنیشانی دەکا. خۆڕێکخستن و ڕێزگرتن لە بیروبۆچوونی جیاواز، تەنیا زامنی ئەم یەکیەتیی و یەکگرتووییە دەبێ. تەنیا لە ڕێگای یەکگرتووییەوەیە کە دەتوانرێ پێش بە نفووزی دوژمن و دووبەرەکی بگیردرێ. لە وتارەکەی دوکتور قاسملوودا هاتووە کە؛ "نابێ ڕێگا بدەین هیچ چین و توێژێکی نیشتمانی دژی چین و توێژێکی دیکەی نیشتمانیی دیکە، عەشیرەتێک دژی عەشیرەتێکی دیکە هان بدرێ. نابێ ڕێگا بدەین دەستە و حیزبێکی سیاسیی پێشکەوتوو، هێزی خۆی بۆ کوتانی دەستە و حیزبێکی پێشکەوتووی دیکە تەرخان بکا. با فێری دێموکراسی بین و تەمرینی دێموکراسی بکەین. کوردستان پاوانی هیچ حیزب و دەستەیەکی سیاسیی تایبەتی نیە. با هەموومان بەرنامە و بیروڕای خۆمان بخەینە بەرچاوی خەڵک و خەڵکیش ئازادانە ڕێوشوێنی خۆی هەڵبژێرێ."

دوکتور قاسملوو لە پێگەی سکرتێری حیزبی دێموکرات و وەک کەسێکی شارەزا بە مێژووی پڕ لە شکست و نسکۆی شۆڕشەکانی کورد، لەم بەشە لە وتارەکەیدا - لەگەڵ ئەوەیکە حیزبەکەی تەنیا حیزبی بەهێز و خاوەن نفووزی بەرینی جەماوەرییە- دیسان گەڕانەوە و پابەندبوون بە ئیرادەی نەتەوەکەی و دەنگی خەڵک و دێموکراسی لە پێناو یەکیەتی و یەکگرتوویی خەڵک و هێزە سیاسییەکاندا بە پێویست و زامنی سەرکەوتنەکان دەزانێ. ئەو بە دەرس‌وەرگرتن لە زیانەکانی ڕۆحی عەشیرەگەری، دووبەرەکی و خۆفەرزکردنی لایەک بەسەر لایەکی دیکە لە تاریخی نەتەوەکەیدا، دەیهەوێ بە هێنانەئارای هێندێک چەمک و ڕێکاری مودێڕن وەک دێموکراسی و ڕێزگرتن لە دەنگ و ئیرادەی گەل، بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان و کۆمەڵگەی کوردستان قەڵەمبازێک بۆ پێشەوە بدەن و خۆ لە دووبەرەکی و ناتەبایی دوور ڕابگرن.

دوکتور قاسملوو بە شارەزایییەک کە لەسەر جیاوازی و فرەیی لە کۆمەڵگەی کوردستان، ڕەوت و جەریانە سیاسییەکان و جۆری پێکهاتەی کوردستان هەیبوو، وێڕای بەڕەسمی ناسینی ئەم جۆراوجۆریانە، هەوڵ دەدا چەشنێک لە پێکەوە ژیان و پێکەوەیی کۆمەڵایەتی لەنێو خەڵک و کۆمەڵگەی کوردستاندا بنیات بنێ. بۆیە بێ پێچوپەنا دەڵێ: "هەرچەشنە تێرۆری فکری دەبێ لەنێو بچێ و نابێ هیچ کەس لەبەر بیروبۆچوونی جیاواز بخرێتە ژێر فشار. لەسەر دۆستان و ئەندامان و دڵسۆزانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە کە بیروڕا و داخوازەکانی حیزب کە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا بە شێوەیەکی دێموکراتی بڵاو بکەنەوە و پشتیوانیی ئەوان بۆ لای حیزب ڕابکێشن."

-------

ئێستا کە دوای ٤٣ ساڵ لە نێوەڕۆکی دەقی ئەو پەیامەی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکرات -کە لە لایەن دوکتور قاسملوووەوە بۆ ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای حیزب نووسراوە و لە میتینگی حیزبی دێموکرات لە شاری مهاباد خوێندرایەوە- دەڕوانین، دەکرێ وەک نەخشە ڕێگایەک بۆ ئێستا و دوارۆژی خەباتەکەمان کەڵکی لێ وەربگرین.

بەداخەوە تا ئێستاش دیار نییە کە ئێرانی داهاتوو چ جۆر نیزام و دەسەڵاتێکی سیاسی دەگرێتە خۆی و چۆن لە پرسی کورد و مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان دەڕوانێ. ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و کورد نەخشە ڕێگا و ڕوانگەیەکی یەکانگیری هاوبەشیان بۆ جۆری ئیدارەی ئێرانی داهاتوو نییە و کوردیش لەنێو خۆیدا ئەو جۆرەی کە پێویست و زەروورییە یەکریز، یەکگر و یەک گوتار نییە و کۆمەڵگەی کوردستانیش لەگەڵ ئەوەیکە لە چاو ساڵانی سەرەتای شۆڕشی ١٣٥٧ زۆر جیاوازە و پێشکەوتووە، بەڵام دیسانیش لە ئاست چاوەڕوانییەکاندا ڕێکخراو و تۆکمە و بێناتەبایی نییە.

بۆیە ئەگەر لە سیلەی نێوەرۆکی پەیامی ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاویی میتینگی مهاباد و دۆخی سیاسی-کۆمەڵایەتیی ئێستای ئێران و کوردستان و هەروەها ناڕوونیی داهاتووی بەڕێوەبەریی وڵاتەوە بڕوانین،

**جێی خۆیەتی ئەم پەیامە لە چەند خاڵدا بە زیندوو و قابیلی کەڵکلێوەرگرتن بزانین:**

- هەر دەسەڵات و نیزامێکی سیاسی کە لە داهاتوودا لە تاران بێتە سەرکار، بەبێ بەڕەسمیناسینی پرسی نەتەوایەتیی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، ناتوانێ دێموکراتیک و ڕاستەقینە بێت.

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە


- ئەگەر بزووتنەوەی سیاسیی کورد و کۆمەڵگەی کوردستان بە هەموو چین و توێژەکانیەوە بە ئیرادەیەکی یەکگرتووخوازانەوە نەتوانن خۆیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گشتی و نەتەوەییدا ڕێک بخەن، لە ڕەوتی گۆڕانکارییە سیاسییەکاندا ڕەنج بەخەسار و بێدەسکەوت دەبن.

- تەمرینی دێموکراسی و یەکتر قبووڵکردن و خۆ فەرزنەکردن بە سەر یەکتریدا و ڕێزگرتن لە جۆراوجۆرییەکانی کوردستان، ئەو پێشمەرج و زەمانەتانەن کە داهاتووی نەتەوە و نیشتمان لە ناتەبایی و پەرتەوازی دەپارێزێ و لە غەیری ئەوەدا نەیاران و ناحەزانی کورد و کوردستان کار لەسەر تێکدانی شیرازەی خاک و خەڵکی کوردستان دەکەن و هیچ دوور نییە ئەزموونی شەڕی خۆبەخۆمان تێدا دووپات بکەنەوە.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ٧ی مارچی ٢٠٢٢



## لە ١١ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ەوە بۆ ١١ی ڕەشەمەی ١٤٠٢



ڕێکەوتی ١١ ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاوی (٤٥ ساڵ پێش ئێستا) دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی ئەوکاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە "میتینگی سەدهەزار کەسی" لە شاری مەهاباد و لە دوای شۆڕشی ٥٧، خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی ڕاگەیاند و لە دەقێکدا بە ناوی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەوە، هێڵە گشتییەکانی سیاسەتی حیزبی ڕوو بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، هێزە سیاسییەکانی ئێران و ڕێبەرانی شۆڕش ڕاگەیاند. دوکتور قاسملوو لە قسەکانیدا وێڕای ڕەتکردنەوەی ئەو تۆمەتانەی وەک؛ "تجزیە طلبی" و "بەستراوە بە بێگانە" کە لە بزووتنەوەی کورد و حیزبی دێموکرات درابوون و دەدران، ڕاشکاوانە باسی لە پێویستیی دێموکراتیزەکردنی دەسەڵات لە تاران و دەستەبەرکردنی مافە بەڕێوەبەرایەتی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و زەرووڕەتی یەکگرتوویی و پووچەڵکردنەوەی پیلانی ناکۆکینانەوەی نەیاران و، لە کۆتاییدا چێکردنی ئێرانێکی ئازاد و دێموکرات کرد. هەر لەم میتینگەدا سکرتێری گشتیی حیزب ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەو تۆمەتە نارەوایانەی دەدرێتە پاڵی، حاڵەتی دیفاعی بە خۆیەوە ناگرێ و نەتەنیا لە سەر داواکارییەکانی پاشگەز نابێتەوە، بەڵکوو بە هەموو هێزێکەوە هەوڵی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەدات.

لە درێژەی ڕەوتی ڕووداوەکانی سەرەتای ساڵەکانی شۆڕشی ٥٧دا، هەر زوو دەرکەوت ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتوو

نەتەنیا ئامادە نییە گوێ لە ویست و داخوازییە ڕەوا و دێموکراتییەکانی حیزبی دێموکرات بگرێت، بەڵکوو لەگەڵ خۆگرتنەوەی، سیاسەتی هێرش بۆسەر کوردستان و نایاسایی ڕاگەیاندنی حیزبی دێموکراتی گرتە بەر و دواتر لەژێر ناوی وتووێژدا دیپلۆمات تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی دوکتور قاسملوویان تێرۆر کرد.

ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ١١ی ڕەشەممەی ١٣٥٧ی هەتاویدا لە شاری مهاباد لە چوارچێوەی میتینگێکی سیاسییدا و بە مەبەستی ئاشکراکردنی خەباتی خۆی و ئاشکرا ڕاگەیاندنی ویستەکانی خۆی بە ئامادەبوونی حەشیمەتێکی سەدهەزار کەسیی پێکهاتوو لە سەرجەم چین و توێژەکانی خەڵکی ئێران و شار و ناوچە دوور و نزیکەکانی کوردستان و نوێنەرانی حیزب و لایەنە سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسان کردی، خۆ دەرخستنێکی جەماوەریی مانادار بوو.

حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی کە لە سەر ئەساسی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان دامەزراوە، خۆی بە ڕەوتێکی جەماوەری و خاوەن پێگەی گشتی لە کۆمەڵگەی کوردستان دەزانێ. ئەم حیزبە کە کۆماری کوردستانیشی لە کارنەڤاڵێکی جەماوەریدا لە چوارچرای مهاباد ڕاگەیاند، پشتی بە گەلی خۆی بەستووە و جەماوەریبوون بەشێک لە پێناسەی حیزبی دێموکراتە. بۆیە کارکردن لەسەر درووستکردنی هەڵوێست و ڕەفتاری گشتیی کۆمەڵگە کە جیا لە گرووتینبەخشین بە بزووتنەوەکە، نیشاندانی هێز و قورسایی بزووتنەوەی کوردستان بە بەردەنگە جۆراوجۆرەکانیەتی، بەشێک لە ماهییەتی کاری ڕێکخراوەیی، سیاسی و گوتاریی حیزبی دێموکراتە.

لەم پێوەندییەدا ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات لەسەروو هەموو شتێکەوەیە، خەڵکە. خەڵک بە مانا گشتی و جەماوەرییەکەی و ئەمەش تەنیا بە تێگەیشتن لە ویستی کۆمەڵانی خەڵک و ئاراستەکردنی لەسەر ئەساسی گەیاندنی پەیامی درووست و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی گشتی دێتە خەملاندن. بۆیە لە دوای میتینگی مهاباد، حیزبی دێموکرات بە ناسینی نێوەرۆکی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لەلایەک و تێگەیشتن لە ماهییەتی "کۆماری ئیسلامیی ئێران" ڕێفراندۆم بۆ جۆری دەسەڵات لە ئێرانی بایکۆت کرد و کوردستان هەر لە سەرەتاوە "نا"ی بە کۆماری ئیسلامی گوت.

ئەگەر ٤٥ ساڵ پێش ئێستا نفووزی جەماوەریی حیزب و خەباتی نەتەوایەتی، قووڵایی و بەرینایی ئەمڕۆی نەبوو، و حیزبی دێموکرات توانی لە شاری مهاباد میتینگێکی سەدهەزار کەسی پێک بێنێ، هیچ گومانی تێدا کە ئێستا هەم نفووزی جەماوەریی حیزب چەند هێندەی ئەو کات بەرینتر بۆتەوە و هەم بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە کوردستان پەل و پۆی زیاتری بۆ هەموو شار و ناوچەکانی نیشتمان هاویشتووە.

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

جەماوەریبوونی ڕەفتار و هەڵوێستی خەڵک لە کوردستان کە لەم ١٠ بۆ ١٥ ساڵەی ڕابردوودا زیاتر لە هەمیشە لە بۆنە و دەرفەتەکاندا دەبیندرێ، بەرهەمی گەشەی سیاسی لە کوردستان و بەرزبوونەوەی ئاستی شعوری نەتەوەیی تاکەکانی کۆمەڵی کوردەوارییە کە وێڕای دامەزراوەیی‌بوونی کاری بەکۆمەڵ و ڕێکخراوەیی لە کوردستان کە بەرهەمی حیزبە سیاسییەکانە، جۆرێک لە ڕێکخراوبوونی پێوە دیارە. لەم پێوەندییەدا ڕێکخراوە مەدەنییەکانی کوردستان لە دوو دەیەی ٨٠ و ٩٠ی هەتاویدا – سەرەڕای بڕینی قۆناغی پڕ لە بەربەست و سەرکوت – ڕۆڵی کاتالیزۆریان لە بەرینبوونەوەی ڕەفتاری جەماوەری لە کۆمەڵگەی کوردستاندا گێڕاوە.

یەکێک لە وێستگە دیار و شوێندانەرەکانی دیاردەی جەماوەریی بزووتنەوەی کوردستان، شۆڕشی ژینا بوو. کوردستان لەم قۆناغە لە خەباتی نەتەوایەتی خۆیدا دژ بە دەسەڵاتی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی، سنوورەکانی خۆی بڕی و دوای خۆنیشاندانێکی جەماوەری لە سەرشەقامەکان، بۆ بەشێکی زۆر لە شار و ناوچەکانی دیکەی ئێرانیش بوو بە نموونە و وەک ئۆلگوویەکی ڕەفتاری سەیری دەکرا.

کۆماری ئیسلامیی ئێران کە نفووز و پێگەی جەماوەریی حیزبی دێموکرات و لایەنەکانی دیکەی لە جەماوەریبوونی ڕەفتاری خەڵک لە سەرشەقامەکان و درووشمەکانی خەڵکدا دەدەدیت، هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە دەبێ لە ناوەندی ئەم هێز و تێفکرینە بدات، ئەوە بوو کە لەم چەند ساڵەی دواییدا بە مووشەکبارانی بنکە و بارەگاکانی حیزب چ پێش لە شۆڕشی ژینا و چ دوای شۆڕشی ژینا - بەتایبەت کە ڕیزەکانی وەسەریەک کەوتنبوونەوە و هیواوهومێدێکی لەڕادەبەدەریان بە شەقام بەخشیبوو – هەموو هەوڵێکی بۆ نەهێشتنی ئەو ئادرەسە بوو. ڕووداوەکانی یەکساڵ و نیوی ڕابردووی ڕەوتی شۆڕشی ژینا و هێرشە مووشەکی و درۆنییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەریانخست کە کوردستان لە نواندنی ڕەفتاری یەکگرتووانە و جەماوەریدا هەنگاوەکانی لێبڕاوانەتر لە جارانن.

١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ تازەترین و بەڵگەمەندترین ڕێکەوتە بۆ سەلماندنی ئەم ئیدیعایانە. کۆماری ئیسلامی ئێران بە کەڵکوەرگرتن لە هەموو هێز و نفووزی خۆی و تەنانەت پاڕانەوەی چەندین جاری خامنەیی ڕێبەری نیزام، ویستی لە هەڵبژاردنەکانی پارلمان و خوبرەگانی ڕێبەریدا بە هاندانی خەڵک بۆ هاتنەسەر سندوقەکەکانی دەنگدان لە ١١ی ڕەشەممەدا، بیسەلمێنێ کە ڕەوایی لە دەست نەداوە و خەڵک وێڕای ناڕازیبوونیان دیسان دڵیان لای ئەم ڕێژیمەیە! بەڵام ئەوەی ڕووی دا بۆ ڕێژیمی کۆماری ئێسلامی ئێران و ڕێبەر و پارلمانەکەی جیا لە ناڕەوابوونیان، ڕیسوایی و شەرمەزارییەکی مێژوویی بوو.

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

لە ١١ی ڕەشەممەی ١٤٠٢ی هەتاویدا زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان بە نەچوونەسەر سندوقەکانی دەنگدان و بایکۆتێکی گشتگیری هەڵبژاردنەکانی ڕێژیم، بۆ جارێکی دیکە و ئەم کەڕەتەیان بەرینتر لە جاران ڕەفتارێکی دیکەی جەماوەری و یەکگرتووانەیان تۆمار کرد. بەجۆرێک کە سایتی وەزارەتی نێوخۆی ڕێژیم تەنانەت بە پێوە زیادکردنی ڕێژەی دەنگەکانیش نەیتوانی حاشا لە سڕوساردتربوونی هەڵبژاردنەکان لە کوردستان بکات.

هێزی کوردستان لە بەردەوامیی خەڵک لە خەبات بۆ ویست و داخوازییەکانیان و یەکگرییان لە هەڵویست و ڕەفتارەکانیاندایە. ئەوەی ئەمڕۆ کۆماری ئیسلامی ئیرانی لە کوردستان هەراسانی کردوە جێکەوتنی ئەقڵیەتی ڕەفتاری گشتی و چوونە قۆناغی جەماوەریبوونی خەباتی خەڵکی کوردستانە. لەم پێوەندییەدا هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لەم بارەوە ئەزموون و پاشخانێکی دەوڵەمەندی فکری و کردارییان هەیە، پێویستە بە دەرکێکی درووست لە ڕۆحی سەردەم و تێگەیشتن لە جۆرەکانی هەڵسووکەوت و ڕەفتاری کۆمەڵگە، خوێندنەوە و بەرنامەیان بۆ تەقوییەتی ئەم فازە لە خەباتی کۆمەڵانی هەراوی خەڵکی کوردستان هەبێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد - ڕێکەوتی: ١٣ی ڕەشەمەی ٢٠٢٣



# قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"



دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" یەکێک لەو دەگمەن دروشمانەیە کە زیاتر لە سێ دەیەیە بە دارو دیوار و شەقامەکانی کوردستانە خۆ دەنوێنێ. ئەم دروشمە لەسەر هەزاران دیواری کۆڵانەکانی شار و ئاواییەکانی کوردستانەوە نووسراوە و بە هەزاران هەزار کەس لە جەماوەری خەڵکی کوردستان لە کاتی خۆپیشاندانەکاندا بە دەنگی بەرز وتوویانەتەوە و دەیڵێننەوە.

لە ڕەوتی شۆڕشی ژینادا لە کوردستان ئەم دروشمە دوای دروشمی "ژن، ژیان ئازادی"، بەرزترین هاواری خۆپێشاندانە جەماوەرییەکان بوو کە هەردوێنێ شەو لە شاری مهاباد بۆ جارێکی دیکە و لە سەروبەندی ٢٢ی پوشپەڕی ئەمساڵ، ٣٤هەمین ساڵوەگەڕی تێرۆری دوکتور قاسملووی ڕێبەری بە دەستی دیپلۆمات - تێرۆریستەکانی تاران دا بۆ جارێکی دیکە "قاسملو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" دڵی ڕێژیمی تێرۆریستپەروەری خستەوە لەرزە.

دوێنێ شەو لە کاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی بێگیانی دوایین شەهیدی نیشتمان، شەهید پەیمان گەڵوانی کە دوای دەستبەسەرکردنی لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە لە ژێر ئەشکەنجەدا گیانی لێ ئەستێندرا، خەڵکی هەمیشە خاوەن هەڵوێستی شاری مهاباد، لە نارەزایەتییەکی جەماوەریدا، وێڕای ڕیسواکردنی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامی، بۆ جارێکی دیکە دروشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"یان کردەوە بە دروشمی سەرەکیی

نارەزایەتییەکانیان.

ئەوەیکە ئەم درووشمە چۆن و بە چ هۆکارگەلێک توانیویەتی دوای نزیک بە ٣٥ ساڵ لە تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هەروا ببێتە تایتڵی نارەزایەتییە جەماوەرییەکان لە کوردستان، ڕوون و ئاشکرایە. کەسایەتیی بەرزی شەهید دوکتور قاسملوو و ڕۆڵی هەرە کاریگەری لەسەر بزووتنەوەی کوردستان و گوتاری بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە جێگە و پێگەی بەرز و چەسپاوی حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی کوردستان بە هۆی سیاسەتە درووست و نەتەوەییەکانییەوە، دوو هۆکاری دیکەی بەردەوامبوون و بەزیندوویی مانەوەی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە"یە. هەڵبەت تیرۆری ناجوامێرانەی ئەم ڕێبەرە بلیمەت و لێوەشاوەیەی بزووتنەوەی کورد و سکرتێری حیزبی دێموکرات لە سەر مێزی وتووێژ، شوێنەواری خۆی لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بەجێهێشتووە.

ئەو نەسڵەی کە ئەمساڵ و ڕۆژانە لە شەقامەکانی کوردستان درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" دەڵێتەوە و لە سەر دیواری گوند و شارەکانی کوردستانی دەنووسنەوە و وێنەکانی شەهید قاسملوو بە ماڵاندا بڵاو دەکەنەوە و بە تابلۆکانەوەی دەچەسپێنن، نە دوکتور قاسملوویان بە چاوی خۆیان دیوە و نە هیچ بیرەوەرییەکیان لە لەگەڵ ئەم ڕێبەرە شەهیدە هەیە. بەڵام لەگەڵ ئەوەی بە خوێندنەوەی بیروئەندێشەکانی دوکتور قاسملوو تەژی لە هەست و شعوری نەتەوەیی و خەباتکارانە دەبن، بە کردەوەش دەبینن کە ئەو حیزبەی کە دوکتور قاسملوو ڕێبەرایەتیی دەکرد هەروا لە مەیدان دایە و درێژە بە ڕێبازی پڕ لە فیداکاری، خزمەت بە خاک و خەڵکی کوردستان و خەبات بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی گەلدا دەدات.

تێکەڵبوونی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" بە ئیرادەی مافخوازانەی جەماوەری سەرشەقامەکانی کوردستان، سەلماندنی ئیدیعای "زیندووبوونی قاسملوو لە ڕێبازیدا"یە. ڕێبازێک کە ٣٤ ساڵە داهێنەر و خوڵقێنەرەکەی بە جەستە لە نێو نەتەوە و حیزبەکەیدا نەماوە. ئەمە ئەگەر لە لایەک نیشانەی ڕاست و درووستیی بیرکردنەوە و خوێندنەوە و هەڵوێست و سیاسەتەکانی دوکتور قاسملووی شەهیدە، لە لایەکی دیکەوە نیشانەی هێز و پێگە و خوشەویستیی حیزبێکە کە دوای ٣٤ ساڵ لە نەمانی ڕێبەرە بیرمەندەکەی، توانیویەتی دوای کۆستی گرانی ئەو و جێگرە لێوەشاوەکەی(د. سادق شەرەفکەندی) بە بڕینی قۆناغگەلێک پڕ لە هەوراز و نشێوی سەخت و دژوار، ئەو ڕێبازە - نەتەنیا بە زیندوویی ڕابگرێت - بەڵکوو دەوڵەمەند و بەرۆژی بکاتەوە.

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

بەردەوامیی و بەرزکردنەوەی درووشمی "قاسملوو، قاسملوو، ڕێگات درێژەی هەیە" ئەگەر لە لایەک بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مایەی دڵخۆشی و شانازییپێوەکردن بە پێگە و نفووزی مێژوویی و جەماوەریەتی لە کۆمەڵگەی کوردستاندا، لە لایەکی دیکەشەوە ئەرکپێئەسپاردن و متمانەپێکردنیەتی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە کە وەک تا ئێستا پێی وەفادار ماوەتەوە، لە درێژەدان بە "ڕێبازی قاسملوو" و گرتنە پێشی نەخشە ڕێگای گونجاو لەگەڵ سەردەم و پاراستنی بەرژەوەندییە نیشتمانی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان، بەردەوام بێت.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان میدیا - ڕێکەوتی: ٢٠ی پووشپەڕی ٢٧٢٣

---



**تێبینی:** ئەم زنجیرە وتارانە خوارەوە: لە ڕێکەوتی ١٢ی جوونی ٢٠١٩ تا ١٣ی جوولای ٢٠١٩ی زایینی لە ٣٠ وتار دا بە بۆبەی ٣٠ی ساڵەی ساڵوەگەری شەهید بوونی د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە نووسینی هاوڕێ سمایل شەڕەفی لە ماڵپەڕی کوردستان و کورد ئامادە و بڵاو کراونەتەوە. و داوتر وەک کتێب پێشەکشی خوێنەران کراوە.

---

## ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات



"ڕێبازی قاسملوو"، دەستەواژەیەکە هەر دوای شەهیدبوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ی هەتاوی، هاتە نێو ئەدەبیاتی سیاسیی حیزبی دێموکراتەوە و زۆری نەخایاند وەک تەعبیرێکی گشتی بەلای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت ئەندامان و لایەنگرانی ئەم حیزبەوە بایەخ و بەهای خۆی پەیدا کرد. لەو کاتەوە تا ئێستا ئەم دەستەواژەیە بۆ حیزبی دێموکرات و ئەندام و لایەنگرانی لە بۆنە و ڕێوڕەسمە تایبەتەکانی وەک "٢٢ی پووشپەڕ"، درووشمی سەرەکییە.

پێش ئەوەی باس لەوە بکەین کە بۆ یەکەمجار ئەم دەستەواژەیە لە لایەن کێ و کەی بەکار هاتووە، جێی خۆیەتی ئاماژە بە چەند شتی دیکە بکەین کە لە جێدا شیاوی باس کردنن.

بە پێی ناسیاوییەک کە لە بیر و باوەڕەکانی شەهید دوکتور قاسملووومان هەیە، لەوە دڵنیاین کە ئەگەر ئەم درووشمە لە سەردەمی بوون و مانی خۆیدا درابا، بە هیچ شێوەیەک نە قبووڵی دەبوو، نە قەتی ئیزن بەوەدەدا تەنانەت بۆ جارێکیش لە حیزبەکەیدا ئاماژەی پێ بکرێ. چونکی شەهید قاسملوو بە کردوە دژایەتیی لە گەڵ دیاردەی "فەرپەرەستی" دەکرد و ڕاشکاوانە دەیگوت؛ "فەردپەرەستی لە هەر شکڵ و شێوەیەکدا بێت، مەحکوومە". کەوابوو ئەوە درووستە کە ئیدیعا بکرێ، پاشخانی ئەم دروشمە ڕاست بۆ دوای شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو دەگەڕێتەوە.

"ڕێبازی قاسملوو"، بەهیچ شێوەیەک بە مانای "مەکتەب"ێکی تایبەتی فکری و سیاسی نیە. چونکی لە ئەساسدا نە حیزبی دێموکراتی کوردستان وەک حیزبێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک کە مەکۆی هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی کوردستانە، حیزبێکی مەکتەبییە و، نە شەهید دوکتور قاسملووش وەک سکرتێری ئەم حیزبە قەت خۆی بە کەسێکی "مەکتەبی" دەزانی. بۆیە لەم درووشمەدا "ڕێباز" بەو مانایە نایەت کە مەکاتبی ئیدئۆلۆژیی پێ پێناسە دەکەن، وەک مەکاتبی دینی، مەکاتبی سیاسی و مەکاتبی فکری و... بەڵکوو لەم پێوەندییەدا "ڕێباز"، ڕاست بە مانای "بیر و باوەڕ" و ئارمانج" دێت.

لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە بۆچی ئێمە؛ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات کە خۆمان بە درێژەدەری ڕێگای شەهید قاسملوو و هەموو شەهیدانی دیکە دەزانین، لەجێی کەڵک وەرگرتن لە دەستەواژەی "ڕێبای حیزبی دێموکرات"، کەڵک لە "ڕێبازی قاسملوو" وەردەگرین؟! ئەم پرسیارە لە جێی خۆی دایە و دەتوانین لە وڵامدا بڵێین؛ ڕاستە، "ڕێبازی قاسملوو" شتێک نیە جیا بێت لە "ڕێبازی حیزبی دێموکرات". حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە سەر دەستی پێشەوای گەورەمان شەهید قازی محەممەد دامەزراوە و دواتر کۆماری کوردستانی ڕاگەیاندوە، بناغەکەی لەسەر بیر و ئەندێشەکانی پێشەوا قازی محەممەد دانراوە، شەهید دوکتور قاسملوو ئەم ڕێبازەی بووژاندۆتەوە و شەهید دوکتور شەرەفکەندی و هەموو ئەوانی دوای ئەو، ئەم ڕێبازەیان کە "ڕێبازی حیزبی دێموکرات"ە درێژە پێداوە.

تا ئێستایشی لە گەڵ بێت، شەهید دوکتور قاسملوو لە بووژاندنەوە، نوێکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی ڕێبازی حیزبی دێموکراتدا، زۆرترین ڕۆڵ و کاریگەریی هەبووە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەم دەستەواژەیە بەم هۆکارەوە هاتووە و تا ئێستاش بایەخ و بەهای خۆی هەیە.

وەک لە کتێبی "قاسملوو لە ڕێبازیدا زیندووە" - لە نووسینی کاک قادر وریا - دا هاتووە؛ "داهێنەری ئەم درووشمە، هاوڕێ و هاوسەنگەری دێرین و خۆشەویستی دوکتور قاسملووی ڕێبەر، مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادەیە کە بۆ تراکت و ئافیشی

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە


**تایبەت بە یەکەمین ساڵڕۆژی شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو( پووشپەڕی ١٣٦٩)، ئەم درووشمەی لە گەڵ کۆمەڵێک درووشمی دیکەدا ئامادە کرد."**

**لە درێــژەی ئەم نووسـینەدا هەوڵ دەدرێ لە چەنـد بەشێکدا بــاس لەو تێــڕوانین و درووشـم و خوێنــدنەوە و سیاســەت و هەڵوێستانە بکرێ کە پێکهێنەری "ڕێبازی قاسملوو (ڕێبازی حیزبی دێموکرات)"ن.**

---



## شوناسخوازیی نەتەوەیی



دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤ی هەتاوی لە مێژووی هاوچەرخی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستاندا، وێستگەیەکە بۆ دیاریکردنی دوو ڕوخساری "نەریت"ی و "مودێرن"ی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان. ئیدی ئەوە نەریتی "خێڵایەتی" و "بنەماڵە" و "عەشیرە" نیە کە هژموونیی بەسەر بزووتنەوەدا هەبێت، بەڵکوو لەم ڕێکەوتە بەولاوە ئەوە "بیر" و "هزر"ی نەتەوەیی میللەتێکی وێڵ و عەوداڵی ناسنامە و شوناسە کە ڕێبەرایەتیی خەباتێکی شەکەت لە شکست و سەرکوتکاری دەگرێتە ئەستۆ. هەر ئەم تێگەیشتنە لە ئەقڵی سەردەمە کە لە کەسایەتییەکی بەرزی وەک قازی محەممەددا خۆی دەدەڵێنێ و وەک پێشەوایەکی بێبەری لە خێڵ و عەشیرە و بنەماڵە، ڕێبەرایەتی ئەم ڕەوتە نوێیە لە تێکۆشانی سیاسی - نەتەوەیی دەگرێتە ئەستۆ.

گەڕان بەدوا شوناسی نەتەوەیی و دەرککردن بە کەمایەسییە جەوهەرییەکانی خەباتی کورد لە ڕابردوودایە کە حیزبی دێموکرات ناچار بە دۆزینەوەی کەسایەتیی ئینسانی کورد دەکات و لە یەکەم دەرفەتی مێژووییدا "کۆماری کوردستان" ڕادەگەیەندرێ.

دامەزرانی کۆماری کوردستان وەک یەکەم دەسەڵاتی خۆبەڕێوەبەریی سیاسیی کورد جیا لەوەیکە وەک خۆی توانی کەسایەتییەکی حقوقی - نەتەوەیی بە ئینسانی کورد لە هەستیارترین بڕگی مێژوویدا ببەخشێ، بە پێکهێنانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و بەڕەسمی ناسینی زمانی کوردی، هەستی باوەڕ بەخۆبوون و خۆبەخاوەن

ناسنامەزانینی بنیات نا.


هەرچەند رووخانی کۆماری کوردستان تا ڕادەیەکی بەرچاو توانی بەشێکی زۆری ئەم بەها و بایەخە شوناسخوازیانە لە دەروونی ئینسانی کورددا لاواز بکات و کوردستان بەتاڵ بکاتەوە لەو هێما و سەمبوولە بنیاتنراوانەی کۆماری کوردستان، بەڵام بە پەیدابوونی "قاسملوو" ئاوێک بەسەر ئەم ڕێبازە تۆز لێنیشتوانەی حیزبی دێموکراتدا دەکرێ و هیوا بە گەڕان بەدوای ناسنامە و شوناسی نەتەوەیی لە دەمارەکانی بزووتنەوە دەگەڕێ و دەبووژێتەوە.

بووژانەوەی حیزبی دێموکرات لە سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاویدا بە داڕشتنی بەرنامەیەکی نوێ لە لایەن دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووەوە دەست پێ دەکات و لەسەر سێ ئەساسی؛ باوەڕمەندبوون بە مافی دیاریکرنی چارەنووس، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان و، پشت بەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان، خەباتی شوناسخوازانەی خۆی سەر لەنوێ دەست پێ دەکاتەوە.

لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەمدا کە لە لایەن شەهید دوکتور قاسملووەوە نووسراوە، وێڕای شانازیکردن بە دامەزرانی کۆماری کوردستان، پێداگری لەسەر "درێژەدانی خەبات بۆ وەدیهاتنی ئامانجەکانی کۆماری کوردستان" دەکات. هەر لەم بەرنامەیەدا هاتووە کە حیزبی دێموکرات "بە پشت بەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، لە پێناو دەستەبەرکردنی ئامانجە نەتەوەییەکانی خۆیدا خەبات دەکات" و وێڕای ئاماژەدان بە "بێبەشبوونی گەلی کورد لە مافی دیاریکردنی چارەنووس"ی خۆی، ئەم مافە ئینسانییە بۆ خەڵکی کوردستان بە ڕەوا دەزانێ.

شەهید دوکتور قاسملوو بە نووسینی کتێبی "کوردستان و کورد" و بەرجەستەکردنەوەی "مێژوو" و "جوغرافیا" و پتانسێلە ژینگەیی و ئابوورییەکانی کوردستان، پێش هەموو شتێک ئیحساسی باوەڕبەخۆبوون و کەسایەتیبوون بە ئینسانی کورد دەبەخشێتەوە و هاوچەشنی پەیامەکانی کۆماری کوردستان بە ماهییەتێکی شوناسخوازانەوە پێناسەی "کورد" و "کوردستان" دەکات. دوکتور قاسملوو کە بۆ ماوەی نزیک بە ١٨ ساڵ سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو لە هەموو نووسین و لێدوانەکانیدا هەوڵی داوە بە بەهێزکردنی لایەنی عیلمیی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان کە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکراتە، لە فۆڕمێکی ئەمڕۆییتری بەدوور لە چەمکی "ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگ" و لە سەر ئەساسی "واقعبینیی سیاسی" پێناسەی ناوەڕۆکی شوناسخوازانەی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بکات و لەم پێناوەشدا بە باوەڕ بە چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی میللەتەکەی گیانی بەخت کرد.

## پشت بەستن بە ئیرادەی خەڵکی کوردستان



لە تەواوی نووسین و لێدوانەکانی شەهید دوکتور قاسملوودا، "خەڵکی کوردستان"، "کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان"، "گەلی کورد" و "میللەتی کورد"، بوونێکی هەمیشەییان هەیە. خەڵکی کوردستان بۆ شەهید قاسملوو وەک ڕێبەری حیزبێکی میللی، سەرەکیترین تەوەری هەموو باس و لێکدانەوەکانی بووە. لە یەک نووسین و لێدوانی ئەم ئینسانەدا وەک ڕێبەری حیزبێکی نەتەوەیی، هەست بە غاییبوونی "خەڵک" ناکرێ.

بۆ شەهید دوکتور قاسملوو، میللەتەکەی هەموو شتێک بووە. لە گەڵ ئەوەیکە پێشمەرگە بە "باسکی بەهێزی گەل" ناو دەبا و ڕاشکاوانە ڕادەگەیەنێ کە "تەنیا شتێک کە زۆری نارەحەت دەکات، شەهیدبوونی پێشمەرگەکانە"، بەڵام دیسانیش پێی وایە خەڵک لە سەرووی هەمووی ئەمانەوەیە. بۆیە زۆر ڕاشکاوانە و بە دەنگێکی بەرز و روو بە هێزی پێشمەرگە ڕادەگەیەنێ کە "ئێوە بۆ خزمەت بە خەڵک پێک هاتوون".

کاتێک کە شەهید قاسملوو روو بە هەموو تێکۆشەرانی حیزبەکەی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەڵێ: کە "میللەتێک چاوی لێمانە"، ئیدی خۆی و سەرجەم هاوسەنگەرانی لە سەر ئەو ئەسڵە یەکلا دەبنەوە کە، "خەڵک" بۆ حیزبی دێموکرات لەسەرووی هەموو شتێکەوەیە. شەهید قاسملوو پێی وایە؛ ئەوەی بۆ حیزبێکی سیاسیی زۆر گرینگە، "هێزی گەل"ە. بۆیە دەڵێ: "لە پێشدا با بایەخ بە هێزی بێ پایانی گەلی کورد بدەین. ئەگەر پشتیوانیی خەڵکی خۆمان هەبێ، ئەو کاتە پشتیوانیی دیکەمان زۆر دەبێ و هەلومەرجی سەرکەوتن باشتر ئامادە دەبێ.


دوکتور قاسملوو کە باس لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی حیزبی دێموکرات دەکات، "پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان" بە هۆکاری هەرە گرینگ و لە پێشەوەی ئەوانی دیکە دەزانێ. لەم پێوەندییەدا دەڵێ؛ " زۆر جارمان باس لە هۆکاری سەرکەوتنەکانی حیزبی خۆمان(حیزبی دێموکرات) کردوە. وتوومانە کە سیاسەتی ئوسوولی و واقعبینانە و بوونی هێزی پێشمەرگەو قارەمانەتی پێشمەرگە، نوقتە قووەتی حیزبی ئێمەن. بەڵام لە هەمووی ئەوانە گرینگتر پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە."

دوکتور قاسملوو "پشتیوانیی خەڵکی کوردستان"، بە گەورەترین سەرمایە بۆ حیزبی دێموکرات دەزانێ و پێی وایە هەرچی حیزبی دێموکرات و هێزی پێشمەرگەی دەیکات دەبێ لە پێناو گەورەکردنەوە و پاراستنی ئەم "سەرمایە"دا بێت.
هەموو ئەمانە دەریدەخەن کە حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە نێو دڵی خەڵکی کوردستانەوە درووست بووە، هەر بە پشتیوانیی ئەم خەڵکە و هەر لە پێناو ماف و ئازادییەکانی ئەم خەڵکدا ماوەتەوە درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی دەدات.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە "خەڵک" تەنیا چین و تەبەقەیەکی تایبەتی نیە. بەڵکوو کۆی تەواوی دانیشتوانی کوردستانە کە لە ژێر ناو و شێوازی جۆراوجۆردا دەچەوسێنەوە. بۆیە لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "حیزبی دێموکرات بۆ وەدیهێنانی سێ ئامانجی گەورە پێک هاتووە و خەباتیشیان بۆ دەکات. یەکەم لابردنی ستەمی نەتەوایەتییە، دووهەم ستەمی چینایەتی یانی چەوسانەوەی ئادەمیزادە و سێهەمیان ستەمی سیاسییە."

ئەم تێگەیشتنە لە خەبات بۆ "خەڵک"ی کوردستانە کە نازناوی "ڕێبەری میللی - دێموکراتی خەڵکی کوردستان" بە حیزبی دێموکرات دەبەخشێ و تا ئێستایشی لە گەڵدا بێت بەرزترین جیگە و پێگەی لەنێو جەماوەری خەڵکی کوردستاندا هەیە.
چۆنیەتیی هەڵسووکەوت و ڕەفتاری تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات لە گەڵ خەڵک و باوەڕەکانی خەڵک بۆ دوکتور قاسملوو وەک کەسی یەکەمی حیزب، هەمیشە سەرنجی تایبەتی ڕاوەتێ. بۆیە بەردەوام وەبیری دەهێنایەوە کە؛ " پێم خۆشە پێشمەرگە خۆشەویستەکان ئەوە بزانن و لەبیریان بێت کە چونکی تفەنگیان لە سەر شانە، نابێ خۆیان لە خەڵک بە زیاتر بزانن. ڕاستە ئێمە دەڵێین کە پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە، بەڵام هێزی پێشمەرگە بۆ خزمەت بە گەل پێکهاتووە. هەرچی پێشمەرگە دەیکا دەبێ لە پێناو خەڵک دا بێ، دەبێ ئاکار و ڕەفتاری لە گەڵ خەڵکەکەی جوان بێت. حیزبی دێموکرات حیزبی گەلی کوردە، پێشمەرگەیش دەبێ لە خزمەت میللەتەکەیدا بێت. کەوابوو هەم بۆ حیزب و هەم بۆ هێزی پێشمەرگە خەڵک لە سەرەوەی هەموو شتێکە."

## سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان



یەکێک لە تایبەتمەندییە هەر بەرز و جێی شانازییەکانی حیزبی دێموکرات "سەربەخۆیی سیاسی" و "سەربەخۆیی بڕیاردان"ە. لە بڕیاری ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و چۆنیەتی قبووڵکردنی چارەنووسێ ئەم کۆمارەوە بگرە تا چۆنیەتی درێژەدان بە تێکۆشانی سیاسی و بڕیاری بەرەنگاریی پێشمەرگانە، کەوتنە وتووێژ لە گەڵ تاران، پێهکێنانی بەرەی جۆراوجۆری هاوکاری و پەڕینەوە بۆ قۆناغە جیاواز و جۆراوجۆرەکانی ژیانی پڕ لە کەند و کۆسپی سیاسی، پێشمەرگانە و دیپلۆماسی، سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان، بەشێک لە ڕێبازی چەسپاو و لەبیرنەکراوەی ئەم حیزبە بووە.

هەرچەند پاراستنی ئەم ئەسڵە لە ڕیباز و تایبەتمەندییەکانی حیزبی دێموکرات، بۆ ئەم حیزبە و بە گشتی بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێتێچوو نەبووە، بەڵام بۆ حیزب وەک ڕێکخراوێکی سیاسی کە خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی میللەتێک بە بەرپرس دەزانی، "مێعیارێکی بنەڕەتی بووە.

سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان هێڵی سوورە. بەومانایە کە حیزب ئامادەیە لەنێوان دۆست و هاوپەیمانەکانی و سەربەخۆیی سیاسیدا، دووهەمیان هەڵبژێرێت.

ئەم بەها و بایەخە جەوهەرییە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕیشەی بۆ خەڵکیبوونی ئەم حیزبە دەگەڕێتەوە.

ئەوەی کە حیزبی دێموکرات ئەم ڕێبازە لە خەبات دەگرێتە پێش و لە هیچ شەرایەتێکدا دەستەمۆ ناکرێ، هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هێز و پتانسیلە پشتپێئەستوورەی کە بەدەوام هەستی باوەڕبەخۆبوونی تێدا بەهێز کردوە. ئەم هێزە شتێک نیە جیا لە ئیرادە و پشتیوانیی خەڵک.

لە بڕگەیەک لە قۆناغە هەرە ئاڵۆزەکانی ژیانی حیزبی دێموکراتدا - دەیەیەک دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان - ئەم مێعیارە لە حیزبدا تا ڕادەیەک ڕەنگی خۆی لە دەست دەدات و لە گرێژنە دەکەوێ. بەڵام زۆر ناخایەنێ کە دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو ئەم سەرەوەرییە بۆ حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێنێتەوە و کۆتایی بە زەمەنێک لە پاشکۆیەتی دەهێنێ.

دوکتور قاسملوو بە پشت بەستن بە ئیرادەی لەبڕاننەهاتووی گەل و لە سەر ئەساسی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی کوردستان بەم جۆرە سەربەخۆیی سیاسی وەک مێعیارێکی بنەڕەتی بۆ حیزبی دێموکرات باس دەکات؛ "ئێمە بە خاتری دۆستایەتی قەت واز لە سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ناهێنین. بەڵام لەبەر خاتری سەربەخۆیی و قازانجی میللەتەکەمان ئەگەر پێویست بوو، واز لە دۆستایەتی دەهێنین. کەوابوو مێعیار بۆ حیزبی ئێمە سەربەخۆیی بڕیاردان و قازانجی میللەتەکەمانە."

حیزبی دێموکرات، حیزبێکی سەربەخۆیە و سەربەخۆیی خۆی لە هەموو شتێکی دیکە بەلاوە گرینگرە. ئەوەی بە قازانجی خۆی و خەڵکی بزانێ جێبەجێی دەکات وهیچ کەس و لایەنێکیش ناتوانێ نەزەری خۆی بەسەردا بسەپێنێ.

شەهید قاسملوو ڕەچاوکردنی سەربەخۆیی سیاسی بە یەکێک لە ڕەمزەکانی بەردەوامبوونی خەباتی حیزبی دێموکرات دەزانێ و دەڵێ: نابێ لە بیری بکەین کە سەربەخۆیی سیاسی و بڕیاردان بۆ ئێمە سەرمایەیەکی گەورەیە. ئەو سیاسەتەی کە خۆمان بڕیارمان لەسەر داوە، ئەگەر چەوت و هەڵەش بووبێ، مادام دەستکردی خۆمان بووە، بە ئەرزشە. چونکی پێمان وایە هیچ کەس بە ئەندازەی خۆمان لە واقعییاتی کۆمەڵی کوردستان شارەزا نیە. بۆیە هیچ کەس لێوەشاوەیی بڕیاردانی لە جیاتی ئێمە نیە. جا ئەوە چ دەوڵەتێک بێت چ لایەنێکی تەنانەت دۆستمان."

تا ئێستایشی لە گەڵ بێت حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر ڕێبازی سەربەخۆیی سیاسی و سەربەخۆیی بڕیاردان، پابەند بە بنەما مێژووییەکانی خۆی و ڕێنموونییەکانی شەهید دوکتور قاسملوویە و بۆ بردنە پێشی ئەم مێعیارانە لە سەر ئەساسی باوەڕبەخۆبوون، پشتئەستوور بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە.

## هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەک سەرمایەیەکی نەتەوەیی



شەهید دوکتور قاسملوو لە نووسینەوەی مێژووی حیزبی دێموکرات (چل ساڵ خەبات)دا بەم جۆرە باس لە هێزی پێشمەرگەی کوردستان دەکات:

"یەکێک لە دەسکەوتە هەرە گەورەکانی کۆماری کوردستان و حیزبی دێموکرات، پێکهێنانی "سوپای میللی" بوو کە بە "هێزی پێشمەرگە" ناو نرا. پێکهێنانی "سپای میللی" بەشێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات بوو. لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا هاتبوو کە هەڵسووڕانی کاروباری کوردستان دەبێ بە دەست گەلی کوردەوە بێت. حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویست بوو هەر لەو کاتەوە لە فیکری دوارۆژی پاراستنی کۆماری کوردستاندا بێ. بۆیە "سپای میللی" دامەزراند و ناوی لێنرا "هێزی پێشمەرگە"ی کوردستان."

پشتبەستن بە هێزی خۆماڵی و هەوڵدان بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان کە لە ئەدەبیاتی حیزبی دێموکراتدا بە "مان و مەوجوودیەت" ناوی هاتووە، جەوهەری فەلسەفەی بوونی"هێزی پێشمەرگە"یە. بە مانایەکی سادەتر حیزبی دێموکرات پێی وابووە کە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە ڕەواکەی، دەبێ بە دامەزرانی هێزی پێشمەرگە، کە بێگومان هەر لە ڕۆڵەکانی ئەم خاک و خەڵکە پێک دێت، پشت بە ئیرادەیەکی خۆماڵی ببەستن و، هاوکات بۆ پاراستنی دەسکەوتەکان، هەرچاویان لە هێزێک لە خۆیان بێت کە پارێزگاری لە "مان و مەوجوودیەت"یان بکات.

خودی دامەزرانی هێزی پێشمەرگە لە چوارچیوەی نیزامێکی ڕێک و پێکی وەک "سوپای میللی"دا کە لە کۆماری کوردستان و کابینەی وەزیراندا، خاوەنی وەزارەتخانە و وەزیری تایبەت بە خۆی بووە، جیا لەوەیکە شانازییەکەی بۆ حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە لە نەوعی خۆیشیدا دیاردەیەکی نوێی بزووتنەوەی سیاسیی نەتەوەیی کوردە کە داهێنەرەکەی هەر حیزبی دێموکراتە.

جێگەو پێگەی هێزی پێشمەرگە لە بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستاندا کە زۆری نەخایاند پارچەکانی دیکەی کوردستانیشی گرتەوە، ڕۆڵێکی بەرجەستە و کاریگەری لەناخ و "کەسایەتی"ی ئینسانی کورددا گێڕا.


"باوەربەخۆبوون" و "دڵنیابوون" لە "خۆپاراستن"، لە کەسایەتیی ئینسانی کورددا جێی بە بێهیوایی و دۆشدامان لێژ کرد و لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتمانیدا، "پێشمەرگە" بوو پێناسەیەکی هەردەم زیندوو بۆ خەباتی خەڵکی کوردستان لە پێناو دەستەبەرکردنی ویست و داخوازییەکانیدا.

لە درێژەی ڕەوتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا، پێشمەرگە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ "بوون"ی وەک زەرووەرەتێکی هەمیشەیی پێناسە کرا و بووبە بەشێکی دانەبڕاو لە حیزبی دێموکرات. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە پێشمەرگە چییدیکە "ئەو چەکدارە کوردە نیە کە تەنیا ئەرکی پاراستن لە دەسکەوتەکان بێت، بەڵکوو بۆخۆی بەشێکە لە بزووتنەوە و بەشێکە لە پێناسەی نەتەوەی". لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، "پێشمەرگە و خەڵک دەبنە دوو سەرمایەی سەرەکی و لێکجیانەکراوە". لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:

"لە گەڵ ئەوەیکە بۆ ئێمە وەک حیزبی دێموکرات سەرمایەی هەرە گەورەمان پشتیوانیی گەلی کوردە، بەڵام هێزی پێشمەرگەش لە گەل جیا نیە و جیاش ناکرێتەوە. بۆیە پێشمەرگە و خەڵک دوو لا نین و من پێم وایە لە جێدا قسەکردن لە یەکگرتوویی خەڵک و پێشمەرگە درووست نیە".

حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە هێزی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانەی بە یەکێک لە هۆکارەکانی سەرکەوتن و مانەوەی خۆی زانیوە و تا ئێستایشی لەگەڵدا بێت لە ماوەی نزیک بە هەشت دەیە لە خەباتی حیزبی دێموکرات بۆ دەستەبەرکردنی ویست و داخوازە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، "هێزی پێشمەرگە" بەرچاوترین ڕۆڵ و پڕتێچووترین فیداکاریی کردوە. بۆیە ئێستایش و لە داهاتوویشدا لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە "پێشمەرگە باسکی بەهێزی گەلە".

# ڕێزگرتن لە کەسایەتیی فەردیی ئینسان



بەشێک لە فەلسەفەی وجوودیی حیزبی دێموکرات وەک یەکەم ڕێکخراوی کوردی کە بە دوور لە پێڕەویکردن لە نەریت و خەسڵەتە باوەکانی تا ئەو کاتی جووڵانەوەکانی کورد لە سەر بنەمای بەکارهێنانی "ئەقڵی جەمعی" خۆی بنیات ناوە، بەخشینی کەسایەتیی ئازاد بە ئینسانی کورد بووە.

حیزبی دێموکرات کە ویستوویەتی بە مودێلێکی ئەمڕۆیی و مودێرن و، بە دوور لە خەسڵەتی خێڵایەتی، عەشیرەیی، شێخایەتی و بنەماڵە و لەسەر بنەمای دیاردەیەکی مودێرن بەناوی "حیزب" کە بەرهەمی شۆڕشێکی فکری و ئینسانتەوەری ڕۆژئاواییە، ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی مافخوازانەی کورد بکات، ڕاست بەو مانایەیە کە ویستوویەتی ڕێز لە کەرامەت و فەردییەتی ئینسانی کورد بگرێت. هەر ئەوەیکە حیزبی دێموکرات شان بە شانی بەڕێوەبردنی شۆڕشێکی سیاسیی نەتەوەیەکی حاشالێکراوی ماف زەوت لێکراو، هەوڵی داوە جەخت لە سەر کۆمەڵێک مەفاهیمی مرۆڤتەوەری وەک "دێموکراسی"، "دادپەروەری کۆمەڵایەتی"، "ئازادی"، "مافی دیاریکردنی چارەنووس" و "بڕیاردان لە سەر هەڵوێست و ڕوانینەکان بە ڕێگای هەڵبژاردن" و....بکات، ئامانجی ئەوە بووە کە ئینسانی کورد ئازاد بار بهێنرێ و کەسایەتیی پێ ببەخشێ.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە، ئینسان نەتەنیا مۆرە(کەرەسە) نیە، بەڵکوو ئامانجێکی هەرە پیرۆز و سەرەکییە. حیزب خۆی بە زەرف و کەرەسەیەک دەشوبهێنێ کە دەتوانێ وەک ئامرازێکی وڵامدەر بە قۆناغەکانی خەبات، خەباتکارە هاوئارمانج و هاوبیروباوەڕەکان لە دەوری خۆی کۆ بکاتەوە بۆ خزمەت بە ویست و داخوازەکانی کۆمەڵگەیەکی ئینسانیی کە

ئایدیاو و ویستی وەک یەکیان هەیە بە ناوی میللەتێک.

کۆماری دێموکراتی کوردستان وەک یەکەم دەسەڵاتی سیاسیی حقوقی کورد لە ماوەی یازدە مانگ دەسەڵات و خزمەتی بە کورد و کوردستان، بەرچاوترین ڕۆڵی لە بەخشینی کەسایەتی بە تاکی کورد و کۆمەڵگای کوردستان بینیوە. وەجووڵەخستنی جومگە کۆمەڵایەتییەکانی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردستان و لە هەمووی گرینگتر خۆ ئەرکدارکردن بە پاراستنی ئاسایشی ژیانی خەڵک، ڕاست بەمانای باوەڕمەندبوون بە پەرەدان بە گەشەی کۆمەڵایەتی و ڕیزگرتن لە کەرامەتی دانیشتوانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بووە. ئەوج و ئەوپەڕێ ڕێزگرتن لە پێگەی ئینسانیی و کەسایەتی بەخشین بە ئینسانی کورد لە کۆماری کوردستاندا ئەوکاتەیە کە پێشەوای حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرکۆماری کوردستان، شەهید قازی محەممەد، چارەنووسی خۆی بە خەڵکەکەیەوە گرێ دەدات و بۆ پاراستنی ئەوان، خۆی بەدەستەوە دەدات و هەر لەم پێناوەدا لە سێدارە دەدرێ.
ئەم لایەنە لە ڕوانین و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پەیدابوونی کەسایەتییەک بە ناوی عەبدولڕەحمان قاسملوو دەبێتە بەرنامە و باوەڕێکی چەسپاو و تا ئێستاش حیزبی دێموکرات خۆی لەبەرانبەریاندا بە خاوەن و بەرپرس دەزانێ. لە حیزبی دێموکراتدا تاک، هاوکات لە گەڵ پێناسەکردنی ئەرکەکانی بە ڕوونی دەستنیشانی مافەکانی کراوە.
لە ڕوانگە و خوێندنەوەکانی حیزبی دێموکراتدا، "تاک" لە گەڵ مەفهوومی "ئازادی" ناوی هاتووە. لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو ڕوو بە ئەندامانی حیزبەکەی و پێشمەرگەکان ڕاشکاوانە دەڵێ: "هیچ نێعمەتێک لە جیهاندا لە "ئازادی"" بەنرختر نیە. ئازادی کەرامەت و شەخسییەت دەدا بە ئینسان. ئازادییە کە ڕێگە نادات ئینسان بکرێت بە مۆرە. ئینسان دەبێ لە حاڵەتی مۆرە بێتە دەر و ببێتە شەخسییەت و ببێتە "فەرد"ێکی زیندوو و چالاکی نێو کۆمەڵ".
لە سەر ئەساسی ئەم تێفکرینانە بۆ پێگەی "فەرد" لە حیزبی دێموکراتدا، دەربڕینی بیروبۆچوون - تەنانەت بیر و بۆچوونی مخالفی هەڵوێستی ڕەسمیی حیزبی دێموکراتیش - ڕێگە پێدراو و ئازادە. ئەم تێڕوانینانە لە حیزبی دێموکراتدا کە بنەمایەکی مرۆڤتەوەرانەی هەیە تا دێ چەسپاوتر دەبن. بۆیە لە قۆناغەکانی دواتری ئەم حیزبەدا و دوای نەمانی شەهید دوکتور قاسملووش، مافی ئازادیی ڕادەربڕینی تاک، پاراستنی مافی کەمایەتیی فکری و سیاسی و... لە حیزبی دێموکراتدا چەسپاوە و بڕیاری لە سەر دراوە.
هەروەک لە سەرەتاوە ئاماژەی پێ کرا حیزبی دێموکرات، دەسەڵاتی کۆماری کوردستان و پێشەوای شەهید لە بنیاتنانەوەی کەسایەتیی تاکی کورددا ڕۆڵێکی جەوهەری و سەرەکییان گێڕاوە، بەڵام ئەوەی ئەم ڕێبازەی تێکەڵ بە کۆمەڵێک مەفاهیمی دیکەی ئۆمانیزم کرد و لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتدا چەسپاندی و کردی بە دەستوورێکی یاسایی حاشاڵێنەکراو، شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو بوو.

## پشتیوانی لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان



پشتیوانییکردن لە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەک ئوسوول و پرنسیپێکی نەگۆڕ چەسپاوە. بۆیە لە سەر ئەم خوێندنەوە گشتی و بنەڕەتییە کە، "گەلی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان و کورد لە هەر شوێنێک بێت، ئەندامی یەک نەتەوەن"، حیزبی دێموکرات لە خەباتی ڕەوای نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بۆ دابینکردنی ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانی پشتیوانی دەکات".

باوەڕی حیزبی دێموکرات بە پشتیوانی لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان، تەنیا ئیدیعایەکی ڕووتی سیاسی نەبووە و نیە، بەڵکوو لە گەڵ ئەوەیکە وەک پرنسیپ لە بەرنامەی حیزبدا تۆمار و سەبت کراوە، بە کردەوە ئەم باوەڕە سەلمێندراوە. "هەر چەند مانگ دوای دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و پێش ئەوەی کۆماری کوردستان ڕابگەیەندرێ، بارزانییەکان لە باشووری کوردستانەوە بە بەڕێوەبەری سیاسیی مەلا مستەفا بارزانی و بەڕێوەبەری ئایینیی شێخ ئەحمەدی بارزانی لە دەست زوڵم و زۆری ڕێژیمی کۆنەپەرەستی نووری سەعید، خۆیان دەرباز کرد و خۆیان گەیاندە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، پێشەوای حیزبی دێموکرات، شەهید قازی محەممەد و بەڕێوەبەری حیزب بڕیاری هاوکاری و لەخۆگرتنی بۆ دەرکردن". لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو لە نووسینەوەی مێژووی حیزب(چڵ ساڵ خەبات)دا دەڵێ: "بە پێی ئوسوول و سیاسەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، زۆر بە گەرمی پێشوازی لە بارزانییەکان کرا و بە پێی ئیمکاناتی ئەوکاتە لە هێندێک ناوچە بوون بە پێشمەرگە لە سوپای میللیدا. مەلا مستەفا دەرەجەی ژنراڵی درایە و کرایە فەرماندەری هێزی پێشمەرگەی کوردستان."

پشتیوانی لە خەباتی نەتەوایەتیی گەلی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان لە هێندێک بڕگەی مێژوویدا هێندە پڕڕەنگ و دەروەستانە خۆی لە ڕەفتار و سیاسەتی حیزبی دێموکراتدا دەنوێنێ کە، کەسی یەکی ئەم حیزبە بەکردوە دەبێتە بەشێکی ئەساسی لە هەوڵی چارەسەری لە نێوان بزووتنەوەی کوردی بەشێکی دیکەی کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی. لە شەستەکانی هەتاوی و هەشتاکانی زایینیدا، ئەوە شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات بوو کە یەکەم هەنگاوەکانی لە پێوەندی لە گەڵ وتووێژی ڕێبەرانی کوردی باشووری کوردستان لە گەڵ دەوڵەتی عێراق هەڵێنایەوە و لە چەند دانیشتنی نێوان هەیئەتەکانی نوێنەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و دەوڵەتی ئەوکاتی عێراقدا، ڕۆڵی نێوبژیوانی گێڕا.

دانپێدانان و چەند جار باسکردنی دۆستە بیانییەکانی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە شەهید دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات لە پێوەندییە دیپلۆماسییەکانیاندا هەمیشە سەرنجی حیزب و دەوڵەت و کەسایەتییە بیانییەکانیان بۆ لای پرسی کورد لە هەموو بەشەکانی کوردستان ڕادەکێشاوە و داوای پشتگیری و پشتیوانییان بۆ لێ دەکردن. بەشداریی و بوونی بەشێکی زۆر لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان لە یەکێک لە گەورە ڕێکخراوە جیهانییەکانی وەک ئەنترناسیونال سۆسیالیست وەک ئەندام و چاودێر، شانازییەکەی بۆ شەهید دوکتور قاسملوو و حیزبی دێموکرات دەگەڕێتەوە.

ئەم ڕێبازە بۆ حیزبی دێموکرات - کە بناغەکەی شەهید دوکتور قاسملوو دایمەزراندووە - شانازییەکی گەورە و گرانە کە ئەساسی پێوەندیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەشکراوە، نەتەنیا لە سەر حیسابی خەڵک و بزووتنەوەی ئەو بەشانەی کوردستان نەبووە، بەڵکوو ڕاست لە سەر ئەساسی هەوڵدان لە پێناو پاراستنی بەرژەوەندی و "قسەی خێر" کردن بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی بووە.
پشتیوانیی بێئەملاوئەولای سیاسیی حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە باشوور کە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێ لێکەوتە و تێچوو نەبووە، بەشێکە لە باوەڕ و پرنسیپەکانی ئەم حیزبە.
خۆ بە ئەرکدار زانینی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە پشتیوانی لە بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە باوەڕی قوڵی نەتەوەیی ئەم حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە دوورەدیمەنی ڕوانین و ئامانجی درێژخایەنیدا ڕەنگی داوەتەوە و پێی وایە؛ "کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە".

# وتوێژ وەک پرنسیپ و شێوەیەک لە خەبات



هەر لە سەردەمی کۆماری کوردستاندا، پێشەوای حیزبی دێموکرات و سەرۆکۆماری کوردستان، شەهید قازی محەممەد دووجار سەردانی تارانی کرد و لە گەڵ نوێنەرانی ڕێژیمی پاشایەتیی محەممەدرەزا شا کەوتە وتوێژەوە. بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا بە حوکمی ماهییەتی ئاشتیخوازانەبوونی، باوەڕ بە "وتوێژ" وەک "پرنسیپ" و " شێوازێک لە
خەبات" چەسپاوە.

لە پێوەندی لە گەڵ هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران و چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کورد لە ئێران لە ڕێگای وتوێژی ئاشتیخوازانەوە، پێش ئەوەی خومەینی بگەڕێتەوە ئێران، دەستەیەکی نوێنەرایەتیی حیزبی دێموکرات خۆیان گەیاندە شوێنی دانیشتنی ناوبراو لە نەجەف و داوای چاوپێکەوتنیان لێ کرد، بەڵام خومەینی ئەو داوایەی قبووڵ نەکرد. کاتێکیش خومەینی لە "نۆفل لۆشاتۆ"ی پاریس دەژیا، دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات چووە سەردانی و هەوڵیدا قسەی لەگەڵ بکات. دواتریش لە ساڵەکانی سەرەتای شۆڕشدا حیزبی دێموکرات و شەهید قاسملوو و دواتر هەیئەتی نوێنەرایەتیی خەڵکی کوردستان لە چەند قۆناغی جیاوازدا لە گەڵ دەوڵەت و ڕێژیمی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامی کەوتنە وتوێژەوە کە بەداخەوە دەرکەوت، ڕێژیم باوەڕی بە چارەسەری ئاشتیانەی "کێشە"ی کورد نیە.

لە گەڵ ئەوەیکە حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی سیاسیی خەڵکی کوردستان و لە هەمووان زیاتر دوکتور عەبدولڕەحمان

قاسملوو هیچ گومانێکیان لە ماهییەتی شەڕخوازانە و دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران نەبوو، بەڵام دیسانیش "وتوێژ" وەک پرنسیپێکی سەردەمیانەی خەبات سەیری دەکرا و لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، : "وتوێژ بە شێوەیەک لە خەبات" خوێدنەوەی بۆ دەکرا.


**بۆیە لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:**

**"لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا هیچکام لە داخوازییە بنەڕەتییەکانی ئێمە دەستەبەر نابن. بەڵام حیزبی دێموکرات وەک نوێنەری زۆربەی خەڵکی کوردستان هەر کات بە پێویستی بزانێ، حەقی خۆیەتی لە پێناوی گەیشتن بەداخوازییەکانی گەلی کورد لە گەڵ ئەم ڕێژیم یا ئەو ڕێژیمدا وتوێژ بکات. چونکی وەک بنەمایەک ئێمە وتوێژ بە شێوەیەک لە خەبات دەزانین."**

پێداگریی لە سەر ئەسڵی "وتوێژ" لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە هەر وەک لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی بۆ کۆنگرەی شازدەدا بە دروستی ئاماژەی پێ کراوە - "لە نێو کۆمەڵگەی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەنێو ڕیزەکانی حیزبی ئێمەشدا بیروڕای جیاوازی لەسەرە" - بەڵام بەستراوەییەکی ماهەوی بە پێناسەی "ئاشتیخوازانە" بوونی خەباتی نەتەوایەتیی نەتەوەی کوردەوە هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە وڵامێکی لۆژیکی و سیاسیی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستانە بە خوێندنەوەی پڕ لە "غەرەز"ی دەسەڵاتە ناوەندگەراکانی تاران لە خەباتی مافخوازانەی کوردستان. ڕێژیمەکانی دوژمن بە ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان هەمیشە هەوڵیان داوە لە ژێر هژموونیی "ڕوانینی ئەمنیەتی"ی خۆیان بۆ "کورد و کوردستان"، ماهییەتی خەباتی ڕەوای نەتەوایەتیی کورد بە شەڕاژۆ، تێرۆریستی و دژەشۆڕش و... ناوزەد بکەن. بۆیە هەڵکردنی ئاڵای "وتوێژ" لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە بەرانبەر بە ئەقڵییەت و تێفکرینە دژگەلییەکانی تاران، نەتەنیا بە مانای "سازش" لەسەر داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان و "دابەزاندنی" ئاستی داخوازییەکان و "تەسلیمتەڵەبی" نیە، بەڵکوو هەڵوێستەکردنێکی سیاسییە بەرانبەر بە گوتاری "شەڕەخوازی" و تێفکرینی دژگەلیانە.

هەرچەند باوەڕمەندبوون و پێداگری لە سەر ئەم "ڕێباز"ە بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان و بزووتنەوەی سیاسیی کورد قورسترین و قەرەبوونەکراوەترین تێچووی لێ کەوتۆتەوە و، لێهاتووترین ڕێبەر، شەهید دوکتور قاسملوومان هەر لەم پێناوە و هەر لەم ڕێبازە و هەر لە سەر مێزی "وتوێژ" لە دەست دا، بەڵام دیسانیش حیزبی دێموکرات لەو باوەڕەدایە کە، "دەگەڵ ئەوەی حاشای لێ ناکرێ کە ڕێژیم پێش هەموو شتێک - لە پێوەندی لە گەڵ داوای وتوێژ لە گەڵ ئێمە - بەدوای زەربەوەشاندن لە حیزب و کێشەنانەوە لە نێو حیزبەکانی ڕۆژهەڵات و ئەو جۆرە ئامانجە دژی گەلیانەدا دەگەڕێ، وەک پرنسیپ و شێوازێک لە خەبات، نابێ وتوێژ و دانووستان ڕەت بکەینەوە و هەر لەو کاتەدا دەبێ وشیاری نەخشە و پیلانەکانی کۆماری ئیلامی بین".

## چەسپاندنی یەکێتیی فکری و سیاسی



نەبوونی "یەکێتی فکری و سیاسی" لە بزووتنەوەکانی کورددا بە یەکێک لە هۆکارە هەرە بەرچاوەکانی تێکشکان و سەرنەکەوتنەکانی بزووتنەوە دێتە ئەژمار. هەرچەند حیزبی دێموکراتی کوردستان لە مێژووی نەتەوەی کورددا بۆ یەکەم جار وەک حیزبێکی پێشکەوتوو و خاوەن بەرنامەی سیاسی پێک هاتبوو، بەڵام خەڵتەیەک لەم خەسڵەتە کۆمەڵایەتی و کلتووره مێژووییەی هەر تێدا بەدی دەکرا و زۆری کێشا تا لە ڕێزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە سەر ئەساسی ئەو باوەڕە نەتەوەیی و دێموکراتیکەی کە بۆی دامەزرابوو، ئەم کەمایەسییە چارەسەر بکرێ و وەک ڕێکخراوێکی بتەو و ساغبووەوە، "یەکێتیی فکری و سیاسی"ی خۆی بچەسپێنێ.

دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو، لە سەردەمی سکرتێریی خۆی لە حیزبی دێموکرات و تەنانەت پێشتریشدا لەوانەیە یەکەم کەس بووبێت کە هەستی بەم کەمایەسییە فکری و تەشکیلاتییە لە حیزبدا کردبێ. بۆیە بە نووسینەوەی بەرنامە بۆ حیزب لە سەرەتاکانی دەیەی پەنجای هەتاوی و، دژایەتیکردنی لە گەڵ پرش و بڵاویی فکری لە ڕێزەکانی حیزبدا، هەموو هەوڵێکی داوە کە "یەکێتی فکری و سیاسی" لە حیزب دا دەستەبەر بێت و چەسپاو بێت.

بۆ یەکەمجار کە بۆ کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ڕەزبەری ١٣٥٢ی هەتاویدا، "بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران) دەنووسێتەوە و لە کۆنگرەدا پەسەند دەکرێ، دوکتور قاسملوو بە نووسینەوەی ڕێبازێکی فکری و تەشکیلاتیی ڕوون، کار لە سەر هەوڵدان بۆ چەسپاندنی "یەکێتیی فکری و سیاسی" لە حیزبدا دەکات. هەر لەم پێوەندییەدا

لە بەشی "پێڕەوەی نێوخۆی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەم" بە ڕوونی لە یەکێک لە خاڵەکانی بەندی سێهەم کە تایبەتە بە ئەرکەکانی ئەندامی حیزبدا هاتووە؛ "ئەندامی حیزب بە هەموو هێز و توانایەوە" یەکێتیی تەشکیلاتی و فکری"ی حیزب بپارێزێ".

ئەم ئەسڵە لە کاری حیزبی و ڕێکخراوەیی کە نەبوونی دەتوانێ خاڵێکی هەر لاوازی بزووتنەوە بێت، بۆ حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو گرینگییەکی تایبەتی پەیدا دەکات. بۆیە لە قۆناغە جۆراوجۆرەکانی خەباتی حیزبدا بێ‌پسانەوە هەوڵ بۆ چارەسەرکردنی دەدرێ. لەم پێوەندییەدا دوکتور قاسملوو، بە هیچ شێوەیەک سازشی لە گەڵ ناکرێ و لە چسپاندنی ئەم ئەسڵە(یەکێتی فکری و تەشکیلاتی)دا سەرسەختانە پێداگری دەکات و ئامادەیە هەموو تێچوویەکی تەشکیلاتیش قبوول بکات. بۆیە لە نووسینەوەی مێژووی حیزبی دێموکرات(چل ساڵ خەبات)دا ڕاشکاوانە دەڵێ: **"نوقتە زەعفێکی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و بەتایبەت بەرێوەبەرییەکەی ئەوە بووە کە یەکێتیی فکری و سیاسیی تێدا نەچەسپابوو."**

هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی "یەکێتی فکری و سیاسی" لە نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا، قۆناغی جۆراوجۆری بڕیوە. هەر بەم بۆنەوە حیزبی دێموکرات لە چەند بڕگەیەکی مێژوویی‌دا تووشی لێکدابڕان و کێشەی نێوخۆیی بووە. دوکتور قاسملوو کە بۆ ماوەی نزیک بە هەژدە ساڵ کەسی یەکەمی ئەم حیزبە بووە، زۆرترین ڕۆڵ و بەرکەوتنی لەم نێوەدا هەبووە. ناوبراو هەر لە ڕاوەستان بەرانبەر بە بیر و باوەڕی "ناسیونالیستی بەرچاوتەنگ" و "سنووربەندیی نێوان جۆرەکانی خوێندنەوە بۆ ئامانجی دوارۆژی حیزب، بە نووسینەوەی "کورتەباسێک لە سەر سۆسیالیزم" و چەسپاندنی "سۆسیالیزمی دێموکراتیک"، هەموو هەوڵێکی خۆی دا کە لەحیزبدا "یەکێتی فکری و سیاسی" بچەسپێنێ.


"یەکیتیی فکری و سیاسی" لە حیزبی دێموکراتدا بە هیچ شێوەیە بە مانای "یەکدەستکردن"ی ڕیزەکانی حیزب نیە. بە واتایەکی روون و سادەتر؛ بوونی یەکێتیی فکری و سیاسی لە حیزب دێموکراتدا بەو مانایە نیە کە هەموو ئەندامانی حیزب وەک یەک لە سەر پرسە سیاسییەکان بیر بکەنەوە و تەبەعییەت لە خوێندنەوەیەکی تایبەتی سیاسی بکەن. چونکی ئەوە نەتەنیا بۆ هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی دێموکرات دەست نادات، بەڵکوو لە بنەڕەتڕا نادرووستە و ئەگەر وابوو، ئەوە جیا لە دیکتاتۆری و ملراکێشان بۆ دیکتاتۆری ناتوانێ شتێکی دیکە بێت.

**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو بە ڕوونی دەڵێ:**


"بتەوکردنی "یەکێتی سیاسی و فکری"، ئەرکێکی بنەڕەتییە کە دەکەوێتە سەرشانی هەموو ڕێکخراوە حیزبییەکان.

دیارە هەموو ئەندامانی حیزب لە بارەی مەسەلە سیاسییەکان وەک یەک بیر ناکەنەوە. ئامانجیش ئەوە نیە کە وەک یەک بیر بکەنەوە. چونکی ئەوە نە مومکینە و نە بە قازانجی تێکۆشانی حیزبیشە. مەبەست لەو یەکێتیە، ئەستاندنەوەی داهێنانی فکری لە ئەندامانی حیزبی نیە. بیر و باوەڕی جیاوازی دێموکراتیکی ئەوان، کلیلی چارەسەریی دروستی گیروگرفتەکانی حیزب بۆ بەرەوپێشچوونیەتی. بەڵام ناکرێ ئەندامی حیزبی دێموکرات بین و پێڕەوی لە زەمینەی فکریی حیزب و سازمانێکی دیکە بکەین".

---



## باوەڕمەند بوون بە دێموکراسی، وەک ئامانجێکی بەرزی سیاسی



"بزووتنەوەی کورد لە ڕەوتی خۆی دا هەمیشە نەبوونی دیموکراسی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە". بە سەرنجدان بە ماهییەت و تێڕوانی نادێموکراتانەی ڕێژیمەکانی زاڵ بە سەر کوردستاندا، حیزبی دێموکرات لەو باوەڕدا بوو کە پێویستە سەرەتا بەستەرێکی دێموکراتیک بۆ دابینبوونی داخوازییە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان بوونی هەبێت. ئەم بەستەرە دێموکراتیکەیە کە دەتوانێ زامنی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان بێت. "بۆیە درووشمی هەرە ئەساسیی حیزبی دێموکرات، "دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان" بوو. هەر وەک شەهید دوکتور قاسملوو باسی لە سەر دەکات، "ئەم درووشمە بە هەڵکەوت یان بە تەسادوف هەڵنەبژێردراوە. ئەو درووشمە پاش لێکۆڵینەوەیەکی دووردرێژ هەڵبژێردراوە. ئەو داخوازیانەی حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی کورد خەباتی بۆ دەکات، پێویستی بە زەمانەتێکی ئیجرایی هەیە، کە ڕوانگەی ئێمەوە "دیموکراسی" دەتوانێ پشتیوانەیەکی بەهێز بێت بۆ دابینبوونی داخوازییەکانمان".

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە "دێموکراسی" تەنیا درووشمێکی ئەبزاری و ڕواڵەتی نیە، بەڵکوو ئامانجە. چونکی ئەوە تەنیا بوونی دێموکراسییە کە دەتوانێ پارێزگاری لە دەسکەوت و نیزامی خۆبەڕێوەبەریی لە کوردستان بکات. پێشخستنی "دێموکراسی بۆ ئێران" لە درووشمی بنەڕەتیی حیزبدا، بە مانای ڕێخۆشکردن و ئامادەسازیی بۆ دابینبوونی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی "خودموختاری یان فیدراڵی" دایە.

لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "دێموکراسیمان بۆیە دەوێ، چونکی هەم خودموختارییەکەمان دەپارێزێ هەم خۆمان حیزبێکی دێموکراتین و ئیمانێکی قووڵمان بە دێموکراسی هەیە، بۆیە دێموکراسی بۆ ئێمە وەک حیزبێکی دێموکرات، هەدەفە".

لە قۆناغی ئێستادا کە درووشمی حیزبی دێموکرات و بەشێکی زۆر لەحیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان "فیدرالیزم"ە، مەسەلەکە هەروەک خۆیەتی و لەنێوەرۆکدا گۆڕانێکی ئەوتۆی تێدا پێک نەهاتووە. لە "وەدیهێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدرال"دا، کە درووشمی ئیستراتێژیی حیزبی دێموکراتە، چەسپاندنی دێموکراسی لە ئێران - ئەو بەستەر و زەمینە سیاسییەی کە ئێمە وەک کورد داوای مافەکانمانی تێدا دەکەین - ئامانجە. چونکی دەسەڵاتێک کە نەتوانێ دێموکرات بێت و لە سەر ئەساسی دێموکراسی دانەمەزرابێ، ناتوانێ دان بە مافە ڕەوا و دێموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستاندا بنێت و ئەگەریش بە ناچاری دانی پێدا بنێت، مادام باوەڕی بە دێموکراسی نەبێت، هەمیشە هەڕەشەیە و هیچ زامانەتێک بۆ پاراستنی مافە وەدەستهاتووەکان، بوونی نابێت.

بە نسبەت دەسەڵاتی ناوەندگەرای ئێرانی و زاڵبوونی بیری ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەلات و تەنانەت لەلایەن بەشێک لە ئوپۆزیسیونی سەراسەری و ڕووناکبیرانی ئێرانیشەوە کە بەردەوام حاشا لە مافی نەتەوەکانی ئێران و یەک لەوان کورد دەکەن، پێداگری لە سەر دێموکراتیکبوونی دەسەڵاتی داهاتووی ئێران پێویست و حەیاتییە.

هەر بەهۆی ئەو ڕوانگە تەواویەتخوازانەی توێژی دەسەڵاتدارەوەیە کە تەنانەت باسی دێموکراسییش لە پێوەندی لەگەڵ پرسی نەتەوایەتی لە ئێران دا، خوێندنەوەیەکی چەواشەکارانەی بۆ دەکرێ. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەمیشە پێی وایە: "بزووتنەوەی کورد لە ڕەوتی خۆی دا هەمیشە نەبوونی دیموکراسی بە هۆکارێکی گرینگی چارەسەرنەکرانی مەسەلەی کورد داناوە. ئەزموونەکانی رابردوو دەری دەخەن کە نەتەوەی کورد بەردەوام خوازیاری چارەسەری دیموکراتییانەی مەسەلەی نەتەوەیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بووە و ئێستاش هەر لەو باوەڕە دایە".

ڕوانین و سیاسەتی دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات بەرانبەر بە داهاتووی ئێران و خەبات بۆ چارەسەری دێموکراتیکی پرسی نەتەوەیی لە کوردستان کە بە گشتی لە باوەڕی بە "دێموکراسی"دا کۆ بۆتەوە، ئەسڵێکی دانەبڕاو لە ناو و نێوەرۆکی ئەم حیزبەیە.

دێموکراسی لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە تەنیا ڕەهەندێکی دەرەوەی حیزبی نیە کە تەنیا تایبەت بێت بە شێوەی ڕوانینی بۆ چوارچێوەی دەسەڵاتی سیاسی لە ناوەند یان دەسەڵاتی خودموختار یان فیدراڵ لە کوردستان، بەڵکوو ڕەهەندێکی قوڵی ئەم تێفکرینە، تایبەتە بە نیزام و قەوارەی نێوخۆیی ئەم حیزبەش و لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات تا ئێستایشی لە گەڵ بێت یەکەم ڕێکخراو و حیزبی سیاسیی کورد و ئێرانییە کە لە ڕێبازێکی راستەقینەی دێموکراتیکدا ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان دەکات.

---



## تەنیا دێموکراسییە کە کلیلی چارەسەریی درووستی کێشەکانە



یەکێک لە هۆکارە بنەڕەتییەکانی پێکهێنانی حیزبی دێموکرات، "دێموکراسی"یە. حیزبی دێموکرات کە مودێلێکی دیکە و ئەمڕۆژیانەتر لە بزووتنەوەکانی ڕابردووی کوردە، لە سەر ئەساسی کۆمەڵێک مەفاهیم، نۆرم، ئەرزش، تێڕاونین و کلتووری سیاسیی نوێ، خۆی پێناسە کرد. هەموو ئەمانە تەنیا "ئیدیعا" و خۆڕانان نەبوو، بەڵکوو دامەزرانی کۆماری کوردستان و جۆری بەڕێوەبەریی کۆمار و دەسکەوت و خزمەتەکانی ئەم کۆمارە کە ڕاستەوخۆ لە لایەن پێشەوای حیزبی دێموکراتەوە سەرکۆماریی دەکراو، بەڕێوەبەرانی حیزب بەڕێوەیان دەبرد، سەلمێنەری ئەو ڕاستیەن کە حیزبی دێموکرات هەر چەند مانگ دوای دامەزرانی، سەلماندی کە وەک ئیدیعای دەکات، جیاواز و مودێرنە.

لە ماوەی ١١ مانگی دەسەڵاتی کۆماری کوردستاندا نەتەنیا یەک کەسیش لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە بە هۆی دەربڕینی بیروبۆچوونی جیاوازەوە دەستبەسەر و لێپێچینەوەی لە گەڵ نەکرا، بەڵکوو شەخسی قازی محەممەد وەک سەرۆکۆماری کوردستان قەتی ئیزن نەدا بەرانبەر بەو شاعیر و نووسەرانەی کە تانە و تەشەر و بۆختانیان بە خۆی دەکرد، هیچ چاو لێ سوورکردنەوە و بێڕێزییەک بکرێ.

تێگەیشتنی حیزبی دێموکرات بۆ دێموکراسی بە پلەی یەکەم تێکەڵ بە تێگەیشتن لە قازانج و بەرژەوەندییەکانی خەڵک و کۆمەڵگە و لە پلەی دووهەمدا تێکەڵ بە تێگەیشن بە چۆنیەتی بەرەپێشچوونی ڕەوتی خەبات لە حیزبدا کراوە. گومان لەوەدا نیە کە لە هەموو حیزب و ڕێکخراوێکی سیاسییدا کێشەی فکری، تەشکیلاتی و ڕاهبوردی کە هەر هەموویان زادەی تێگەیشتن و بیروبۆچوونی جیاوازی ئەندامان و پێکهێنەرانی ئەو حیزب و سازمانەن، هەیە و دەبێ. حیزبی دێموکراتیش

وەک هەمـوو ڕێکخراوێکـی سیاسـی، کێشـەی جۆراوجـۆری فکـری، تەشـکیلاتی و ڕاهبـوردی هەبـووە کە ڕاسـت بە پـێچەوانەی ڕێکخراوە ئیدئۆلۆگ و دوگمەکـان، پێڕەویکـردن لە دێموکراسی وەک "کلیلـی چارەسـەریی کێشـەکان"، توانیـویەتی لە قەیرانی چـاوەڕواننەکراو بپـاڕێزێ. بـۆیە لە حیزبـی دێموکراتـدا بـوونی جۆراوجـۆریی بیرکـردنەوە و تێـڕوانین بـۆ پرسـە سیاسـی و فکرییەکان ڕاست بە قازانجی بەرەوپێشچوونی حیزب خوێندنەوەی بۆ کراوە.

**شەهید دوکتور قاسملوو لەم پێوەندییەدا دەڵێ:**

**"بوونی بیروبۆچـوونی جیاواز لەنێـو ڕیزەکـانی حیزبـدا نە تەنیا بە خـراپ نازانین، بەڵکـوو بە کلیلـی چارەسـەرکردنی دروستی گیروگرفتەکانی دەزانین کە دەبێتە هۆی بەرەپێشچوونی حیزب".**

حیزبـی دێمـوکرات کە "دێموکراسـی" بە یەکێـک لە هۆکـارە بنەڕەتییەکـانی پێکێنـانی خـۆی دەزانـێ، چ لە بەرنـامەی سیاسـی خۆیدا بۆ چۆنیەتی دەستەبەرکردنی مافە نەتەوایەتییەکـانی خەڵکی کوردسـتان لە ئێـران کە بـاوەڕی وایە ئەو ئێـرانە پـێش هەموشـتێک دەبـێ "دێموکراتیـک" بێت، چ لە مناسـباتی دەروون تەشکیلاتی خۆیـدا پێـداگری لە سـەر دەکـات و بەشـێکە لە مـاهییەتی سیاسـی و ڕێکخراوەیـی ئەم حیـزبە. بـۆیە لە هـیچ حاڵەتێکـدا حیزبـی دێمـوکرات ئامـادە نـیە واز لە خەبـات بـۆ دێموکراسـی و خەبـاتی دێموکراتیـک لە پێنـاو ویسـت و داخـوازییە نەتەوایەتییەکـانی خەڵکـی کوردسـتان بهێنـێ و، لە مێژە ڕاشکاوانە لە لایەن شەهید دوکتور قاسملوو، ڕێبەری ئەم حیزبەوە ڕاگەیاندراوە کە؛


**"هەرگیز خەبات بۆ دێموکراسی نابێ بچێتە ژێر سێبەری خەبات بۆ مافی نەتەوایەتی یان خەباتی چینایەتی. چونکە ئەوە هۆی بنەڕەتیی پێکهاتنی حیزبی دێموکراتە و تا حیزبی دێموکرات ماوە، دێموکراسی مەبەست و ئامانجیەتی.**

حیزبی دێموکرات کە وەک پڕسیپ و ئوسوول دەڕوانێتە دێموکراسی، نەتەنیا بۆ لەحزەیەک لەم ڕێبازە غافڵ نەبووە، بەڵکوو قۆنـاغ بە قۆنـاغ لە ژیـانی ڕۆژانەی خۆیدا کاری لە سـەر بەکلتـوورکردنی دێموکراسی کـردوە و، لە بەرزتـرین ئۆرگـانی خۆیـدا هەوڵی داوە ئەم ئەسڵە لە ڕەفتاری تـاکی حیزبـیدا بە زینـدوویی ڕابگرێ و بیکـاتە بەشـێک لە کەسـایەتیی ئەنـدامانی ئەم بنەماڵەیە.

**بۆیە پێداگرانە لە سەر ئەم وتەیەی شەهید دوکتور قاسملوو جەخت دەکەینەوە کە؛**

**"ئێـمە دێموکراتین و دەبـێ تـا سـەر دێمـوکرات بین. نـابێ لە بیرمـان بچـێ کە ئەگـەر هەنگاوێـک بەرەو لەژێـر پێنـانی دێموکراتی بڕۆێن، تازە بەرەو دیکاتۆری ڕۆیشتووین و گەڕانەوە دژوارە".**

## بەرەنگاریی پێشمەرگانە (چەکداری)



حیزبی دێموکراتی کوردستان کە لە "شار" دەمەزراو و "لە مەودایەکی کەمدا توانی لکی خۆی لە شارەکانی کوردستانی ئێراندا بکاتەوە" و بە پەیامی "ئاشتیخوازانە"، بوونی خۆی ڕابگەیەنێ و لە ماوەی کەمتر لە چەند مانگدا "کۆماری دێموکراتی کوردستان"ی ڕاگەیاند، دیاربوو کە دامەزرانی "سپای میللیی کوردستان"(هێزی پێشمەرگە)ی تەنیا بۆ "پاراستن"ە و هیچی دیکە. لە قۆناغەکانی دواتری خەباتیشدا، چەک و بوونی هێزی پێشمەرگە تەنیا بۆ "دیفاع لە مان و مەوجوودیەت"ی خاک و خەڵکی کوردستان بووە.

هەڵگرتن و بەکارهێنانی چەک لە حیزبی دێموکراتدا تەنیا "دژکردەوەیەکی ئیجباری" بووە و لە بڕگە و زەمەنی جیاوازدا و بەناچاری، چەک و "بەرهەڵستکاریی چەکدارانە" تەنیا ڕێگایەکی مومکین بووە. بەتایبەت دوای هاتنەسەرکاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کە نە تەنیا بە هیچ شێوەیەک ئامادە نەبوو گوێبیستی ویست و داخوازییە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات لە ڕێگای ئاشتیخوازانەوە بێ، بەڵکوو بە دەرکردنی فەرمانی "جیهاد" وەڵامی دانەوە، ڕاگەیاندنی "بەرەنگاریی پێشمەرگانە" لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، وەڵامێکی لۆژیکی و شۆڕشگێڕانەبوو.

بەرەنگاریی چەکدارانەی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان بەرانبەر بە سیاسەتی دژیگەلیانەی دەسەڵاتی ناوەندگەرای کۆماری ئیسلامی لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، لە سەر بنەمای "گەیشتن بە چارەسەری ئاشتیخوازانە"ی پرسی کورد بنیات نرا. حیزبی دێموکرات لە پێناسەی خەباتی پێشمەرگانەدا کە لە لایەن شەهید دوکتور

قاسملوو، سکرتێری ئەو کاتی حیزبەوە کرا، زۆر بە ڕوونی و ڕاشکاوانە نیوەرۆک و ئامانجی ئەم خەباتەی بۆ خەڵک ڕوون کردوە. لەم پێوەندییەدا، لە ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب بۆ کۆنگرەی پێنجەدا کە ١٥ی سەرماوەزی ١٣٦٠ بەستراوە، هاتووە:

"پێش هەموو شتێک دەبێ نێوەرۆک و ئامانجی ئەو شەڕە کە پێشمەرگەی کوردستان دەیکات، دیاری بکرێ. نابێ لەبیرمان بچێ کە پێشمەرگە لە پێناو وەدەستهێنانی ئەو ئامانجانەی گەلی کورد دا خەبات دەکات کە دوژمنانی ئازادی حازر نەبوون بە ئاشتی قبووڵیان بکەن و بۆ سەرکوتکردنی داخوازییەکانی گەلی کورد پەلاماریان هێناوە و شەڕیان بەسەر خەڵکی کوردستاندا سەپاندووە. کەوابوو شەڕی پێشمەرگە، شەڕە بۆ دیفاع لە ئازادی، شەڕە لە پێناو مافێکی ڕەوادا و لە ئاکامدا شەڕە بۆ گەیشتن بە ئاشتییەکی سەربەرزانە و عادڵانە".

ئەم شێوە خەباتە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستاندا کە لێکدانەوەی جۆراوجۆر و جیاوازی بۆ کراوە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە بە شێوازێکی ڕەوا و بەرحەق لە خەبات دێتە ئەژمار و خەباتی چەکداریی لە مێژووی تێکۆشانی خۆیدا بە "لاپەڕەیەکی زێڕین" لە تێکۆشان بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان دەزانێ. لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:

"کاتێک لە وڵاتێکدا سەرەڕۆیی دەسەڵاتدار بێ، ئازادییەکان پێشێل بکرێن و مافە ئینسانییەکان بایەخیان بۆ دانەنرێ، خەڵکی ئەوینداری ڕزگاری و عەداڵەت ڕێگایەکی دیکەیان بێجگە لە پەنابردن بۆ چەک نامێنێتەوە. مادام ڕێژیمی خومەینی دەرەتانی خەباتی سیاسی لە نێوخۆی وڵات بۆ نەهێشتووینەوە و شێوەی ئەسڵیی خەباتمان چەکدارییە، زۆر بە جێیە کە بەشی هەرەزۆری تێکۆشانی ئێمە بۆ ڕێک وپێککردن و بەهێزکردنی چەندی و چۆنیی پێشمەرگەکانمان تەرخان بکەین و زۆربەی ئیمکاناتی حیزبیش لە خزمەتی هێزی پێشمەرگەدا بێت".

بە پێچەوانەی ئەوەیکە دوژمن هەمیشە هەوڵی داوە کە ڕوخسار و نێوەڕۆکی خەباتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ناشیرین و خەوشدار نیشان بدات و لە خانەی "شەرارەت" و "تێرۆریزم"!! دا پێناسەی بکات،بەڵام زۆری نەخایاند کە پێشمەرگە کە قورسایی "بەرەنگاریی چەکدارانە"ی لە سەر شان بوو، لە لایەن کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە وەک هێمایەک بۆ سەرەوەریی خاک و نیشتمان و "ڕزگاریدەر" سەیری کرا و ئەم یادگارەی سەردەمی کۆماری کوردستان بۆ جارێکی دیکە بوویەوە بە "بەها" یەکی بەرزی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان.

حیزبی دێموکرات بە دەرک بە زەروورەتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پێگەی بەرزی ئەم "ڕزگاریدەر"ە، هەر زوو هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە، "پێشمەرگە گلێنەی چاوی کورد و جێگەی هیوا و هومێدی حیزبی دێموکراتە، هەر بۆیە زۆر شتێکی سرووشتییە کە خەڵکی کوردستان هەموو ئیمکاناتی خۆیان لە خزمەتی پێشمەرگە داناوە و حیزبی ئێمەش بەلانی کەمەوە سەدی هەشتای ئیمکاناتی ماڵێی خۆی بۆ ڕێکوپێککردنی کاروباری پێشمەرگە وەکار خستووە".

حیزبی دێموکرات کە تا چەسپاندنی ڕاستەقینەی "دێموکراسی" لە ئێران بوونی هێزی پێشمەرگە بە زامنی پاراستنی دەسکەوتەکانی کوردستان دەزانێ و "بەرەنگاریی پێشمەرگانە" بە یەکێک لە شێوە درووستەکانی خەبات دەزانێ، پێشمەرگە بە یەکێک لە بەنرخترین سەرمایەکانی خۆی دەزانێ.

---



# دژایەتی لە گەڵ تێرۆریزم



حیزب یان هەر ڕێکخراوێکی سیاسیی دێموکرات کە لە سەر ئیرادەی مافخوازانەی میللەتێک دەمەزرابێ و مانا وجوودییەکەی لە سەر ئەساسی هەوڵدان بۆ داخوازییە ڕەوا دێموکراتیکەکانی خەڵک و پشت ئەستوور بە ئیرادەی ئەو خەڵکە بێت کە لە پێناویدا تێدەکۆشی، هیچ گومان لەوەدا نیە کە هیچکات پەنا ناباتە بەر کردەوەی نائەخلاقی و دژە ئینسانی. حیزبی دێموکراتیش کە لە قوڵایی باوەڕە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان و بۆ بەدواداچوونی ماف و ئازادییە ڕەوا ئینسانییەکانی ئەو خەڵکەدا دروست بووە و لە هەمووی گرینگتر هەمیشە و بەدرێژایی مێژووی تێکۆشانی خۆی خەڵکی کوردستانی بە پشتیوانی خۆی زانیوە، نەتەنیا هیچ کات پەنای بۆ تێرۆر نەبردوە، بەڵکوو تێرۆریزمی لە هەموو شکڵ و شێوەیەکدا مەحکووم کردوە.

لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، "بە پێی ئوسوولی ئەخلاقی و ئینسانی و تەنانەت سیاسی، کردەوەی تێرۆریستی کارێکی قیزەون و مەحکوومە. چونکە کارێکی غەیرە قانوونی‌یە و غەیرە ئاساییە کە ئەساسەکەی لە سەر زۆر و داسەپاندنی نەزەرێکی تایبەتی دانراوە و گیانی ئەفراد و زۆر جار گیانی خەڵکی بێتاوان و بێدیفاع دەخاتە مەترسییەوە.

حیزبی دێموکرات کە خۆی گەورەترین قوربانیی دەستی تێرۆریزمی نێودەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێرانە، نەتەنیا خۆی وەک ڕێکخراوێکی سیاسیی چەکدار - کە خوێناویترین خەباتی بەرانبەر بەم ڕێژیمە بەڕێوە بردوە - قەتی پەنا بۆ کردەوەی تێرۆریستی نەبردووە، بەڵکوو ئەم کردەوەیەی لە هەر شوێنێکی ئەم دونیایە و لە هەر شکڵ و شێوازێکدا بووبێ، ڕەت کردۆتەوە و ڕاشکاوانە مەحکوومی کردوە. کاتێک کە دوڵەتی ئامریکا هێرشی کردە سەر وڵاتی لیبی و بە دەیان و سەدان

خەڵکی بێتاوان و بێدیفاع گیانیان لە دەست دا، حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە؛ "ئامریکاییەکان کە زیاتر لە هەموو کەس باس لە ڕەتکردنەوەی تێرۆر دەکەن، دەبێ لە خۆیان بپرسن کە، ئایا هێرشی ئەم وڵاتە بۆ سەر لیبی کە ژن و منداڵی بێتاوانی تێدا بوونە قوربانی، ئەگەر تێرۆر نیە، چیە؟! هەر لەم پێوەندییەدا چەندین جار هێرشی دەوڵەتی ئیسرائیلی بۆ سەر فەلەستینییەکانی مەحکووم کردوە و هێرشی دەوڵەتی تورکیە بۆ سەر بزووتنەوەی کورد لە باکووری کوردستانی بە توندی مەحکووم کردوە.

دژایەتیی حیزبی دێموکرات لە گەڵ تێرۆریزم لە باوەڕێکی قووڵ و ئوسوولییەوە سەرچاوە دەگرێ کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پرسی "ڕەوای"ی و "مەشرووعییەت"ی ویست و داخوازییە سیاسییەکانەوە هەیە. حیزبی دێموکرات لەو باوەڕە دایە کە ئەو بزووتنەوانەی کە پشتیان بە ئیرادەی میللەتی خۆیان ئەستوورە و لە پشتیوانیی خەڵک لە سیاسەت و تێفکرینەکانیان پشتیوانی دەکەن، هیچ پێویستییەکیان بە پەنابردنەبەر تێرۆریزم و ڕەشەکوژی نیە و، بە دڵنیاییەوە ئەوانەی پەنا دەبەنە بە ئەم کردەوە نائەخلاقییە، خۆیان بەتاڵ لە پشتیوانیی گەڵ دا دەبینن.

**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو، دەڵێ:**

**"ئەو بزووتنەوانەی بە ڕێگای دێموکراتی دا دەڕۆن و لایەنگری و پشتیوانیی خەڵکیان لە گەڵە، پێویستییەکیان بە پانابردن بۆ تێرۆریزم نیە. حیزبی ئێمە لە گەڵ ئەوەی خومەینی چەندین جار دژی ئێمە لە شێوەکانی تێرۆریستی کەڵکی وەرگرتووە، قەت پەنای بۆ وەها کارهایەک نەبردووە. ئێمە تەنیا حیزبی ئێران بووین کە بە بارمتەگرتنمان لە سەفارەتی ئامریکا لە ساڵی ١٩٧٩ مەحکووم کرد. ئێمە هەمیشە تەیارە ڕفاندن و بۆمب دانانەوەمان مەحکووم کردوە. تێرۆریزم سیاسەتی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامییە، ئەوەیش نیشانەی ئەوەیە کە ئەم ڕێژیمە بەرانبەر بە داوای ڕەوای خەڵک هیچ وڵامێکی پێ نیە جیا لە سەرکوت".**

حیزبی دێموکرات لە پێوەندی لە گەڵ دیاردەی تێرۆریزم لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چۆنیەتیی کۆتاییهێنان بەم دیاردەیە تێڕوانێکی بەرفراوان و مێژوویی بۆ ڕەوتی ڕووداوەکان لەم ناوچەیەدا هەیە. بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو لەم پێوەندییەدا دەڵێ:


**"ئەگەر ڕۆژهەڵات بە سەرچاوەی تێرۆریزم دەژمێردرێ، لە بەر ئەوەیە کە زیاتر لە هەر ناوچەیەکی دیکە، ناوەندی ناکۆکی و پێکدادانی ئیستراتژیکی، سیاسی، ئابووری، ئایینی و نەتەوایەتییە. تا ئەم ناکۆکییانە لە بەین نەچن، تێرۆریزم**

ڕێشەکێش ناکرێ. تا ئەو کات خەبات دژی تێرۆریزم لە ئاستی نێودەوڵەتیدا نەتەنیا لەگەڵ دەستە و تاقم، بەڵکوو زیاتر لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە هانیان دەدەن دەبێ بکرێ. هیچ گومان لەوەدا نیە کە ڕێژیمی خومەینی لە سەرەوەی ئەو دەوڵەتانە دایە".

حیزبی دێموکرات پێی وایە؛ "مەرجی سەرکەوتنی خەبات دژ بە تێرۆریزم بەستراوەتەوە بە یەکگرتوویی هەموو گەلانی تینوو و ئەویندار ئازادی لە سەرانسەری دنیادا بەتایبەت گەلانی جیهانی سێهەم و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازانەی ڕەسەن و دێموکرات".



## بەرپرسیاربوون بەرانبەر بە زمان و کلتووری نەتەوەیی



ماهییەت و نێوەرۆکی خەباتی حیزبی دێموکرات، لە سەر ئەساس و بنەمای "نەتەوەیی"یە. بۆیە ئەم حیزبە بەرانبەر بە تەواوی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان و هەوڵدان بۆ پێشخستن و گەشەپێدانیان خۆی بە ئەرکدار و بەرپرسیار زانیوە. ناکرێ حیزبێک خۆی بە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە بزانێ، بەڵام بەرانبەر بە زمان، کلتوور و پەروەردە و، هەوڵدان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی ئەم بەشە لە ناسنامە، کەمتەرخەم بێت. بۆیە "سیاسەتی فەرهەنگیی حیزبی دێموکرات" بەشێکی هەرە گرینگ و بەردەوامی "بەرنامە"ی فکری و سیاسیی ئەم حیزبە بووە و هەیە.

لە پێوەندی لە گەڵ جۆری ڕوانین و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کورستان بۆ بواری فەرهەنگ و زمانی کوردی، تەنیا ئەوە بەسە کە سەیرێکی کارنامە و دەسکەوتەکانی ١١ مانگی دەسەڵاتی کۆماری کوردستان بکەین؛

"بۆ یەکەمجار لە مێژوودا زمانی کوردی کرا بە زمانی ڕەسمی، ڕۆژنامە و گۆڤارێکی زۆر بە زمانی کوردی بڵاوکرانەوە، یەکەم ژمارەی ڕۆژنامەی "کوردستان"،(بڵاوکەرەوەی بیری حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە ڕۆژی ٢٠ بەفرانباری ١٣٢٤دا دەرچوو. گۆڤاری "کوردستان" کە بڵاوکراویەکی سیاسی، ئەدەبی و گشتی بوو بڵاو دەکرایەوە. "هاواری کورد" و "هاواری نیشتمان" بڵاو دەکرانەوە کە یەکەمیان گۆڤارێکی سیاسی و ئەویتریان یەکێتی لاوانی دێموکراتی کوردستان بڵاوی دەکردوە. گۆڤاری "هەڵاڵە" کە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی بوو، لە بۆکان دەردەچوو. گۆڤاری گڕوگاڵی منداڵانی کورد"یش کە تایبەت بوو بە

منداڵان بڵاو دەکرایەوە". هەروەها بە مەبەستی پێشخستنی فەرهەنگی کورد، بۆ یەکەمجار تـائەتری کوردییش پێک هات کە بەرچاوترینیان، تـائەتری کوردیی "دایکی نیشتمان" بوو.

لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "بەڕاستی کاروتێکۆشانی ئەم ١١ مانگە لە باری پێشخستنی زمانی کوردی و بەرەوپێشبردنی فەرهەنگی کوردەوە، شۆڕشێک بوو".

لە بەشی "سیاسەتی فەرهەنگی"ی بەرنامەی حیزبی دێموکرات دا کە بۆ یەکەمجار لە لایەن شەهید دوکتور قاسملووەوە نووسراوە و لە کۆنگرەی سێهەمی حیزب لە ڕەزبەری ١٣٥٢ی هەتاویدا پەسەند کراوە، هاتووە:

"- هەموو منداڵانی کوردستان، کچ و کوڕ تا ١٥ساڵی بە ئیجباری دەبێ بخوێنن و حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان بە گورجی خەریکی لەنێوبردنی نەخوێندەواری دەبێ.
- حکوومەتی خودموختار بۆ بەرزکردنەوەی پایەی فەرهەنگی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی و زانستی تێدەکۆشێ.
- ڕووناکبیرانی کوردستان بە پێی لێوەشاوەییان کاریان پێ دەدرێ. حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان سیاسەتێکی ئەوتۆ بەرانبەر بە ڕووناکبیران دەگرێتە پێش کە وڵاتی خۆیان بەجێ نەهێڵن و خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن".

لە قۆناغەکانی دواتری تێکۆشانی حیزبی دێموکرات بەتایبەت لە یەکەم ساڵەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ی هەتاوی دا، ئەم حیزبە کە لە هەستیارترین قوناغی خەباتی خۆیدا بوو، بە هیچ شێوەیەک لە ئەرک و بەرپرسیارێتیی خۆی بەرانبەر بە کاروباری کۆمەڵایەتی، هەوڵدان بۆ لەچاپدانی کتێبی کوردی بۆ قوتابیان و بەڕێوەبردنی قوتابخانەکانی کوردستان و گرینگیدان بە زمانی کوردی، نەتەنیا غافڵ نەبوو، بەڵکوو وەک "دەوڵەت"ێک کاری کردوە.

گرینگیی ئەم هەوڵانەی حیزبی دێموکرات ئەو کاتە زیاتر لە هەمیشە دەردەکەوێ کە دوای بەجێهێشتنی شارەکان و جێگیربوونی لە سنوورەکان و دیوی باشووری کوردستان، ئەم حیزبە لەوپەڕی بێئیمکاناتی و شان بە شانی بەڕێوەبردنی خەباتێکی خوێناویی دژ بە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بە سەدانی قوتابخانەی بۆ خوێندنی منداڵانی کوردستان بە زمانی کوردی پێک هێناو و لە ڕێگەی "ڕادیۆ دەنگی کوردستان" و ڕۆژنامەی "کوردستان"ەوە، گەورەترین خزمەتی بە گەشەی

زمان و بەرزکردنەوەی پایەی فەرهەنگیی کۆمەڵ کرد.

بەتایبەت لە ڕووی خزمەت بە زمانی کوردی و پاراستنی لە پیلانی دەسەڵاتە دژیگەلییەکان، حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حوکمی ئەوەی ڕێبەرانی هەموو کەسانی شارەزا بە زمانی کوردی، نووسەر، وەرگێڕ و خاوەن بەرهەمی تایبەتی بوون، بە ئادرەسێکی متمانە پێکراو بۆ پاراستنی ڕەسەنایەتیی زمان و گەشەپێدانی دەناسراو و سەیر دەکرێ.

گرینگیدان بە فەرهەنگ و کلتووری کوردی، وەک ڕێبازێکی دەوڵەمەند بە پاشخانێکی پڕ لە دەسکەوت لە قۆناغەکانی دواتری خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتدا نەتەنیا کەم نەبوویەوە، بەڵکوو ئۆرگان و کۆمیسیۆنی تایبەتی بۆ پێکهات کە تا ئێستا چەندین کارنەڤاڵ، فستیڤاڵ، کێبڕکێ و ڕێزلێنانی ئەدەبی، شانۆ، هەڵپەرکێ، ڕۆژنامەنووسیی گەورەیان بەڕێوە بردوە و بە هەزاران کەس بەشدارییان تێدا کردوە.

لەم ساڵانەی دواییدا کە لەنێوخۆی وڵات و لە شارەکانی کوردستان جموجۆڵی ئەدەبی، فەرهەنگی و فێرکاریی زمانی کوردی لە لایەن چالاکانی دەروەست بە هۆڤییەتی نەتەوەییەوە هاتوونە ئاراوە، حیزبی دێموکراتی کوردستان ڕاشکاوانە پشتیوانی لێ کردوون و ئەم چالاکیانەی بە بەشێکی دانەبراو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان پێناسە کردوە.

## هەوڵدان بۆ بەنێونەتەوەییکردنی مەسەلەی کورد



حیزبی دێموکرات کە بە ڕوانگەیەکی دیکە و بە هەڵگرتنی کۆمەڵێک ئوسوول و پرنسیپی مودێرن و جیهانپەسەند، ئاڵای ڕێبەرییکردنی بزووتنەوەی مافخوازانەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانی بەدەستەوە گرت، سەرنجی کۆڕکۆمەڵە بیانییەکانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا. هەرچەند هەلومەرج و خەباتی حیزبی دێموکرات لە قۆناغەکانی سەرەتای دامەزران و تێکۆشانیەوە مەجالی ئەوەی بەم حیزبە نەدا کە پەیامی خۆی و بزووتنەوەی مافخوازانەی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان لە بەستێنی دیپلۆماسیدا وەک پێویست بە گوێی هەموولایەک بگەیەنێ، بەڵام بە پەیدابوونی دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو لە قۆناغەکانی دیکە خەباتی حیزبدا، ئەم کەمایەسییە زۆر کەم ڕەنگ دەبێتەوە.

لە ڕاستیدا خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەستێنی دێپلۆماسی و پێوەندییەکانی ئەم حیزبە بە رووی دنیای دەرەوەدا، مەدیونی شەهید دوکتور قاسملوویە. ڕوانینی دوکتور قاسملوو بۆ "زات"ی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی گەلی کورد و پێوەندییە شەخسییەکانی لە گەڵ حیزب و کەسایەتییە بیانییەکان، لە درووستبوونی پێوەندییەکانی حیزبی دێموکرات بە دنیای دەرەوە، دوو هۆکاری هەرە ئەساسی بوون.

پێش هەموو شتێک دوکتور قاسملوو باوەڕی وابوو کە "مەسەلەی کورد، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە". ئەم ڕوانین و خوێندنەوەیەش لە تێڕوانینی شەهید دوکتور قاسملوو بۆ "زات" و "نێوەرۆک"ی بزووتنەوەی کوردەوە سەرچاوەی دەگرت. ئەو

پێی وابوو مادام ویست و داخوازییەکانی بزووتنەوەی کورد "ڕەوا"ن و لە "بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاد"دا دانی پێدا نراوە، کەوایە ئێمە مافی خۆمانە بەدوای پشتیوانی نێونەتەوەییدا بگەڕێین و دۆست بۆ حیزبەکەمان و بزووتنەوەکەمان پەیدا بکەن.


**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:**

**"مەسەلەی کورد لە هەموو ئەبعادی خۆیدا بەو شێوەیە کە هەیە لە واقعی دا چەندین میلیۆن کوردە کە دەبێ مەترەح بکرێ. ویستەکانمان ڕەوا، ئینسانی و درووستن. پێم وایە ئەگەر بەم شێوەیە لە مەسەلەکە بڕوانین و بچینە پێشی سەرکەوتنمان زیاتر دەبێ. موهیمییش ئەوەیە کە پەیامەکانی خۆمان کە ڕوا و دیموکراتیکن لە دەرەوە بە باشی وەربگیردرێ. دەبێ بە هەموو ئەو کەسانە کە گوێیان لە قسەکانی ئێمەیە، بڵێین کە داوای کورد زۆر سادە و ڕەوایە. کورد مافی نەتەوەیی خۆی دەوێ کە لە بەیاننامەی جیهانیی مافی ئادەمیزاد دا هاتووە و شتێکی زیادی نیە. بۆیە داوای مافی دیاریکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە. زۆر دەوڵەتان وەک دەوڵەتی ئێران کە باسی کورد دەکرێ، دەڵێن؛ ئەوە مەسەلەیەکی نێوخۆییە و کەس حەقی نیە دەستی تێوەر بدات. کەوابوو ئێستا کە ئێمە داوای خودموختاری دەکەین، مەسەلەیەکی نێوخۆیی نیە و بەشێکە لە مافی ئادەمیزاد. بۆیەش ئەو دەوڵەت و ڕێکخرا و شەخسییەتانە کە خۆیان بە لایەنگری مافی ئینسان دەزانن پێویستە لە داوا ڕەواکانی کورد پشتیوانی بکەن".**


دوکتور قاسملوو بەم تێفکرینەوە لە مەسەلەی میللەتەکەی و بە کەڵک وەرگرتن لە پێوەندییە شەخسییەکانی خۆی لە گەڵ حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتییە بیانییەکان، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا توانی سەرنجی زۆرێک لە ڕێکخراوە سیاسییەکان، کەسایەتییەکان، دەوڵەتان و کۆڕکۆمەڵی نێودەوڵەتی بۆلای بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبەکەی ڕابکێشێ. هەرچەند دوکتور قاسملوو وەک سکرتێری حیزبی دێموکرات و کەسی یەکەمی ئەم حیزبە لە بەشێکی کوردستان لە دنیای دەرەوە دەردەکەوت و وەردەگیرا، بەڵام بە ئێعترافی زۆرێک لەوانەی کە دوکتور قاسملوو پێوەندیی پێوە گرتبوون و تەنانەت بە ئێعترافی کوردی بەشەکانی دیکەی کوردستانیش، هەموو هەوڵی حیزبی دێموکرات و دوکتور قاسملوو لە گەڵ پەیداکردنی پشتیوانی و دۆست بۆ بزووتنەوەی کورد لە ئێران، ئەوە بوو کە "مەسەلەی کورد" لە ئاستێکی گشتی دا پێناسەیەکی نێونەتەوەیی بۆ بکرێ و وەک میللەتێکی زوڵملێکراو پشتیوانی لێ بکرێ.

ڕەوابوونی داخوازییەکانی کورد و درووستبوونی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکرات و تێکۆشان لە پێناو ئەو داخوازییە ڕەوایانەی کە تێکەڵ بە مەنشووره جیهانییەکانی مافی مرۆڤن، پێگەی حیزبی دێموکراتیان لە کۆڕکۆمەڵە

نێونەتەوەییەکاندا هەروا بەرز ڕاگرتووە. هەرچەند بە پێی ڕەوت و هەڵومەرجە سیاسییەکان و پڕڕەنگبوونەوەی لایەنی بەرژەوەندی لە حەوزەی پێوەندییەکاندا، جاروبار دەنگی کورد وەک گەورەترین نەتەوەی بێدەوڵەت وەک پێویستە گوێی نادرێتێ، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان بە هەمان تێفکرینی مێژوویی خۆی بۆ نێوەرۆکی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان کە ڕەوا و ئینسانین، لە پێناو بەنێونەتەوەییکردنی مەسەلەی کورد هەنگاو دەنێ.



# باوەڕمەند بە مەلەسەی ژنان



بۆ یەکەم جار لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتی گەلی کورد و لە کۆماری کوردستاندا، ژنی کورد بە شێوەی ڕەسمی و لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی تایبەتدا ئێعتراف بە ماف و ئازادییەکانی کرا. پێشەوای حیزبی دێموکرات و سەرۆکۆماری کوردستان، شەهید قازی محەممەد لە پێوەندی لەگەڵ گرینگیدان بە حزووری ژنان لە کاروباری کۆمار و هاندانیان بە مەبەستی چالاکبوون و دەرخستنی تواناکانیان ڕۆڵی بنەڕەتی و سەرەکی گێڕاوە. "بۆ ڕاکێشانی سەرنجی زیاتری ژنان پێشەوا قازی ژن و کچی خۆی هان دەدان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا بەشداری بکەن و ببن بە نموونە بۆ ژنانی دیکە".

گرینگیدان بە ژنان لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە پێوەندی ڕاستەوخۆی بە پێشکەوتن و گەشەی ئازادییە کۆمەڵاتییەکانەوە هەیە. هەوڵدان بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ و دەستەبەرکردنی ئازادییە کۆمەڵایەتییەکان کە بەشێک لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتە، بە بێ ئاوڕدانەوە لە مەسەلەی ژنان و پیادەکردنی مافەکان دەکرا تەنیا ئیدیعایەک بێت و هیچی دیکە، بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان بە کردەوەش دژی تەواوی ئەو داب و نەریتە کۆنەپەرەستانەی کە زیان بە ماف و ئازادییەکانی ژنان دەگەیەنن وەستاوەتەوە و هەوڵی لەنێوبردنی داون.

حیزبی دێموکرات وێڕای ڕێزگرتن لە بیروباوەڕ و کلتووری کۆمەڵگەی کوردستان، بەرانبەر بە دیاردە باوە دواکەوتووەکانی دژە ژنی وەک: "ژن بە ژنە"، "گەورە بە چووکە"، "بایەخوێن" و "بەزۆر بە شوودان" هەڵوێستی ڕوونی هەبووە و هەوڵی داوە ژنی کورد بە بیانووی جۆراوجۆری بێبنەما مافی زەوت نەکرێ. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات تەنانەت زۆر پێش لە

دانانی یاسا پێشکەوتووەکانی وڵاتانی ئورووپایی، بە کردوە و بە دەرکردنی یاسا و بڕیار، مافی وەک یەکی لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان پەسەند کردوە کە دەکرێ ئاماژە بە مافی هەڵبژاردن و هەڵبژێران بکەین. حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا بە ڕەسمی لە ئامانجە گشتییەکانی خۆیدا باوەڕ بەوە دەهێنێ کە، "ژن و پیاو لە هەڵبژاردن و هەڵبژێردراندا مافیان وەک یەکە" کە، لە بەشێکی زۆری وڵاتانی ئورووپایی، ژنان مافی دەنگدانیان پێ ڕەوا نەزانراوە.

حیزبی دێموکرات دژ بە تێفکرینی ئەبزاری بۆ ژنان، لە سۆنگەی پرسی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی کوردستان و ئازادییە دێموکراتیکە کۆمەڵایەتییەکانەوە، تێفکرینێکی دادپەروەرانەی بۆ ماف و ئازادییەکانی ژنان هەیە.

**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:**


**"لە تێکۆشانی حیزبی و سیاسیی ئێمەدا، دەبێ جێگایەکی تایبەتی بدرێ بە ژنان. وەک دەزانن حیزبی ئێمە مافی بەرابەریی تەاو لە گەڵ پیاوان بۆ ژنان دادەنێ. بەڵام دانانی ماف لە گەڵ پیادەکردنی ئەو مافە لە کۆمەڵدا مەودایەکی زۆریان لە بەیندا هەیە. دەبێ ئەو مەودایە بەرەبەرە لەبەین بچێ. بە بیروڕای حیزبی ئێمە هەرچی ژنان لە کارە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بەشدار بن، کۆمەڵ پێشکەوترە و بزووتنەوەکە پێشکەوترە و شانسی سەرکەوتن نزیکترە".**

**هەروەها شەهید دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ؛ "هەرچی ژنان لە بزووتنەوەی کوردستاندا زیاتر و چالاکتر بەشداربن، ئەوەندە بزووتنەوەی کوردستان سەرکەوتووترە".**


"بەستنەوەی "بەشداریی ژنان" لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە گەڵ "سەرکەوتنی بزووتنەوە" لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە ئەم حیزبە باوەڕێکی قوڵی بە پێشکەوتنی ژنان لە بوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا هەیە.

ئێستا کە بەخۆشییەوە ژنان چ لە نێو کۆمەڵ و چ لە نێو ریزەکانی حیزبی دێموکراتدا لە ئاستێکی دیکە لە حزوور و تێکۆشان و بەشداری لە بوارەجۆراوجۆرەکەدا هەن و تواناکانی خۆیان زیاتر لە ڕابردوو سەلماندوە و خەباتی ژنی کورد بە گشتی لە ئاستێکی بەرزی هوشیاری دایە، حیزبی دێموکرات بۆ زیاتر گرینگییپێدان بە ژنان و هێنانەپێشەوی زیاتریان لە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، هەنگاوی دیکەی هەڵێناوەنەو. لە بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسەندکراوی کۆنگرەی شازدەهەمدا هاتووە کە:

"حکوومەتی کۆماری کوردستان بە لەبەرچاوگرتنی بەندەکانی پەیمانی نێونەتەوەیی بۆ نەهێشتنی هەر جۆرە هەڵاواردنێک بەدژی ژنان، دابینکردنی یەکسانیی نێوان ژن‌و پیاو لەنێو خێزان‌و لە کۆمەڵدا و، لە مەیدانی کارو دەسەڵات‌و بەگشتی لە هەموو بوارەکانی ژیانی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و فەرهەنگی‌و ئابووریدا، بە ئەرکێکی گرینگی خۆی دادەنێ‌و بەرنامەی چڕوپڕ لەو پێوەندییەدا دادەڕێژێ‌و بەڕێوەی دەبا. کەڵک وەرگرتن لە مێکانیزمەکانی تەبعیزی موسبەت وەک سیستمی کۆتا لە هەڵبژاردنی پارلمان‌داو دیاریکردنی ڕێژەیەکی گونجاو لە پۆستە بەڕێوەبەرییەکاندا بۆ ژنان یەکێک لە ڕێگاکانی گەیشتن بەو ئامانجە دەبێ".



## ئەخلاق و سیاسەت



بایەخدان بە ئیدئالە ئینسانییەکان و هەوڵدان بۆ بنیاتنانی شێوازێکی دیکە لە کاری سیاسی کە دوور بێت لە تێڕوانینی "ڕەواییدان بە ئامرازی ناپەسەند لە پێناو ئامانجەکاندا"، ڕێبازێکی پڕ لە شانازیی حیزبی دێموکراتە. ئەم حیزبە کە دوای شەڕی جیهانیی دووهەم و سەرهەڵدانی ڕووداوە شەرمهێنەرەکانی وەک هۆلۆکاست لە دڵی ئورووپا و قەڵاچۆی نەتەوە بەشخوراوەکان بە دەستی باوەڕە ئیمپراتۆرخوازەکانی عوسمانی و سەفەوی و لە سەردەمی سڕینەوەی جۆڕاوجۆرییە جوانە ئینسانییەکان لە سەردەمی سیاسەتی ئاسمیلاسیۆنی نەتەوەیی ڕەزاخاندا بوونی خۆی ڕاگەیاند، بایەخدان بە ئەخلاق و مەعریفەی کرد بنەمای کار و تێکۆشانی خۆی.

بناغەدارێژەرانی ئەم حیزبە کە سوێندیان خواردبوو خیانەت لە یەکتر و گەلەکەیان نەکەن، لە سەر ئەزموون و تێگەیشتن لە پاشخانی مێژوویی بزووتنەوەکانی کوردستان، ڕێڕەوێکی ئەخلاقی و درووستیان لە تێکۆشانی سیاسی بنیات نا. ئەم کلتوورە لە کاری سیاسی و ڕێکخراوەیی بە پێشەوایەتیی شەهید قازی محەممەد کە خۆی کەسایەتییەکی خاوەن شەخسییەت بوو، لە کۆماری کوردستاندا بە تەواوەتی دەبێتە پێناسەیەکی هەتایی بۆ حیزبی دێموکرات. ڕاوەستان لە پانای خەڵک و خۆکردنە قوربانی لە پێناو پاراستنی گەلەکەیدا، ڕەفتارێکی بەرزی ئەخلاقی و نەتەوەیی بوو کە تەنیا لە پێشەوای حیزبی دێموکرات دەوەشایەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بەم پاشخانە بەرزە لە ئەخلاقی سیاسی و نەتەوەییە کە پێ دەنێتە قۆناغە پڕ لە هەوراز و

نشێوەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشەرانی لە بەندیخانەکانی ڕێژیمی دژ بەکوردی تاراندا ئامادەن بە دەیان ساڵ لە تەمەنی خۆیان لە چاڵەڕەشەکاندا تێپەڕ بکەن و ببنە قوربانی، بەڵام شکۆی خەڵک و بزووتنەوەی ڕەوای گەلەکەیان خەوشدار نەکەن.

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی دا کە ڕێژیمێکی بەدفەڕی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران لە هیچ جەنایەت و دزێوکارییەک بۆ لەنێوبردنی دریغی ناکات، ئەم حیزبە ئەخلاقی لە تێفکرین و سیاسەت و کردەوەکاندا بۆ دەبێتە پرنسیپێکی ئینسانیی نەگۆڕ و بە هیچ شێوەیەک ئامادە نیە لێی لا بدات. حیزبی دێموکرات کە پشتی بە گەلەکەی و ئەقڵییەتی دێموکراتیکی خۆی قاییم بوو، هیچ کات وڵامی سیاسەت و ڕوانینە پڕلەدرۆ و دوور لە ئەخلاقییەکانی ڕێژیم و نەیارانی بە بێ‌پرنسیپی نەدایەوە. بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو بەرانبەر بە هەموو ئەو جنێو و بۆختان و قسە سووکانەی بە حیزبی دێموکرات و خەڵکی کوردستان دەکران قورس و قاییم و بە باوەڕبەخۆبوونێکی تەواوە دەڵێ:

**"ئێمە بێ‌ئوسوولی و جنێو فرۆشی لە سیاسەتدا ڕەت دەکەینەوە، بۆ جێگرکردنی ئەخلاق لە سیاسەتدا تێدەکۆشین و یەکەم حیزبی ئێرانی بووین کە ئەخلاقمان واریدی سیاسەت کردوە".**

دژایەتی لە گەڵ تێرۆریزم، ڕەفتاری ئینسانی لە گەڵ دیلەکانی شەڕ، دژایەتکردن لە گەڵ بەبارمتەگرتن، ڕەتکردنەوەی ڕەفتاری توندوتیژ لە گەڵ زیندانی، درۆنەکردن لە گەڵ خەڵک، ئەو نموونانەن کە ڕەفتار و سیاسەتی ئەخلاقمەدارانەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان پێ پێناسە دەکرێ. گرینگیی پابەندبوون بەم پرنسیپە ئەخلاقیانە ئەو کاتە دەردەکەوێ کە هاوکات شاهیدی جینایەتکارانەترین ڕەفتاری ئەو نیزام و ڕێژیمەین دەرحەق بە ئەم حیزبە و گەلەکەی. هەر ئەو کاتانەی کە هێزە دڵڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران تەرمی بێ‌گیانی پێشمەرگە شەهیدەکانیان لە پشتی ماشین و بەنێو خەڵکدا ڕادەکێشا، حیزبی دێموکرات داوای لە هێزی پێشمەرگە دەکرد کە بە ئەخلاقەوە ڕەفتار لە گەڵ دیلەکانی شەڕ بکەن. هەر ئەو کاتانەی کە جەلادانی ڕێژیم لە زیندانەکاندا دەستەدەستە لاوانی کورد تیرباران دەکەن و لەسێدارەیان دەدەن، لە گرتووخانەی حیزبدا ڕەفتاری ئینسانی لە گەڵ گیراوانی ڕێژیم دەکرێ. هەر ئەو کاتانەی کە حیزبی دێموکرات دژایەتی خۆی لە گەڵ تێرۆریزم ڕادەگەیەنێ و تێرۆریزم ڕەت دەکاتەوە، ئەوان لە ژوورەکانی بنیاتنانی کردەوەی تێرۆریستیدا پیلان بۆ تێرۆری ڕێبەرانی دادەڕێژن و تێرۆریان دەکەن.

پێبەندبوونی حیزبی دێموکرات بە بنەما ئەخلاقییەکانەوە لە خەبات و تیکۆشانی سیاسیی خۆیدا، یەکێک لەو هۆکارە هەرە

بنەڕەتی و جەوهەریانەیە کە ئەمڕۆ دوای نزیک بە هەشت دەیە لە خەباتیدا وەک متمانەپێکراوترین هێزی کوردی لە هەموو ئاستەکاندا سەیری دەکرێ و لە نێو دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندا وەک هەمیشە جێی تایبەتی و لە نێوکۆڕ و کۆمەڵە جیهانییەکاندا ئێعتبارێکی بەرزی سیاسی هەیە.

**بۆیە کەسێکی بیانیی وەک "مارک کراویتز" ساڵی ١٩٨٩ لە وتارێکیدا لە ڕۆژنامەی لیبراسیۆن نووسیبووی:**

"یەکێک لە شانازییە هەیە گەورەکانی دوکتور عەبدوڵڕەحمان قاسملوو کە قەت لە دووپاتکردنەوەی ماندوو نەدەبوو ئەوە بوو کە، ئەوەندەی دەگونجێ دەبێ بایەخ و ئیدەئالە ئینسانییەکان لە تێکۆشان و کاروباری ڕۆژانەی بزووتنەوەدا ڕەنگدانەوەیان هەبێ. حیزبی دێموکرات هیچ کات لە گەڵ زیندانی‌یەکان بە خراپی ڕەفتاری نەکردوە. لە پێوەندی و هەڵسووکەوت لە گەڵ خەڵکدا پەنای بۆ فشاری زۆرەملی نەبردوە. قەت بارمتەی نەگرتوون، هیچ کات فڕۆکەی نەڕفاندووە یان لە شوێنی گشتی دا بۆمبی بۆ دوژمن دانەناوەتەوە و شەڕێ نەکردوە".



# واقعبینیی سیاسی



یەکێک لەو تایبەتمەندیانەی کە حیزبی دێموکرات لە هەموو بزووتنەوە سیاسییەکانی پێش خۆی لە کوردستان جیا دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم حیزبە لە ڕوانگەیەکی "واقعبینانە"وە ڕوانیویەتە "سیاسەت". بە مانایەکی زۆر سادە هەر وەک لە قسەی ڕێبەرانی ئەم حیزبەدا هاتووە، "شوعاری خۆڕایی" نەداوە و "بەرپرسیارانە" هەڵوێستی گرتووە. کە دەگوترێ شۆعاری خۆڕایی نەداوە، ڕاست بەو مانایە دێت کە هەموو شتێک بە حیساب و وردبینییەوە بیری لێ کراوەتەوە و، کە دەڵێن "بەرپرسیارانە" هەڵوێستی گرتووە ڕاست بە مانای گرینگیدان بە خەڵک دێت.

کاتێک کە "کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان" دەگۆڕدرێ بە "حیزبی دێموکراتی کوردستان"، ڕێبەریی حیزب بە تایبەت پێشەوا قازی محەممەد ڕوانگە و تێفکرینێکی واقعبینانەتر پێڕەو دەکەن و بە سەرنجدان بە دۆخی سیاسیی ئەو کاتی ئێران، ناوچەکە و زەرفییەتە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی ئەو کاتی کوردستان هەنگاو دەنێن.

هەرچەند دوورە دیمەنی ڕوانین و تێفکرینە نەتەوەییەکانی حیزبی دێموکرات لە سەر ئەساسی باوەڕمەندبوون بە "مافی دیاریکردنی چارەنووس" و سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانیی "کورد و کوردستان" هەروا لە جێی خۆی دایە،

بەڵام سیاسەت وەک "بگۆڕێکی ڕۆژانە لە کردەوەیەکی بەرفراوانی عیلمیدا پێناسەی "هونەری مومیکین"ی بۆ کراوە.

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا کە چەند جارێک "لاریّ"بوونی تێدا ڕووی داوە، گەڕانەوە بۆ ڕێڕەوی درووستی خۆی لە جۆری سیاسەتکردن و تێفکرین لە چۆنیەتی هەنگاونان بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکان، هەمیشە وەک زەروورەتێکی سیاسی سەیر کراوە. بۆ ئەم مەبەستە هەوڵ دراوە بە ڕوانین و خوێندنەوەیەکی "بوێرانە" لە سەر مێژووی بزووتنەوەکانی کورد و جۆری سیاسەتکردن و لێکدانەوەی ئاکامەکان، بەردەوام وەبیر بهێنرێتەوە کە سیاسەت عیلم و زانستە.

**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو ڕوو بە قوتابیانی لە زانکۆی حیزبی دێموکراتدا دەڵێ:**

**"با ئێعتراف بکەین کە لە تاریخی میللەتەکەماندا کورد سیاسەتەکەی ئەوە بووە، یا هەموو شتێک یا هیچ شتێک، نەتیجەکەی بۆتە چی؟! بۆتە "هیچ". لە سیاسەتدا زۆر جار هەیە دوو هەنگاو دەچیە پێش، شتێک وەردەگری، لە پاشان دیسان خەبات دەکەی بۆ شتێکی دیکە، ئەوە سیاسەتە. ناویان ناوە هونەری مومکین. سیاسەت هونەری مومکنە. لە سیاسەت دا ڕەش و سپی نیە!، هەموو شتێک و هیچ شتێک، هەرکەس ئاوا سیاسەت بکا سەرناکەویّ!".**

لە حیزبی دێموکراتدا، سیاسەت پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە مەفهوومی "بەرپرسیارێتی"یەوە هەیە، بەرپرسیاربوون بەرانبەر بە چارەنووسی نەتەوەیی و نیشتمانیی میللەتێک. کەوابوو تێگەیشتن لەم بەرپرسیارێتییەیە کە ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی ناچار بەوە کردوە کە درووست سیاسەت بکات و خۆی دوور بگرێت لەوەی کە پێ دەگوتریّ "خەیاڵ و ئارەزوو".

**بۆیە کاتێک لە شەهید دوکتور قاسملوو دەپرسن، چۆنە حیزبی دێموکرات کە درووشمی ڕووخانی ڕێژیمی خومەینی دەدات، باس لە وتوێژ دەکات؟! لە وڵامدا دەڵێ: ئێمە وەک حیزبی دێموکرات خۆمان بەرانبەر بە گەلەکەمان بە مەسئول دەزانین. سیاسەتی ئێمە سیاسەتێکی درووست و واقعبینانەیە و ئێمە شۆعاری خۆڕاییمان نەداوە و شۆعارێکمان نەداوە کە بۆمان جێبەجێ نەکرێت. ئێمە مەسئولانە چووینەتە پێش. وەختی ئاشتی ویستوومان وتوێژ بکەین و وەختی شەڕ شەڕمان کردوە".**

"واقعبینیی سیاسی" لە حیزبی دێموکراتی کورستاندا بەرهەمی دوو ئەسڵی "لێهاتوویی لە تەحلیل" و "ئازایەتی لە بڕیاردان"ە. ڕێبەریی ئەم حیزبە بە پێڕەویکردن لە "ئەقڵی بە کۆمەڵ" و خۆ بە بەرپرس زانین بەرانبەر بە چارەنووسی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان، لێهاتووانە هەوڵی تێگەیشتن لە ڕووداو و گۆڕانکارییە دوور و نزیکەکان و، کاریگەرییان لە سەر بزووتنەوەی کورد داوە. لە مەرحەلەیەکی دیکە لە خۆ بە بەرپرس زانین بەرانبەر بە خەڵک و

بـزووتنەوە و گـرتنە پێشـی سیاسـەتێکی درووسـتی واقعبینـانە، ئازایـانە بڕیاریـان داوە و ئەوەی بە درووسـت و قـازانجی خەڵکیان زانیوە، ڕایانگەیاندوە. لەوانەیە زۆر جار بڕیار و هەڵوێستێکیش بە دڵی خەڵک نەبووبێ، بەڵام حیزبی دێموکرات کە خۆی بەرانبەر بە پرسێکی گشتی نەتەوەیی وەک بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستان بە "بەرپرسیار" زانیـوە، بە پێی لێکدانەوەی کە پێی وابووە درووستە ئازایانە بۆچوونی خۆی دەربڕیوە و بەرپرسیارێتیی سیاسیشی گرتۆتە ئەستۆ.



# مافی دیاریکردنی چارەنووس




"دابینبوونی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتی ئێران"دا، تا ئێستاش درووشمی سەرەکی و مێژوویی حیزبی دێموکراتە. ئەوە لە حاڵێک دایە کە ئەم حیزبە هەر دوای چەند مانگ لە دامەزرانی، قەوارەیەکی سیاسی و خۆبەڕێوەبەری بە ناوی "کۆماری کوردستان" دادەمەزرێنێ و بە بەرزکردنەوەی "ئاڵای کوردستان" و پێکهێنانی "سپای میللی"، بە کردوە پەیامی سەروەریی نەتەوەیی و نیشتمانی بڵاو دەکاتەوە!!. تێگەیشتن لەم بە ڕواڵەت پارادۆکسە لە تێفکرین و ڕیچارەی پرسی نەتەوەیی گەلی کورد، ناتوانێ ئاسان بێت. دامەزراندنی کۆمارێکی نەتەوەیی لە وڵاتێکدا کە لەوانەیە بە نیزامێکی سیاسیی زۆر جیاوازتر بەڕێوە بچێت، فورمولێکی تا ڕادەیەک ئاڵۆز دێتە بەرچاو. "دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵ"، کە دروشمی ستراتیژێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، یەکێک لەو فورمووڵە سیاسی و ئیدارەیانەیە کە لێکدانەوەی پێویستی بە تێگەیشتنێکی قووڵ لە جۆری ڕوانینی ئەم حیزبەیە بۆ مەفهوومی "مافی دیاریکردنی چارەنووس".

بە پێچەوانەی ئەو تێگەشتنە ڕواڵەتییەی کە لە پرسی سەربەخۆیی(استقلال) دەکرێ، "مافی دیاریکردنی چارەنووس" لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە ئەوەیە کە کورد "بەڕاستی مافی دانانی چارەنووسی خۆی بەدەستەوە بێ". بۆیە ئەمە هیچ بەو مانایە نیە کە داوای جیابوونەوە لە وڵاتێکی وەک ئێران بکات. هەرچەند حیزبی دێموکرات حەقی سەربەخۆیی نەتەنیا بۆ کورد، بەڵکوو بۆ هەموو میللەتێکی زوڵمێکراو بە ڕوا دەزانێ.

حیزبی دێموکرات لە دەلاقە و مەفهوومی "سەروەریی نەتەوەیی"یەوە پێناسەی "مافی دیاریکردنی چارەنووس" دەکات. بەو مانایە کە هەر شکڵێک لە ئیدارەی سیاسی، چ خودموختاری بێت چ فیدراڵی یان هەر شێوازێکی دیکە، بتوانێ مافی دانانی چارەنووس بۆ کورد دابین بکات، ئەو بە باشی دەزانێ و ئەم "خودموختار"بوونەی پێ جۆرێک لە سەروەریی نەتەوەییە. ئەم تێفکرینە لە "ماف" و "خۆسەروەربوون"ە ئەوەندەی گرینگی بە نێوەرۆک دەدات، کەمتر خولیای فۆرم و ڕواڵەتە. بە واتایەکی روونتر؛ بە پێی ئەم ڕوانگەیە، بوونی هەرێمێکی ڕاستەقینەی خودموختار کە دانیشتوانی بتوانن ئازادانە بڕیار لە سەر چارەنووسی خۆیان بدەن، زۆر باشترە لە قەوارەیەکی "سەربەخۆ" کە دانیشتوانی هیچ هەست بەوە نەکەن کە مافی بڕیاردان لەسەر چارەنووسی خۆیان هەیە.

**لە پێوەندی لە گەڵ ئەم ڕوانینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ "مافی دیاریکردنی چرەنووس"، شەهید دوکتور قاسملوو لە شێکردنەوەی درووشمی بنەرەتیی ئەو کاتی حیزب، (دێموکراسی بۆ ئێران و خودموختاری بۆ کوردستان)دا دەڵێ:**

"ئەگەر خودموختارییەکی ڕاستەقینەمان دەست کەوت بە مانەیەیە کە "مافی چارەنووس"، جێبەجێ کراوە. مەسەلە ئەوە نیە کە ئێمە نوێنەرێکمان لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا هەبێ و ئاڵای تایبەتی و دراوی خۆمان هەبێ. هەر ئێستا زۆر میللەت ئەوانەیان هەیە – بەتایبەت لە ئافریقا کە پێشتر داگیرکرابوون و ئێستا ئازاد کراون – بەڵام هیچ هەست بەوە ناکەن مافی دانانی چارەنووسیان هەیە. مەبەستم ئەوەیە کە بوونی شکڵی ڕواڵەتیی سەربەخۆیی یان ئیستقلال، مانای ئەوە نیە کە میللەتەکە مافی دانانی چارەنووسی دەست کەوتبێ.


عەکسی ئەوەش هەر ڕاستە."بە گشتی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەوەیە کە "خەڵک هەست بەوە بکات کە حاکمە بەسەر چارەنووسی خۆیدا".

ئەمە تا ئێرە بەشێک لە ڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکرات بۆ مافی دیاریکردنی چارەنووسە کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە "جێبەجێبوونی ئەو ئیدئالانەوە هەیە کە حیزبی دێموکرات لە شێوازی خودموختاری یان فیدرالیدا گەڵاڵەی کردوون و وەک بەرنامەی سیاسیی ئەم حیزبە فورموولە کراون. بەشێکی دیکەی ئەم تێفکرینە باوەڕ بە "ڕەوابوونی جیابوونەوەی میللەتانی زوڵمێکراو"ە لەو وڵاتانەی کە مافەکانیان تێدا زەوت دەکرێ. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەم پێوەندییەدا جیابوونەوە بە بڕیارێکی ڕەوا و مەشرووع دەزانێ. بەڵام کە دەگاتە سەر پرسی "جیابوونەوە"ی بەشەکانی کوردستان لەو دەوڵەتانەی کە بەسەریاندا دابەش کراون، پێی وایە چیدیکە "جیابوونەوە" هیچ مەفهوومێکی نامێنێ و ڕاشکاوانە باس لەوە دەکرێ کە

ئەمە: یەکگرتنەوە"یە. لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیشەوە؛ "مافی یەکگرتنەوە لە مافی جیابوونەوە زیاترە". ئەم تێگەیشتنە کە تێفکرینێکی بنەڕەتیی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی نەتەوایەتیی کوردە لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کە لە مێژە پێی وایە؛ "کوردستان یەک وڵاتە و کورد یەک نەتەوەیە".

**شەهید دوکتور قاسملوو لەم پێوەندییەدا دەڵێ؛**

**"مافی دانانی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد، یانی هەموو کوردستان نە لەیەک جودابوونەوەیە، بەڵکوو بە پێچەوانە، یەکگرتنەوەیە. پێکەوە یەکگرتن مافی جیابوونەوە نیە، مافی یەکگرتنەوەیە، جوودابوونەوە لە میللەتەکانی دیکەیە. لە واقعدا حەقی یەکگرتنەوە تەنانەت لە حەقی جودابوونەوە زیاترە. کەوابوو ئێمە وەک نەتەوەی کورد ئەو حەقەمان هەیە کە ڕۆژێک یەک بگرینەوە، چونکە دابەشبوونی کوردستان، دابەشبوونێکی دەسکردە".**



## کەڵک وەرگرتن لە ڕەهەند و شێوازەکانی خەبات ۱



بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد، یەکێک لە بێدەرەتانترین جووڵانەوەکانی مێژووی هاوچەرخی جیهان بووە کە کۆمەڵە هۆکار و فەکتەرگەلێکی دەرەکی و نێوخۆیی لە ئافراندنی ئەم دۆخەدا ڕۆڵ و کاریگەرییان هەبووە. لە ڕیزی هۆکارە نێوخۆییەکاندا، ئەقڵییەتی ڕیبەریی بزووتنەوەکان لە سەر جۆری سیاسەتکردن و هەڵبژاردنی ڕێکار و شێوازەکانی خەبات و شێوەی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکان و ڕەفتار لە گەڵ "دوژمن"، کاریگەریی ڕاستەوخۆی لە سەر ئەم "بێدەرەتانیە" داناوە.

بە هاتنە مەیدانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و خوێندنەوەی بۆ جۆری سیاسەت و تێکۆشان لە سەر بنەمای واقعبینیی سیاسی و تێگەیشتن لە هاوکێشە سیاسییەکان، بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد هەوڵ دەدات درگا مومکینەکانی سیاسەت لە خۆی بکاتەوە.

حیزبی دێموکرات نە تەنیا لە خۆیدا سیاسەتی سەرقاڵ و مژووڵ بە مەفهوومی "دوژمنکاری" نەکرد و تۆکڵێکی سەخت و سفتی داخراوی بەبەردا نەکرد، بەڵکوو زۆر واقعبینانە سیاسەتی لە پانتایی ماهییەتی جەوهەریی خۆیدا کە تێکۆشان و گەڕان بەدوای ماف و ئازادیەکانی گەلی کوردە، لە چوارچێوەیەکی بەرینتردا پێناسە کرد.

## تایبەت بە سی و پێنج ساڵە

هەر دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای حیزبی دێموکرات و سەرۆکۆماری کوردستان، قازی محەممەد، تێکۆشەرانی ئەم حیزبە هاوکات لە گەڵ هەوڵەکانیان بۆ بووژانەوەی حیزبی دێموکرات، بەشداری لە ڕێفراندۆمی ساڵی ١٣٣٢ بۆ هەڵوەشانەوەی پارلمانی ئێران و هەڵبژاردنەکانی خولی حەڤدەهەمی ئەم پارلمانە دەکەن کە بۆ ئەو سەردەمی ژیانی حیزبی دێموکرات دەرفەتێکی گونجا و باش بوو.

لە برگەیەکی دیکەی ژیانی حیزبی دێموکراتدا کە دوکتور قاسملوو ئەم حیزبە چ لە ڕووی سیاسی چ لە ڕووی تەشکیلاتییەوە دەبووژێنێتەوە، تێفکرینی کەڵکوەرتن لە شێواز و بەستێنە جۆراوجۆرەکانی خەبات، بە شێوەی ڕەسمی دێتە نێو ئەدەبیات و بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە. شەهید قاسملوو بە تێفکرین لە درێژخایەنبوونی هاتنە دیی ئامانجی گشتیی حیزب، پێی وایە پێڕەویکردن لە شێوازەکانی دیکەی خەبات بە مەرجێک کە ڕەوا بن، درووست و بەجێیە.

**لەم پێوەندییەدا و لە "بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆیی حیزبی دێموکراتی کوردستان(ئێران)"دا کە لە لایەن دوکتور قاسمووەوە نووسراوە لە ڕەزبەری ١٣٥٢ی هەتاوی لە کۆنگرەی سێهەمدا پەسەندکراوە، هاتووە:**


"خەبات بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی خودموختار لە کوردستان کە داخوازێکی درێژخایەنە، دەگەڵ خەبات بۆ جێبەجێکردنی هێندێک داخواز لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا ناتەبایی نیە. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایە دایە کە بە خەباتی شێلگیر ئیمکانی هەیە ڕێژیم مەجبوور بکرێ پاشەکشە بکا. جا لەبەر ئەوە حیزبی ئێمە هەر ئێستاش بۆ هێنانەدی و بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کورد و... خەبات دەکا و پێی وایە کە بە خەباتی ڕێک و پێک دەتوانێ ئەو داخوازانە بەسەر ڕێژیمدا بسەپێنێ".

ئەم جۆرە لە تێفکرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ کەڵک وەرگرتن لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی خەبات، لە قۆناغە جیاجیاکانی خەبات و تێکۆشانی دا، ڕابردوویەکی پڕ لە نموونەی هەیە.هەر لە ماوەی چواردەیە دەسەڵاتداریی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیدا کە وڵامی داخوازییە نەتەوەیی و ئاشتیخوازانەکانی خەڵکی کوردستان و حیزبی دێموکرات بە "فەرمانی جیهاد" درایەوە، حیزبی دێموکرات، شان بەشانی بەڕێوەبردنی خەباتێکی پڕ لە قارەمانێتی و ئازایانەی پێشمەرگانە، بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆری وەک وتوێژ لە گەڵ ڕێژیم، بەشداری لە هەڵبژاردنە جۆراوجۆرەکان لە شێوەی بایکۆت، بەشداری و هاندانی خەڵک، هەوڵی داوە لە هەموو بەستێنەکاندا بە قازانجی پرسە گەورە نەتەوەییەکە کەڵک وەربگرێت. تەنانەت لەم پێوەندییەدا هەوڵیداوە لە ناکۆکییەکانی نێو باڵەکانی ڕێژیمیش بە قازانجی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان کەڵک وەربگرێت.

بۆ نموونە لە سەردەمی ناکۆکییەکانی نێوان یەکەم سەرکۆماری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران، بنیسەدر و خومەینی ڕێبەری ڕێژیم، شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:

حیزبی ئێمە لە گەڵ ئەوەدا تا ئێستا قسەی خۆشمان لە هیچ لایەیان نەبیستووە، بەڵام بە لێکدانەوەی خۆمان و بە لێکۆڵینەوەی حیزبەکامان هاتووینە سەر ئەو باوەڕە کە لەو ئیختلافەدا کە لە بەینی ئاغای بنی سەدر و هێندێ لەوانەی مورتەجعن درووست بووە، ئێمە ئامادەین ئەگەر داخوازەکانمان قبووڵ بکەن، پشتیوانی لە بنیسەدر بکەین.”

---



# کەڵک وەرگرتن لە ڕەهەند و شێوازەکانی خەبات ٢



ئەگەر بمانهەوێ بنەمایەک بۆ ئەم ڕوانگە و تێفکرینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەبەرچاو بگرین، جیا لە "هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان"، ناتوانێ هیچ شتێکی دیکە بێت. تەوەری هەموو ئەم ڕێبازە لە تێفکرینی حیزبی دێموکرات، "داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان"ە. بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو لە پێوەندی لە گەڵ وتووێژ لە گەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران - وەک شێوازێک لە خەبات - زۆر ڕاشکاوانە دەڵێ: **"ئەگەر ڕێژیم داوای موزاکرەمان لێ بکات، ئێمە ناتوانین ڕەتی بکەینەوە، وەک تا ئێستا چەند جارێکمان پێ وتوون، ئەوان دەزانن ئێمە داواکارییەکانی گەلی کوردیان لە گەڵ باس دەکەین، جا ئەگەر وتیان لەسەر ئەوە قسە ناکەن، ئەو کات ئێمە ئەوە بە موزاکرە نازانین".**

لە قۆناغەکانی دواتری خەباتی حیزبی دێموکراتدا کە شێوازەکانی حزووری ڕاستەوخۆی پێشمەرگە و خەباتی پێشمەرگانە کەم ڕەنگ دەبێتەوە و لە نێوخۆی وڵات کۆمەڵێک جموجۆڵی مەدەنی لە لایەن چالاکانی نێوخۆی وڵاتەوە سەرهەڵدەدەن، ئەم حیزبە بە گرتنە پێشی گوتار و ڕوانێنێکی نوێ لە خەبات و زەرفییەتەکانی کۆمەڵگەی کوردستان، پشتیوانیی خۆی لەم جموجۆڵانە ڕادەگەیەنێ و بە بەشێک لە خەباتی نەتەوایەتییان پێناسە دەکات. کاکڵ و تەوەری سەرەکیی ئەم تێڕوانین و گوتارە نوێیەی حیزبی دێموکرات، هەمدیسان "هێنانە بەر باسی ویست وداخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان"ە، بەو جیاوازییەوە کە لەم قۆناغەدا حیزب بە پێی شەرایەتی خەبات دەیهەوێ قورسایی ڕووبەڕوونەوە لە گەڵ ڕێژیمی تاران، نێوخۆی وڵات بێت.

تێفکرینـی حیزبـی دێـموکرات بـۆ شـێوازەکانی خەبـات لە چوارچێـوەی فرەڕەهەنـدبوونی بـزووتنەوەی نەتەوەیـی خەڵکـی کوردستاندا، لەڕوویەکی دیکەوە شیاوی سەرنج پێدان و قسە لەسەر کردنە. دەسەڵاتەکانی ناوەنـدگەرای ئێرانـی لەتـاران هەمیشە هەوڵیانداوە لە ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە بەرخورد بە پرسی کورد بکەن. بۆیە هەمیشە هەوڵیانـداوە پرسەکە تەنیـا لە چوارچێوەی حیزبەکان و هێزی پێشمەرگە و بەدەر لە خەڵک پێناسە بکەن. بۆیە ئەم تێفکرین و ڕوانگەیەی حیـزب کە خەڵکێکی زیـاتر لە کۆمەڵگەی کوردسـتان ڕۆژانە ڕوویـان لە دەسەڵات بێت، وەڵامێکی مەنتقی و زەرووریيە بەم ڕوانگەیەی ڕێژیم.

لە قۆنـاغی ئێسـتادا کە بە خۆشیەوە پانتـایی خەبـات زۆر بەربەرنتـر لە ڕابـردوویە و قورسـاییەکەی لە نێوخـۆی وڵاتە، حیزبی دێموکرات لە سەر ئەساسی باوەڕمەندبوون بە خەباتی فرەڕەهەند، هەموو ئەو جموجۆڵانەی نێوخۆی وڵات بە بەشێکی دانەبڕاو لە پرسە گەورە نەتەوەییەکە دەزانێ و وەک ڕێبەری بزووتنەوەی شوناسخوازانەی کورد لە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، خۆی بە پشتیوانی خەباتی مەدەنی و کۆمەڵگەی مەدەنی و چالاکانی ئەم بوارە دەزانێ.


پشـتیوانیی حیزبـی دێـموکرات لە تێکۆشـانی مەدەنـی لە نێوخـۆی وڵات لە قۆنـاغی ئێسـتادا لە رووی ڕوانـگە و تێفکـرینەوە پاشخانێکی دەوڵەمەنـدی بە ئەندێشـەکانی شـەهید دوکتـور قاسـملووەوە هەیە. زیـاتر لە ٣٠ سـاڵ پـێش ئێسـتا کە شێوازی "خەبـاتی مەدەنی" نە بەو ناوە و نە بەو پانتایەی ئێستا لە کوردستان لە ئارادا بوو،

**شەهید قاسملوو بە "هێنمانە" و "مەنفی" نێوهێنای ئەم شێوازە لە خەبات دەڵێ:**


**"حیزبی ئێمە دەبێ لە نێوان خەباتی پێشمەرگانە و "خەباتی هێمنانە"ی نێو شارەکاندا هەماهەنگی پێک بێنێ. ئەوانەی مخـالفی ڕێـژیمن و بەهەر شـێوازێک لە پێنـاو داخوازییەکـانی خەڵکدا خەبـات دەکەن، تەنـانەت بە شـێوازی "خەبـاتی مەنفی"، وەک ئەوە گاندی خەباتی پێ دەکرد، لای ئێمە قابیلی قبووڵ و جێـی ئێحترامن. ئێمە وا بیر ناکەینەوە کە هەرکەس مخالفی ڕێژیم بوو دەبێ حەتمەن چەک هەڵبگرێت. ئێمە لە هەر شێوە خەباتێک؛ لە خەباتی چەکدارییەوە بگرە تا خەباتی فەرهەنگی پێشوازی دەکەین".**

ئەم بۆچوونەی حیزبی دێموکرات بە نیسبەت شێوازەکانی خەبـات، رەگی لە جـۆری تێفکرینـی حیـزب بـۆ هـونەری سیاسـەت و عیلمـی سیاسـەتەوە هەیە. لە روانـگەی شـەهید قـاسملوو و حیزبـی دێمـوکراتەوە؛ سیاسـەت بە ئەقڵیەتـی پێـڕەوی کـردن لە لۆژیکی "سفر و سەت" و "ڕەش و سپی"، ناتوانێ موفهوومێکی کراوە و زیندوو بێ، بەڵکوو تێگەیشتن لە تەواوی رەقەمەکـانی

دیکە و ڕەنگە جیاوازەکانە بە مەرجێک بتوانرێ لە سەر ئەساسی بەرژەوەندیی گشتی و نەتەوەیی خەڵک دا کاریان لە سەر بکرێ. بە گشتی لە حیزبی دێموکراتدا مەزهەبیانە تەعبیر لە سیاسەت ناکرێ و بە بەرینایی هونەر، بیر لە ڕێگا مومکینەکان دەکرێتەوە و مادام ئەساسی هەموو ئەم تێفکرینانە لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ویست و داخوازییەکانی خەڵکی کوردستانە، گومان لە ڕەوایی ئەم ڕێبازە ناکرێ.



# یەکڕیزی و یەکگرتوویی



بۆ حیزبی دێموکرات کە ئامانج لە خەبات و تێکۆشانی، دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان لە ئێرانێکی دێموکرات دایە، لە بەرنامەی خۆیدا پرسی یەکێتی و یەکگرتوویی لە دوو بەستێنی "کوردستانی" و "ئێرانی" دا دێنێتە بەر باس. لە کۆماری کورستاندا هەموو هەوڵی پێشەوا قازی محەممەد ئەوە بوو کە لە ئاستی کوردستانیدا و لەنێو دەزگای بەڕێوەبەریی کۆمار و کۆمەڵی ئەو کاتی کوردەواریدا کە پێکهاتەیەکی خێڵەکی و عەشیرەیی هەبوو، یەکگرتوویەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی درووست بکات. لە سەر ئاستی ئێرانیش توانرا لێکنزیکبوونەوەیەک لە نێوان شەش لایەنی سیاسیدا پێک بێت.

لە قۆناغەکانی دیکە خەباتی حیزبی دێموکرات دژ بە دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامی ئێران، ئەم حیزبە "یەکێتی و خەباتی شێلگیرانەی پێکەوە"ی خەڵکی کوردستان و دواتر بزووتنەوەی کورد لە گەڵ گەلانی دیکەی ئێران لە بەرنامەی خۆیدا دەگونجێنێ و پێی وایە تەنیا لە ڕێگای ئەم یەکگرتوویی و یەکێتیەوەیە کە دەتوانن بەسەر نیزامی دەسەڵاتداردا زاڵ بن.

لەم پێوەندییەدا لە بەرنامەی حیزبی دێموکرات پەسەندکراوی کۆنگرەی سێهەمدا هاتووە کە؛ حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرنامەی خۆی دەخاتە بەرچاوی گەلی کورد و گشت دانیشتوانی کوردستان، کرێکاران، جوتیاران، ڕووناکبیران، بازاڕییان و

عەشیرەتە نیشتمانپەروەرەکان و لە هەموو ڕۆڵە بەشەرەفەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە کە بۆ وەدیهێنانی ئەم بەرنامەیە تێبکۆشن. حیزبی دێموکرات دڵنیایە کە یەکێتی و خەباتی شێلگیرانەی گەلی کورد "پێکەوە" دەگەڵ گەلانی دیکەی ئێران دەتوانێ و دەبێ ڕێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شا بڕوخێنێ".


چ لە سەردەمی پاشایەتی و چ دواتر لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا حیزبی دێموکرات هەمیشە باوەڕی وا بووە کە "خاڵی بەهێزی ئەم ڕێژیمانە، نەبوونی یەکێتی و یەکگرتوویی نێوان هێز و لایەنەکانی دژبەری ئەم ڕێژیمانەیە". بۆیە وێڕای قامکدانان لە سەر کەمایەسییەکان، ڕاشکاوانە ڕایگەیاندووە کە بۆ هاوکاری و کاری هاوبەش لە گەڵ هێزە دێموکرات و پێشکەوتنخوازەکان، ئامادەیە.

حیزبی دێموکرات کە یەکەم حیزب بوو لە ئاستی ئێراندا دەرکی بە نادێموکراتبوون و دژیگەلیبوونی ڕێژیمی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد، هەر لە سەرەتای ساڵەکانی هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمەوە بانگەوازی یەکگرتوویی و یەکێتیی لە گەڵ لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران دژ بەم ڕێژیمە دەرکرد. لە یەکێک لە کۆبوونەوەکانی حیزب دا، شەهید دوکتور قاسملوو وێڕای ئاماژەدا بە دۆخی شپرزەی ئابووری و سیاسیی ئێران و بەرتەسکردنەوەی ئازادییە دێموکراتیکەکان لە لایەن ڕێژیمەوە، ڕوو لە تەواوی "هێزە شۆڕشگێڕەکان" دەکات و داوایان لێ دەکات؛ "ئەگەر دەمانهەوێ چارەسەر بۆ هەموو ئەم گیروگرفتانە بدۆزینەوە و ئەگەر دەمانهەوێ بە جیدیی لەدژ بەم ڕێژیمە موبارزە بکەین، یەک ڕێگا هەیە، ئەویش یەک گرتنی هەموو هێزەکانی دێموکرات و ئەسیل و شۆڕشگێڕە".


لە پێوەندی لە گەڵ یەکێتی و یەکگرتوویی لە بەستێنی کوردستانیدا حیزبی دێموکرات لە سەر ئەساسی ڕێزگرتن لە بۆچوونە سیاسییە جیاوازەکان، هەر دوای دوای شۆڕشی ١٣٥٧ ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهاتنی دەستەی نوێنەرایەتیی گەلی کورد بۆ موزاکرە لە گەڵ دەوڵەتی ناوەندی گێڕا. لە قۆناغەکانی دواتری ژیانی خۆیدا حیزبی دێموکرات بۆ پێکهێنانی یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان هێزە کوردستانییەکانی کوردستان و کۆتایی هاتن بە گرژی و ناکۆکییەکان زیاتر لە هەموو لایەک مایەی لە خۆ داناوە. حیزب لەم پێوەندییەدا ڕەخنەی جیدی لە ڕابردووی ناکۆکییەکانی نێوان هێزە کوردستانییەکان گرتووە و وەک حیزبێکی بەرپرسیار، بەشی خۆی لەم کەمایەسیانە قبووڵ کردوە و بە تێگەیشتن لە زەرورەتی ئەم مەسەلە هەرە گرینگ و هەستیارە، لەم ساڵەنی دواییدا زیاتر لە هەمیشە خۆی بەم پرسەوە ماندوو کردوە کە بە خۆشییەوە بەرەوپێشچوونی بەرچاویش دەبیندرێ.

لەسەر ئاستی هێزە ئێرانییەکانیش، حیزبی دێموکرات نەتەنیا ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە بەڵکوو زۆر جار ڕۆڵی تەوەر و کۆکەرەوەی لە نێو هێزە ئێرانیەکاندا گێڕاوە کە ئەمە پێوەندیی بە ڕۆڵ و پێگەی ئەم حیزبە لە کوردستان و لە هەمووی گرینگتر، لە مەیداندابوونی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە خەبات و تێکۆشان دایە.

ئەساس و بنەڕەتی ئەم ڕیبازەی حیزبی دێموکرات پێش هەموو شتێک لە سەر پاراستنی قازانج و بەرژەوەندییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان بووە. بە واتایەکی ڕوونتر زۆری بۆ گرینگ بووە کە ئەو هێز و لایەنانەی کە دەیهەوێ یەکێتی و یەکگرتوویی لە گەڵیان پێک بێنێ، چۆن دەڕواننە پرسی کورد و لەم پێناوەدا بە چ شێوەیەک پێناسەی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان دەکەن. بۆیە ئەساسیترین پێشمەرجی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئەو لایەنانەی کە دەیهەوێ لەگەڵیان لە یەکگرتوویی و یەکریزی دا بێت، بەڕەسمی ناسینی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە. هەر بۆیە حیزبی دێموکرات هەمیشە وتوویەتی: "ئامادەیە لە گەڵ ئەو هێز و لایەنە دێموکرات و پێشکەوتنخوازانەی کە باوەڕیان بە مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد هەیە و سەربەخۆیی سیاسیی بۆ حیزبی دێموکرات بە ڕەسمی دەزانن، کاری هاوبەش بکات".



# ژیاندۆستی و هەوڵدان بۆ بەختیاریی کۆمەڵ



لە روانگەی حیزبی دێموکراتەوە، "ئازادی" پێش ئەوەی مەفهوومێکی سیاسی بێت، تەعبیرێکی بەرینی ئینسانییە کە قەت لە تێکۆشانی سیاسیدا بە هیچ پاساوێک هەوڵی بەرتەسکردنەوەی نادرێ. خەباتی حیزبی دێموکرات کە مانایەکی سیاسی - نەتەوەیی بە خۆوە گرتوە، جیا لە هەوڵدان بۆ چەسپاندنی بەختیاری لە کۆمەڵی کوردەواریدا ناتوانێکی هیچ مانایەکی دیکە بدات. بەو مانایە کە ئینسانی کورد کە مافی باش ژیان و بەختیاربوونی لێ زەوت کراوە، دەیهەوێ بۆ وەدەستهێنانی ئەم مافە ئینسانییە خەبات بکات و بە ژیانێکی شیاوی خۆی بگات و ئەم خەباتە ناتوانێ بەتاڵ بێت لە مەفهوومی ژیاندۆستی. بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتاوە زۆر ڕاشکاوانە لە بەرنامە خۆی دا ڕادەگەیەنێ کە؛ "بەرزکردنەوەی پایەی ژیانی گەلی کورد، ناوەرۆکی ئەساسی بەرنامەی حیزبی دێموکراتە".

لە حیزبی دێموکراتدا بە پێچەوانەی ئەو ڕوانینە باوانەی نێو بزووتنەوە سیاسییەکان کە پێیان وایە لە قۆناغی تێکۆشاندا پێویستە ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان سنووردا بکرێن، ژیاندۆستی تێکەڵ بە ڕەوتی تێکۆشان دەکرێ و خەبات لەم پێناوی ژیاندۆستی و بەختیاربوونی کۆمەڵدا پێناسە وەردەگرێ. بۆیە درووشمی "ژیان و خەبات" دەبێتە نوێنگەی فەلسەفەی تێڕوانینی ئەم حیزبە بۆ کۆی تێکۆشانی خەباتکارانە.

بەرزکردنەوەی پایەکانی ژیانی ئینسانی کورد و هەوڵدا بۆ بەختیاریی کۆمەڵی کوردەواری، ئامانجی ئەساسیی تێکۆشانی حیزبی دێموکراتە.

**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:**

**"هەموو هەوڵی ئێمە ئەوەیە کە گەلەکەمان خۆش بژیت و کۆمەڵێکی بەختیارمان هەبێت". لە ماوەی تێکۆشانی پڕ لە دژواری و ڕۆژە سەختەکاندا هیچکات ئەم ڕوانینە ئینسانییە، بە پاساوی جۆراوجۆری وەک بێدەرەتانی، شەڕ، ئاوارەیی و بێئیمکاناتی و کارەساتی جۆراوجۆر، نەتەنیا لە بیر نەکراوە بەڵکوو کەمڕەنگیش نەبۆتەوە.**

**هەرکات حیزبی دێموکرات زانیبێتی کە ژیان و گوزەرانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە هۆی هەڵوێست و سیاسەتێکی ئەووەوە، دەکەوێتە مەترسییەوە، دەست بەجێ پاشەکشەی لێ کردوە. دوای هێرشی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر شارەکانی کوردستان لە هاوینی ١٣٥٩ی هەتاوی، زۆر کەس و لایەن پێیان وابوو کە دەبوا هێزی پێشمەرگە لە شارەکاندا مقاوەمەتی کردبا و شەڕی لە نێو شارەکاندا درێژە پێ دابا. بەڵام حیزبی دێموکرات بە هیچ شێوەیەک ئەمە بە درووست نازانێ و بە هۆکاری پاراستنی "ژیانی خەڵک" شەڕ لە شارەکان دەباتە دەرێ و بە شێوەی پارتیزانی درێژە بە بەرەنگاریی چەکدارانەی خۆی دەدات.**

**لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:**

**شەڕ لە نێو شارەکاندا بە قازانجی دوژمن و زەرەری خەڵکەکەمانە،**
**ئێمە بە هیچ شێوەیەک نامانهەوێ خەڵک ژیانی لێ بشێوێ و ئاوارە بن و شارەکانمان وێران بکرێن". ئەمە جیا لە خۆ بە بەرپرسیارزانین بەرانبەر بە ژیان و بەختیاریی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ناتوانێ شتێکی تر بێت.**

**لە ڕیزەکانی خەبات و تێکۆشانی ئەم حیزبەدا هەمیشە روانگەیەکی ئینسانی بەسەر جۆری تێفرینی حیزب بۆ سەر ژیان و ڕەفتاری تێکۆشەرانی دا زاڵ بووە. لەم حیزبەدا هاوکات لە گەڵ خەبات و تێکۆشان و گیانفیدایی بۆ ئارمانجە بەرزە سیاسی و نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، ژیاندۆستی بە مانا گشتی و کۆمەڵایەتییەکەی خۆی، کە بریتی بێت لە خۆشەویستی، پێکهێنانی ژیانی هاوبەش و بوونی منداڵ، هەڵپەڕکێ و خۆشییەکانی دیکەی ژیان هەروا بەردەوام بووە. لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو یەکێک لە هاندەرانی ژیاندۆستی لەنێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا بووە، هەمیشە پێشمەرگەکانی هان داوە کە جوانییەکانی ژیانیان خۆش بوێ. پێی وتوون؛ نابێ رەنگی ڕەش بپۆشن، نابێ رێشتان زۆر بێت. هەمیشە بە پێکەنین و دەربڕینی خۆشحاڵییەوە لە زەماوەندی پێشمەرگەکاندا بەشداری کردوە و هانی داون کە بەختەوەرانە بژین.**


ئەم تێڕوانینە بەرزە ئینسانییە هەرچەند لە زۆر قۆناغدا باری ئەم حیزبەی لە ڕووی حەوانەوە و پێڕاگەیشتنەوە زۆر قورس و دژوار کردوە، بەڵام وەک باقی پرنسیپە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە، خەسڵەتێکی نەگۆڕە و وەک ڕێبازێکی فکری - کۆمەڵایەتی بەشێکە لە شانازییەکانی حیزبی دێموکرات.

لە گەڵ ئەوەیکە یەکێک لە وتە هەرە پڕمانا و زیندووەکانی شەهید دووکتور قاسملوو ئەوەیە کە؛ **"گەلێک ئازادی بوێ دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات"**، بەڵام "ژیانی پێشمەرگەیەک" بۆ دوکتور قاسملوو "لە هەموو شتێک ئەزیزتر" بوو. بۆیە حیزبی دێموکرات بە بایەخەوە دڕوانێتە ژیانی ئینسانی کورد و تەنیا وەدەستهێنانی ئازادییە کە دەتوانێ ئەم بایی ئەم نرخە دیاری بکات.

---



## ڕێکخراو، وەک چەکێکی هەرە گرینگ



کلتووری بەڕێکخراوکردنی بزووتنەوەی کورد بە شێوەی ڕەسمی و ئۆرگانیزەکراو لە حیزبی دێموکراتەوە دەست پێ دەکات. حیزبی دێموکرات کە بە شێوازێکی مودێرن و بەدوور لە دەسەڵاتی عەشیرە، شێخ و ئاغا بزووتنەوەیەکی نوێی نەتەوەیی و دێموکراتی بنیات دەنێ، بۆ ئەوەی ئۆرگانیزمێکی زیندوو و چالاک بە بزووتنەوە ببەخشێ و خۆی لە کۆت و بەندی خۆبەستنەوە بە تاکە سەرۆکێک ڕزگار بکات، گرینگی بە ڕێکخراوبوونی بزوتنەوە دەدات.

**لەم پێوەندییەدا دوکتورعەبدولڕەحمان قاسملوو کە باوەڕێکی قووڵی بە زیندوو ڕاگرتنی بزووتنەوە و حیزب لە ڕێگای ڕێکخراوەوە بوو، دەڵێ:**

"ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورددا بخشێنین، دەبینین زۆربەی بزووتنەوەکان شێخێک، مەلایەک، ئاغایەک یان سەرۆک عەشیرەتێک سەرکردایەتیی کردوون. نەتیجەی ئەم وەزعە ئەوە بووە کە هەروەخت سەرۆکی بزووتنەوەکە کوژراوە، مردوە، فریودراوە، یان خیانەتی کردوە، بزووتنەوەکەش مەحکووم بە پاشەکشە بووە. چونکی هەموو کارەکان بە وجوودی تەنیا یەک کەسەوە بەستراوەتەوە. بۆ دەربازبوون لەم دۆخە دەبێ بزووتنەوەکە بە ڕێکخراو بکرێ و لە چنگی سەرکردایەتیی تاکە کەسی ڕزگاری بێت".

کەوابوو لە ڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکراتەوە بوونی ڕێکخراو یان بەڕێکخراوکردنی بزووتنەوە، تەنیا خوێندنەوەیەکی

حیزبی بۆ ڕاپەڕاندنی کاری حیزب نیە، بەڵکوو قسەکردن لە سەر تەزمین و گەرەنتیی بزووتنەوەیە لە بەردەوامی و نەبەستنەوەی بە تەنیا کەسێکی تایبەت.

لە ڕوانگەی حیزبیشەوە شەهید دوکتور قاسملوو "ڕێکخراو بە چەکی هەرە گرینگی حیزب" دەزانێ و پێی وایە، ئەوە بوونی ڕێکخراوە کە حیزبی سیاسی لە چنگی کلتووری عەشیرەیی، خێڵ، ئاغا و شێخ دەپارێزێ و ئۆرگانیزمێکی زیندوو و چالاک بە حیزب دەبەخشێ. ڕێکخراو کە لە قۆناغەکانی دواتری حیزبی دێموکراتدا بە "تەشکیلات" ناو دەر دەکات، بە پێی قۆناغەکانی ژیانی حیزب، ڕۆڵی دەگۆڕدرێ. هەموو لایەک ئەوە باش دەزانن کە نزیک بە تەواوی ژیانی حیزبی دێموکرات جیا لە کەمتر لە ٤ ساڵی نەبێ، هەموو ئەوی دیکەی دوور لە ژینگەی ئەسڵیی خۆی واتە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ژیاوە و خەباتی کردوە. یانی حیزبی دێموکرات یەکێک لەو دەگمەن حیزبانەی دونیایە کە جیا لە کەمتر لە چوار ساڵی تەمەنی خۆی،زیاتر لە حەفتا ساڵ دوور لەو شوێنەی خەباتی بۆ دەکات، ژیاوە. بۆیە بوونی ڕێکخراو لەم حیزبەدا زەروورەتێکی حاشا هەڵنەگرە. ئێستاش سەرەڕای ئەم هەمووە دوورییە، کە دەبینین حیزبی دێموکرات ڕۆژبەڕۆژ جێگەو پێگەیی لە نێو خەڵکەکەدا پەرە دەستێنێ، بەشێکی هەرە ئەساسی بۆ هۆکاری "بوون"ی ڕێکخراو لەم حیزبە دەگەڕێتەوە.

حیزبی دێموکرات کە سیاسەتێکی درووست و واقعبینانەی ڕەچاو کردوە و خاوەنی پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە، لە نێوان سیاسەتەکانی خۆی و پشتیوانیی خەڵکدا ئەڵقەیەکی بەهێزی پێوەندی دەبینێ کە ئەوەیش تەشکیلاتە.


**بۆیە لەم پێوەندییەدا شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ: "لە نێوان سیاسەتی درووست و ئوسوولی حیزب و کۆمەڵانی بەرینی گەل دا کە پشتیوانیی ئەو سیاسەتەن، ئەڵقەیەک هەیە کە پێوەندیی تەشکیلاتە".**

تەشکیلات لە حیزبی دێموکراتدا تەنیا ئەرکی ئەوە نیە کە سیاسەت و بۆچوونەکانی حیزب بەرێتە نێو خەڵک، بەڵکوو دەبێ حیزب لە ڕێگای ئەم ئەڵقەوە ئاگاداری بیروبۆچوون و ڕەخنە و پێشنیارەکانی گەل بێت. بۆیە تەشکیلات لە ڕاستیدا زمان، گوێ و چاوی حیزبە.

**دوکتور قاسملوو لەم بارەوە دەڵێ: "ئێمە پێویستمان بە ڕێکخراوێک هەیە کە بە زوویی و چالاکانە هەموو بڕیارەکانی ڕێبەرایەتیی حیزب بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بگەیەنێ، هەر بەو چوست و چالاکییەش ویست و داخوازییەکانی خەڵک بگەیەنێتەوە بە ڕێبەرایەتیی، بۆ ئەوەی حیزب بتوانێ سیاسەتەکانی خۆی بە چەشنێکی درووستتر لە سەر ئەو**

داخوازانە دابنێ". بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا ڕۆڵی تەشکیلات لە زیندووراگرتنی ئۆرگانیزاسیۆنی حیزبدا بە گرینگییەوە سەیر دەکرێ و بە چەکی هەرە گرینگیش پێناسە کراوە.

شەهید دوکتور قاسملوو بەم شێوە باس لە گرینگیی تەشکیلات دەکات؛ "بە بێ بوونی تەشکیلاتی حیزبی، هێزی بێپایانی خەڵک وەک ئینێرژییەکی دەست لێنەدراو دەمێنێتەوە، ئەگەرچی بە شێوەی خۆبەخۆ حەرەکەت لە خۆی نیشان دەدا، بەڵام کاریگەر نابێ، دووژمن زەبری لێ دەدا و بە چۆکی دادێنێ. ئەوە ڕاستییەکی مێژوویە و لە جووڵانەوەکانی ڕابردووی گەلی کورددا نەبوونی تەشکیلات وەک ئاوێنەیەک خۆ دەنوێنێ کە هۆی تێکشکان و ناکامییەکانە.



## بەرژەوەندیی نەتەوەیی



حیزبی دێموکرات کە لە سەر ئەساس و بنەمای بیری "نەتەوەیی" و لە پێناو هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی "ویست و داخوازییە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" دامەزراوە، بەرژەوەندیی نەتەوەیی گەلی کورد لەگەڵ ناو و بەرنامەکانی لێک گرێ دراوە. بۆیە بە نیسبەت حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە لە بنیڕا باسکردن لە دوو مەفهوومی "بەرژەوەندیی نەتەوەیی" و "بەرژەوەندیی حیزبیی" نادرووست و، لە جێی خۆیدا نیە.

تەواوی ئەو هێما و سەمبولە هاوبەشە نەتەوەییانەی کە ئەمڕۆ ئینسانی کورد لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە شانازی پێوە دەکات و بەمانەوە هۆڤییەتی نەتەوەیی خۆی پێناسە دەکات، داهێنان و دەسکەوتی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتن. ئەوە حیزبی دێموکراتە کە بۆ یەکەمین جار لە مێژووی نەتەوەی کورددا، بە بیرێکی ئەمڕۆژیانەی نەتەوەیی و دێموکراتیکەوە، قەوارەیەکی سیاسی - نەتەوەیی بە ناوی "کۆماری کوردستان" دادەمەزرێنێ و "باوەڕبەخۆبوون" لە تاکی کورد دا بنیات دەنێ. ئەوە حیزبی دێموکراتە کە بۆ یەکەمین جار بە پشت بەستن بە دەسەڵاتێکی ڕەسمیی وەک کۆمار، "ئاڵای کوردستان" بەرز دەکاتەوە و "شکۆ" بە وجوودی ئینسانی کورد و خاکی کوردستان دەبەخشێ. ئەوە بۆ یەکەمین جار حیزبی دێموکراتە کە بە دامەزراندنی "سپای میللی" و ناونانی بە "پێشمەرگەی کوردستان"، بیرۆکەی زەرووەرەتی "خۆپاراستن" و پشت بە خۆبەستن لە ئەقڵییەتی ئینسانی کورد دا بنیات دەنێ. هەموو ئەم هێما و پێناسە نەتەوەییانە بەشێکن لە ئەقلییەت و تێکۆشانی نەتەوایەتیی حیزبی دێموکرات لە پێناو هەوڵدان بۆ دابینکردنی "بەرژەوەندی نەتەوەیی".


نەهادینەبوونی ئەم تێگەیشتنە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ مەفهوومی "بەرژەوەندی نەتەوەیی"، هەموو تێفکرین و تێکۆشانێکی ئەم حیزبە لە هەموو بەستێنەکاندا دەخاتە ژێر هژموونی خۆیەوە و دەبێتە چرای ڕێگای تێکۆشانی سەرجەم تێکۆشەرانی. پێشەوای مەزنی حیزبی دێموکرات، شەهید قازی محەممەد کە ئامادەیە لە پێناو پاراستنی گەلەکەی لە کوشت و کوشتاری بە کۆمەڵ، خۆی بە دەستەوە بدات و لە سێدارە بدرێت - وەک دامەزرێنەری ئەم حیزبە - ویستی ئەم پەیامە هەتاهەتاییە بڵاو بکاتەوە کە "ئامادەین لە پێناو خاک و خەڵکی خۆماندا بمرین".

لە قۆناغەکانی دواتریش حیزبی دێموکرات هەر لەسەر ئەساسی بیری نەتەوەیی و هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی بەرژەوەندە گشتی و نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد، نەتەوەییانە بیری کردۆتەوە و نەتەوەییانە هەنگاوی ناوە. شەهید دوکتور قاسملوو، سکرتێری ئەم حیزبە کە لە مێژووی جووڵانەوەی کورددا بە پیاوی دیپلۆماسی و دیتنەوەی دۆست و پشتیوانی بیانی بۆ کورد دەناسرێ، ئەوەندەی لەم بەستێنەدا بۆ حیزبەکەی هەوڵی دەدا، زۆر زیاتر لەوە هەوڵی دەدا خزمەتەکانی بۆ گشت کورد و کوردستان بێت. **"دوکتور قاسملوو تەنیا لە فکری حیزبەکەی دا نەبوو. لە ڕاستی ئەو حیزبەکەی خۆی بە وەسیلەیەک بۆ بەرەوپێش بردنی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان و ئامانجە بەرزەکانی دیکەی چاو لێ دەکرد. بۆیە لە پێناو قازانج و مەسڵەحەتی گەلەکەی دا هەمیشە هاوسەنگەرانی لە حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ڕادەسپارد کە قازانجی حیزب فیدا بکەن".**

لە ڕووی هەزینەدان و فیداکردنی قازانج و بەرژەوەندیی حیزبییەوە لە پێناو پاراستنی دەسکەوت و بەرژەوەندییە نەتەوەیی و نیشتمانیەکاندا، حیزبی دێموکرات کارنامەیەکی درەوشاوەی پڕ لە شانازیی هەیە. ئەم تێفکرینە نەتەوەییەی حیزبی دێموکرات بۆ مەفهوومی "بەرژەوەندی نەتەوەیی" کە بێگومان تێچووی قورس و گرانی بۆ خودی حیزبی دێموکرات لێکەوتۆتەوە، لە زۆر قۆناغدا تەنانەت شوێنەواری نەرێنیی لە سەر جۆری تێکۆشان و ئیمکاناتی مادی و مەعنەویی ئەم حیزبە داناوە، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمەش وەک زۆرێک لە پرنسیپە نەگۆڕە نەتەوەییەکانی دیکەی، مانا و پێناسەی وجوودیی ئەم حیزبەن.

بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە تەنیا مەفهوومێکی کۆمەڵایەتی یا سیاسی نیە بە تەنیا، بەڵکوو مەفهوومێکی جەوهەرییە بۆ بەرنامەیەکی نەتەوەیی کە حیزبێکی سیاسی، فەلسەفەی وجوودیی خۆی لە پێناو دەستەبەرکردنی ناوەرۆکی ئەم بەرنامەیەدا کە هەمان ویست و ئازادییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستانە، پێناسە دەکات.

بە بێ ئەوەی بمانهەوێ لە چوارچێوەی بابەتیانەی ئەم باسە بتەرازێین و ڕواڵەتێکی "ئەرزشی" پێ ببەخشین، سەرنجدان بە مەوقعیەتی کۆمەڵایەتی، عیلمی و سیاسیی سێ ڕێبەری شەهید کراوی ئەم حیزبە(قازی، قاسملوو و شەرەفکەندی) کە لەکۆتاییدا گیانیان لە پێناو ئامانجە بەرزە نەتەوەییەکانی گەلی خۆیاندا بەخت کرد، ناچارمان دەکات کە قووڵتر لەهەمیشە بیر لەڕوانگە و تێفکرینی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ بەرژەوەندی نەتەوەیی بکەینەوە.



# عەداڵەتی کۆمەڵایەتی



"حیزبی دێموکرات هەرچەند حیزبێکی دێموکراتی - میللیيە، بەڵام هەر لەو کاتەدا حیزبێکی پێشڕەوە. حیزبی پێشڕەو بەو مانایە کە دەیهەوێ هاوڕێ لە گەڵ چارەسەرکردنی مەسەلەی نەتەوەیی و وەرگرتنی مافی نەتەوەیی گەلەکەمان، مەسەلەی کۆمەڵایەتیش چارەسەر بکات. بۆیە ئەم حیزبە هەر لە سەرەتاوە بە پێویستی زانیوە بەرنامەیەکی ئەوتۆ دابنێ کە هەم بە شێوەیەکی ئوسوولی و هەتا سەر مەسەلەی نەتەوەیی حەل بکات و، هەم گیروگرفتە کۆمەڵایەتییەکانیش بخاتە بەرچاو و بۆ چارەسەرکردنیان تێبکۆشێ. ئەم حیزبە لە کاتی پێکهاتنیەوە، واتە لە ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوییەوە وەک حیزبێکی نەتەوەیی پێشڕەو بووە لە ساڵی ١٣٥٠ی هەتاویشەوە تا ئێستا بەرنامەکەی بە تایبەتی لە سەر ئەساسی چارەسەری ئەو دوو مەسەلەیە (نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی) دانراوە".

گرینگیدان بە ڕەسالەتی مێژوویی خۆی وەک حیزبێکی سیاسی کە خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی میللەتێک بە بەرپرسیار دەزانێ، بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەرکە. ئەرکێک کە پێوەندی بە ئامانجی دوارۆژی ژیان و گوزەرانی ئەم میللەتەوە هەیە. بۆیە حیزبی دێموکرات بۆ یەکەمجار لە مێژووی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد دا لە سەر سێ بنەما و خوێندنەوەی؛ مێژوویی، عیلمی و کۆمەڵایەتی، ئاوڕ لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی پرسی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی دوارۆژی کوردەواری دەداتەوە و لە چوارچێوەی "ئامانجی دوارۆژ"ی خۆیدا کە پیادەکردنی نیزامێکی سۆسیالیستییە بەرنامە و پلانی تایبەت بە خۆی هەیە. لەم پێوەندییەدا حیزبی دێموکراتی کوردستان مەدیون و قەرزاری دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملووە کە لەم پێوەندییەدا نەتەنیا لە حیزبی دێموکرات بەڵکوو لە بزووتنەوەی نەتەوەیی خەڵکی کوردستاندا لە رووی فکری و

سیاسییەوە داهێنان و ڕچەشکێنی کردوە.

ئاوڕدانەوە کە ئاستی ژیان و گوزەرانی نەتەوەیی خەڵکی کوردستان - دوای قۆناغی ڕزگاریی - کە زۆربەی هەرە زۆری ئەم کۆمەڵگەیە لە خەڵکی "زەحمەتکێش" پێک دێ، بەشێکە لە "ئامانجی دواڕۆژ"ی حیزبی دێموکرات کە لە بەرنامەی ئەم حیزبەدا بۆ ئەم مەبەستە، "سۆسیالیزم" وەک "ئامانج" هەڵبژێردراوە. ئەم ڕێبازە کە بە دەیان لق و پۆی جۆراوجۆری ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، کلتووری و تەنانەت مەزهەبیشی لێ دەکەوێتەوە، "طتبیق" و گونجاندنی لە گەڵ کۆمەڵی کوردەواریدا هەروا ناتوانێ ئاسان بێت. بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا شەهید دوکتور قاسملوو لە چوارچێوەی خوێندنەوەیەکی ورد و زانستی لە ژێر ناوی "کورتە باسێک لە سۆسیالیزم" دا وێڕای بە نموونە هێنانەوەی خاڵە بەهێز و لاوازەکانی سۆسیالیزم لە وڵاتانی جۆراوجۆر و ڕەخنەگرتن لە کۆمەڵێک مودێلی ناسەرکەوتووی ئەم نیزامە سیاسی و ئابووریە، لە کۆتاییدا بە سەرنجدان بە تایبەتمەندییە ئابووری، کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی کۆمەڵی کوردەواری، "سۆسیالیزمی دێموکراتیک" وەک گونجاوترین جۆری ئەم نیزامە بۆ دوارۆژی کۆمەڵی کوردەواری تێئۆریزەی دەکات و پەسەند دەکرێ.

لەم ئامانجەدا کە شەهید دوکتور قاسملوو زۆری پێداگری لە سەر دەکات و تەواوی ڕەخنەکانیشی لە "سۆسیالیزمی مەوجوود" هەر تایبەت بەو دوو تەوەرەن؛ "دێموکراسی" و "عەدالەتی کۆمەڵایەتی"یە. لە پێوەندی لە گەڵ یەکەمیاندا دوکتور قاسملوو بە ئاماژەدا بە سۆسیالیزم لە یەکێتی سۆڤییەت و کۆبی و لاساییکردنەوەی ئەم جۆرە لە سۆسیالیزم لە وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، پێی لەژێرپێنانی دێموکراسی توانی گەورەترین زەربە لەم ڕێبازە بدات. لە پێوەندی لە گەڵ ماهییەت و ئامانجی سۆسیالیزمیش دا پێی وایە، بە بێ پیادەکردنی "عەدالەتی کۆمەڵایەتی"، سۆسیالیزم تەنیا دروشمێکی بێنێوەرۆکە. لە ئاکامدا لەو باوەڕەدایە کە دامالینی "دێموکراسی" و "عەدالەتی کۆمەڵایەتی" لە سۆسیالیزم دەبێتە "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" کە بە لای حیزبی دێموکراتەوە کارێکی نابەجێیە.

لابردنی ستەمەی چینایەتی، بەشێکە لە خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. ئەم حیزبە پێی وایە بەختیاریی مرۆڤ تەنیا بەدابینبوونی مافە نەتەوایەتییەکانی دەستەبەر نابێت. بۆیە لەبەین بردنی ستەمی نەتەوایەتی (دابینکردنی مافی دیاریکردنی چارەنووس) و ستەمی چینایەتی(دابینکردنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی) و دابینکردنی دێموکراسی و ئازادی، ئەو سێ مەیدانەیە کە حیزبی دێموکرات خەباتیان بۆ دەکات.

هەوڵدان بۆ چەسپاندنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵی کوردەواریدا پرۆسەیەکی دوور و درێژە و لەوانەیە تەمەنی چەند نەسلێکی بوێ، بەڵام بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان کە خۆی بەرانبەر بە چارەنووسی گەلی کورد بە بەرپرسیار

دەزانێ، ئامانجێکی تەتەڵە کراوە کە لە باوەڕێکی قووڵی ئەم حیزبە بە "بەختیاریی ئینسانی کورد"ەوە سەرچاوە دەگرێ. بۆیە بە پێچەوانەی ئەو تێڕوانینە بەرتەسکەی کە پێی وایە گەلانی چەوساوە بە گەیشتن بە مافە نەتەوایەتییەکانیان بە بەختەوەریی هەمیشەیی دەگەن، حیزبی دێموکرات لەو باوەڕە دایە کە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی چەوسانەوەی ئینسان بەدەستی ئینسان، پرۆسەیەکی دوورودرێژە کەگەیشتن بە کۆمەڵگەیەکی دادپەروەر دەتوانێ ئینسان بە لێوارەکانی بەختەوەری بگەیەنێ.



# ڕێزگرتن لە بیر و باوەڕەکانی کۆمەڵی کوردەواری



حیزبی دێموکرات وەک ڕەوتێکی نەتەوەیی کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری لە خۆی دەگرێ، بە پێچەوانەی ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی کە ئیدئۆلۆک و تایبەت بە چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەن، پێویستە لە ڕووی سیاسەت و ڕەفتارەوە بە پانتایی پێکهاتەکانی جۆراوجۆرەکانی کوردستان سەرنجی تایبەتی بدرێتی. حیزبی دێموکرات بەتەنیا هی چینێکی تایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان نیە کە تێڕوانین و هەڵوێست و ڕەفتارەکانی تەنیا بە قازانجی ئەو چینە فورمولە بکات، بەڵکوو نوێنەرایەتیی بزووتنەوەیەکی فرە چەشن لە نێو میللەتێک بە پێکهاتەی جۆراوجۆرەوە دەکات. بۆیە پێویستە بۆ قایمکردنی پێگەی جەماوەریی خۆی، سەرنجی کۆمەڵێکی بەرفراوان لە خەڵکی کوردستان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ، بۆ ئەم کارە تەنیا تێفکرین و هەڵوێستی درووستی سیاسی بەس نیە، بەڵکوو دیتنی کۆمەڵگایەکی فرە چەشن، فرە کلتوور، فرە ئایین، فرە تێڕوانین و لە هەموو گرینگتر، بە ڕەسمی ناسینی ئەم جیاوازیانە زەرووری و پێویستە. کە دەڵێین بە ڕەسمی ناسینی ئەم جۆراوجۆریانە بۆ حیزبێکی وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان زەرووریيە، ڕاست بەو مەبەستەیە کە دەبێ ئەم حیزبە بە چاوی ڕێزەوە لەم جیاوازیانە بڕوانێ.

ئەم باسە بۆ حیزبی دێموکرات ئەو کاتە زیاتر لە ڕەهەندی هەستیارییەوە گرینگیی پەیدا دەکات کە ئەم حیزبە خۆی پێ ڕێکخراوێکی پێشڕەوە و هەڵگری کۆمەڵێک بەها و مەفهوومی مودێرنە کە بۆی پرنسیپن و ناتوانێ خۆیان لێ لا بدات. قسەکردن لە مەفهوومی سێکۆلاریزم لە کۆمەڵێکی باوەڕمەند بە بیروباوەڕی مەزهەبی، باوەڕمەندبوون بە مافی بەرانبەری ژن و پیاو لە کۆمەڵگەیەکدا کە تا ئەم چەند ساڵانەی دوایی دیاردەکانی "ژن بە ژنە"، "گەورە بە چووکە"، "فرەژنی" و "بەرخوێن" تیایدا نۆڕمێکی ئەرزشی بوون، هەروا ئاسان نیە.


حیزبی دێموکرات کە لە بەرنامە و خوێندنەوەدا تێڕوانینێکی پێشکەوتنخوازانەی هەیە و و قسە لە پیادەکردنی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی لە دواڕۆژی خەبات و تێکۆشانی خۆیدا دەکات، هاوکات دەزانێ کە لە ژینگەیەکدا دەبێ کار بۆ ئەم ئایدیا و ڕوانینە پێشکەوتنخوازانەیە بکات کە نەتەنیا لە زۆر ڕووەوە یەک دەست نیە بەڵکوو پڕە لە حەساسییەتی جۆراوجۆری مەزهەبی، عەشیرەیی و کلتووری کە نادیدەگرتنیان جیا لە خۆ بێبەریکردن لە پشتیوانیکردنی "خەڵک" ناتوانی ئاکامێکی دیکەی هەبێت. گومانیشی تێدا نیە کە خەڵک لە ڕوانگەی حیزبی دێموکراتەوە سەرمایەیەکی گەورەی زێندوویە کە پشت تێهەڵکردن لێی، ڕاست بەمانای چوونیەژێر پرسیاری ماهییەتی وجوودیی ئەم حیزبەیە.

بۆیە حیزبی دێموکراتی کوردستان هاوکات لە گەڵ هەوڵدان بۆ پاراستن و شانازیکردن بە پێشڕەوبوونی خۆی و داهێنان و باوەڕە دێموکراتیکەکانی، هەموو هەوڵێکی ئەوە بووە کە ڕێز لە جۆری بیکردنەوە و باوەڕەکانی کۆمەڵی کوردواری بە هەموو پێکهاتە جۆراوجۆرییەکانیەوە بگرێت یان لانیکەم مافی ئەوە بە خۆی نەدات کە دژایەتییان بکات. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە تەسلیمی هەموو داب و نەریتێکی دواکەوتوانە بێت و ئیزن بدات کۆمەڵگە بەرەو ئاراستەیەکی دیکەی پڕ لە ناهەنجاری بڕوات. جیاوازییدانان لە نێوان "باوەڕ"ەکانی خەڵک و ئەو "دیاردە" ناحەز و دزێوانەی ریشەیان لە دواکوتوویی و جەهل و نەزانیدا هەیە، لە تێفکرین و دژکردەوەی حیزبی دێموکراتدا بەتەواوەتی دوو شتی لێک جیاوازن. بۆ نموونە هاوکات لە گەڵ ئەوەی حیزبی دێموکرات هەمیشە ڕێزی لە باوەڕە ئایینیەکانی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بە شیعە، سوننی، یارسان و... دەوە گرتووە، زۆر سەرسەختانە دژ بە کۆمەڵێک دیاردەی وەک "ژن بە ژنە"،"گەورە بە چووکە"م "فرەژنی بۆ پیاوان" بە دەرکردنی بڕیار و بە کردوە هەڵوێستی هەبووە و هەیە.

پێشڕەوبوونی حیزبی دێموکرات نەبۆتە هۆی ئەوەیکە کۆمەڵی کوردەواری لە خوێندنەوەکانی ئەم حیزبەدا بە هۆکاری بیروباوەڕی تایبەتی کۆمەڵایەتی یان مەزهەبییان لۆمە بکرێن. بەڵکوو ڕاست بە پێچەوانەوە هەوڵ دراوە بە هەموو ئەو تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئاینیانە بە ڕەسمی بناسرێن و ڕێزیان لێ بگیردرێ.

ئەم تێفکرینە کە بەشێکە لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات ڕاست "خەڵکیبوون"ی ئەم حیزبەوە سەرچاوە دەگرێ و سەلمێنەری ئەو ڕاستیەیە کە حیزبی دێموکرات لە قووڵایی دڵی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هاتووە، بۆیە بە هیچ شێوەیە بیروباوەڕە فرەچەشنەکانی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی ئەم نیشتمانە بەرانبەر بە خۆی بە بیگانە نازانێ.

# فیداکاری، گیانبازی و بەردەوامبوون



حیزبی دێموکرات بە ڕابردووترین و تەمەندرێژترین حیزبی کوردستانی و ئێرانییە. ئەم حیزبە لە دانی هەزینەی گیانی و بەختکردنی رۆڵە بە نرخەکانی و، بەتایبەت بەختکردنی ڕێبەرانی بە بارەگای ئازادیی نیشتمان، گیانبازترین ڕەوتی سیاسیی کوردستان و ئێرانە. تا ئێستا کە نزیک بە ٧٥ ساڵی تەمەنە، زیاتر لە پێنج هەزار شەهیدی هەیە؛ لە نێو ڕیزی شەهیدەکانی دا نزیک بە ٤٠ ئەندامی ڕێبەری دەبینرێ کە سێ کەسیان، سەرقافڵەی شەهیدان؛ پێشەوا قازی محەممەد، د.عەبدولڕەحمان قاسملوو و د.سادق شەرەفکەندی بەدوای یەکدا لە کەسانی یەکەمی حیزب بوون. کەوابوو بەردەوامبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکەڵە بە گیانبازی و دانی تێچووی قورس و گران.

گیانبازی و فیداکاری لە حیزبی دێموکراتدا ئەو کاتە دەتوانرێ وەک پێویست دەرک بە قورس و گرانبوونی بکرێ کە؛ لە لەسێدارەدانی سەرکۆمار و ڕووخانی کۆماری میللەتێکی بێدەرەتانی بە درێژایی مێژوو، چەوساوە و ماف لێ زەوتکراو بگەین. ئەو کاتە دەتوانین لە مەفهوومی "تێچوو" بگەین کە بزانین تیرۆری ڕێبەرێکی وەک شەهید دوکتور قاسملوو چ زیانێکی گەورە و گران بوو بۆ بزووتنەوەی کورد بە گشتی و حیزبی دێموکرات بە تایبەتی. ئەو کاتە دەتوانین لە خەساری تیرۆری دوکتور شەرەفکەندنی بگەیین کە چۆن حیزبێک توانی لە ماوەی کەمتر لە پێنج ساڵدا دوو سکرتێر و کەسی یەکەمی لە هەستیارترین قۆناغەکانی خەباتی خۆیدا لە دەست بدات. ئەو کاتە دەتوانین کە مانای تێچووی لە دەستدانی کەسی یەکەمی حیزب تێبگەین کە بزانین، ئەم سێ کەسە هەر بەتەنیا کەسی یەکەم و سکرتێری گشتی(جێبەجێکاری بڕیار و

هەڵوێستەکانی حیزب) نەبوون، بەڵکوو پێشەوا، ڕێبەر، بیرمەند، داهێنەر و خاوەنی کەسایەتیی بەرزی نەتەوەیی بوون. مانای فیداکاری لە حیزبی دێموکراتدا تەنیا لە لەگەڵدابوونی تاکەکاندا کورت ناکرێتەوە، بەڵکوو پێوەندیی ڕاستەوخۆی بە پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە هەیە کە لەپێناو پشتیوانی لەم حیزبەدا، سەرکوتکاریی سیستماتیکی دەوڵەتییان لە هەموو شکڵ و شێوازێکی خۆیدا لە سەر تاقی کرایەوە؛ بە دەیانهەزار کەس لەپێناو ئەم حیزبەدا گیانیان لێ ئەستێندرا، بە دەیان گوند قەڵاچۆ کران، بە هەزاران بنەماڵە باشترین ڕۆڵەکانیان لەم حیزبەدا گیانیان بەختی نیشتمان کرد، بە هەزاران کەس ئاوارە و دەربەدەربوون و بە هەزاران کەس ژیانیان لە سووچی چاڵە ڕەسەکاندا تێپەڕکرد کە بە سەدان کەسیان لە سێدارە دران و تیرباران کران و، بە دەیان و سەدان و هەزاران کەسی دیکەش بە شێوازی جۆراوجۆر و تەنیا بە تاوانی کوردبوون و "حیزبی" بوون، هەزینەی قورس و گرانیان دا. کەوابوو فیداکاری لە حیزبی دێموکرات و بۆ حیزبی دێموکرات، یانی "ئازاری نەتەوەیەک".

کاتێک کە شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ؛ "باشترین پاداش بۆ شەهیدان، درێژەدانی ڕێگاکەیانە"، بۆمان دەردەکەوێ کە "درێژەدان"(بەردەوامبوون) لە حیزبی دێموکرات دا چ جێگەو پێگەیەکی بەرزی هەیە کە دەکرێ وەک "پاداش بە شەهید" ناوی لێ بنرێ. "بەردەوامبوون" لە حیزبی دێموکرات دا لە تێفکرینێکی قووڵی "بەرەنگاری" یەوە دێت کە دەیهەوێ دڕ بە دۆشدامان، تەسلیمبوون و خۆبەدەستەوەدان بدات. بەردەوامبوون لە بەرەنگاری و بەرەوپێشچوون، بە هەموو کەندوکۆسپ و هەزینەکانیەوە، بەشێکە لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات.

ئەم ڕێبازە بە پێچەوانەی وێنا ڕواڵەتیەکەی، نەتەنیا بە مانای "شەهیدپەروەری" و نادیدەگرتنی "تێچوو" نیە، بەڵکوو لەسەر بەرزراگرتنی کەسایەتیی ئینسان و بەختیاریی کۆمەڵ ڕاوەستاوە. ئەم تێفکرینە بە هیچ شێوەیەکیش نایهەوێ خۆی لەو واقعیەتە سیاسی و کۆمەڵایەتییە بدزێتەوە کە؛ گەیشتن بەم کەسایەتی و بەختیارییە، بەخۆڕایی و بە بێهەزینە دەست ناکەوێ.


هەر بۆیە شەهید قاسملوو هاوکات لە گەڵ ئەوەی دانی بەوەدا دەنا کە "یەکێک لەو شتانەی کە زۆری ناڕەحەت دەکات، شەهیدبوونی هاوسەنگەرانیەتی" و "ئارەزووی دەکرد کە نەسڵی [ئێمە] شەهیدی نەبا"، بەڵام خۆی لەو ڕاستییە نادزێتەوە کە، "گەلێک ئازادیی بوێ، دەبێ نرخی ئەو ئازادییەش بدات".

تەنیا بیانوو و پاڵپشتی بەردەوامبوون و قبووڵکردنی گیانبازی و فیداکاری، "ڕەوابوون"ی ئەو ڕێگایەیە.

**بۆیە شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ:** "خەباتی ئێمە خەباتێکی ڕەوایە. خەبات بۆ ئازادیی میللەتێکە، خەبات بۆ دواڕۆژی منداڵەکان و نەسڵەکانی دیکەیە. بۆیە دەبێ بە بیروباوەڕێکی چەسپا و بە دڵێکی پڕ لە شۆڕش و بە هیوایەکی زۆرەوە خەباتی خۆمان درێژە پێ بدەین.هیچ میللەتێک بە بێ زەحمەت و تێکۆشان و بێ فیداکاری و بەختکردنی ڕۆڵە بەنرخەکانی خۆی بە ئازادی نەگەیشتووە. بۆیە ئێمە باش دەزانین کە گەیشتن بە ئازادی، درێژەدان بە خەبات و فیداکاری دەوێ".



# بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم




درووستبوونی حیزبی دێموکرات وەک ڕێکخراوێکی مودێرن و خاوەن پلان و بەرنامە، بەرهەمی قەڵەمبازێکی مەعریفی و نوێ بووە لە خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەکانی پێش خۆی. کەوابوو دەکرێ بڵێین حیزبی دێموکرات لە ئەساس دا زادەی بەخۆداچوونەوەیەکی ئاگاهانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە کە بە دەرس وەرگرتن لە شکست و کەوتنەکانی ڕابردوو، ویستویەتی بە کەڵکوەرگرتن لە کەرەسەیەکی دیکە و جیاوازتر لە ئەوانی پێش خۆی ئەم ڕێگایە بچێتە پێش.

هەموو ئەو مەفهووم و پرنسیپ و تێڕوانینانەی کە لە چوارچێوەی "ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات"دا وەک کۆمەڵێک بەها بۆ بزووتنەوەی مافخوازانەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان باس کران، ئەگەر لە پرۆسەیەکی بەردەوامی "بەخۆداچوونەوە" و لە چوارچێوەی زەروورەتێک دا بە ناوی "ڕیفۆرم" تازە نەکرێنەوە و کەراژ نەخەن، ناتوانن وڵامدەری ئەم بزووتنەوەیە بن. بۆیە لە حیزبی دێموکراتدا بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوە نەتەنیا وەک زەروورەتێکی مێژووی، سیاسی و کۆمەڵایەتی بەڕەسمی ناسراوە، بەڵکوو لە ئاستی قەوارەی سازمانیدا بۆ جێبەجێکردنی ئەم تێفکرینە مکانیزم دیاری کراوە.

تێفکرینی حیزبی دێموکرات بۆ بەخۆداچوونەوە و ڕیفۆرم لە سەر ئەساسی "سانترالیزمی دێموکراتیک" و بەشدارییەکی گشتی و دێموکراتیک ڕاوەستاوە و لە بەرزترین ئۆرگانی سازمانیدا کە "کۆنگرە"ی حیزبە بە کردەوە قەراری لە سەر دەدرێ. شەرتی

هەر بەخۆداچـوونەوە و ڕیفۆرمێـک، ڕەخسـاندنی دەرفەت و هەلـومەرجی گونجـاو و فەزایەکـی دێمـوکراتیکە کە لە حیزبـی دێموکراتدا جیا لەوەیکە ئۆرگانیزمێکی زیندووی ڕۆژانەی کاری هەیە، بۆ داهێنان و تەتەڵە کردنی بۆچوونە جیاوازەکـانیش، دەفەتێکی گەورەتـر بە نـاوی کـۆنگرە هەیە کە سەکۆیەکی خـاوەن سـەلاحییەت و بڕیـاردەر بـۆ هەر جـۆرە بەخۆداچـوونەوە، دەسکاری، ڕیفۆرم و گۆڕانکارییەکە.

لە حیزبـی دێموکراتــدا ئــاوڕدانەوە لە ڕابــردووی حیــزب و دەستنیشــانکردنی هەڵەکــان و ڕەخنەگــرتن لە هەڵوێســت و سیاسـەتەکانی ڕێگەپێـدراوە. یەکەم کەس کە لە نووسینەوەی مێـژووی حیزبـی دێمـوکرات و نووسـینی ڕاپـۆرتی سیاسـی بـۆ کۆنگرەکانی حیزبدا ڕاشکاوانە و بـوێرانە ڕابـردووی حیـزب ڕەخنـە دەکـات، شەهید دوکتـور قاسملووە. کە بـاس لە سـەردەمی کۆمـاری کوردسـتان و قۆناغەکـانی دواتـر و تەنـانەت سـەردەمی دەسـەڵاتداریی خۆیشـی دەکـات، بـوێرانە و لە هەمانکاتـدا زانسـتیانە وێـڕای شـانازیکردن بە سیاسـەتە درووسـتەکانی حیـزب و فیـداکارییەکان و دەسـکەوتەکانەوە، ڕاشـکاوانە و زۆر بێپەردە خاڵە لاوازەکان دەستنیشان دەکات و ڕەخنە لە کەموکوڕییەکان دەگرێ.


**لەم بارەوە دوکتور قاسملوو دەڵێ:**

**"ڕادەی شۆڕشگێربوونی هەمـوو حیزبێکـی سیاسی لەوەڕا دەردەکەوێ کە چـۆن سـەیری ڕابـردووی خـۆی و بەتـایبەت هەڵەکانی خۆی دەکات. حیزبی شۆڕشگێڕ نابێ لەوە بترسێ کە گوایا بە باسی هەڵەی ڕابردوو دوژمنی شاد دەبێ، یان لە ئێعتباری حیزبەکە کەم دەبێتەوە. بە پێچەوانە پێلێنان و ڕاستکردنەوەی هەڵەو چەوتییەکانی ڕابردوو، ناوبانگی حیزب لە نێو کۆمەڵانی خەڵکدا دەباتە سەرێ و جیدیبوون و بەرپرسبوونی حیزبەکە نیشان دەدات".**

بەخۆداچوونەوە لە حیزبی دێموکراتدا بە هیچ شێوەیەک بە مانـای ڕەتکـردنەوە و سڕینەوەی ڕابـردوو و نادیـدەگرتنی ڕۆڵ و زەحمەتی کەس یان نەسڵێک نیە، بەڵکوو هەستکردن بە زەروورەتێکی ڕێکخراوەیی، سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە بـێ ئەوەی لە ڕوانگەی ئەرزشییەوە سەیری ڕابردوو بکرێ، خۆی بەرانبەر داهاتووی میللەتێک بە وەڵامدەر و بەرپرسیار دەزانێ.

ئەگەر سـەیرێکی قۆنـاغە جۆراوجۆرەکـانی ژیـانی سیاسیی حیزبـی دێمـوکرات بکەیـن و لە پەسـەندکراوە ڕەسمییەکانی ورد بیـنەوە، بـێ ئەوەی هەوڵـی دابـێ لە ڕابـردوودا بچەقـێ، لە گوتـار، ڕوانـین، خوێنـدنەوە، درووشـم و تەنـانەت لە رووی تەشکیلاتی و ڕێکخراوەییشـەوە، بەخۆداچـوونەوەی جیـدی دەبینـدرێ. گرینگیـی تێفکرینـی حیزبـی دێمـوکرات بـۆ ڕیفـۆرم و نوێگەرایی و بەکردەیی کردنی ئەم زەروورەتە، ئەو کـاتە زیـاتر هەسـتی پـێ دەکرێت کە دەبینین ئەم حیزبە لە ٧٤ سـاڵی

تەمەنی خۆی، زیاتر لە حەفتا ساڵی دوور لە ژینگەی واقعی خۆی کە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە ژیاوە و بەداخەوە وەک پێویست نەیتوانیوە لە پتانسێلە فکرییەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان بەهرە وەربگرێت. ئەو کاتە دەتوانین دەرک بە خۆئابدەیتکردنەوەی ئەم حیزبە بکەین کە ئێستا - دوای ئەو هەمووە دووریە و دوای ئەو هەمووە پیلانگێڕیەی بەرانبەری ئەنجام دراوە - نەتەنیا پێگەی جەماوەریی دانەبەزیوە، بەڵکوو پانتایی پێگە جەماوەرییەکەی هەر لە فراوانبوونەوە و پەرەسەندن دایە. ئەوە بەو مانایە نیە کە پێمان وابێ ئەم حیزبە هیچ کەموکوڕییەکی نیە و پێویست بە بەخۆداچوونەوە و ڕێفۆرم لەخۆداپێکهێنان ناکات، بەڵکوو ڕاست بەومانایە کە دەبێ ڕۆژانە بیر لە بەخۆداچوونەوە و خۆنوێکردنەوە بە پێی زەروورەتە سیاسی، ڕیکخراویی و کۆمەڵایەتییەکان بکاتەوە بۆ ئەوەی وەک تا ئێستا خۆشەویستی زۆربەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بووە، لەمەوبەولاش هەر وا بێت.



## دوایین وتە و کۆتایی




"ڕێبازی قاسملوو، ڕێبازی حیزبی دێموکرات" لە کۆمەڵێک ڕوانگە و تێفکرین، سیاسەت، هەڵوێست و ڕەفتاری سیاسیی پێک هاتوون کە بۆ بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوونەتە پێناسە. بوونەتە نۆڕم و باهای خەباتێکی نەتەوەیی و شوناسخوازانە کە خەڵکی کوردستان بە دەیان ساڵە وەک بەشێکی هەرە ئەساسی لە کلتووری سیاسی بزووتنەوە گشتییەکە بە متمانەوە وەریگرتووە کە ئەمە بۆ حیزبی دێموکرات سەرمایەیەکی بەنرخە.

لە پاراستن و درێژەپێدانی ئەم ڕێبازەدا بە دەیان هەزاران کەس گیانیانبەخت کردوە و بە هەزارانی کەسیش تەمەنیان لێ پێناودا داناو و هەزاران کەسی دیکەش ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کوێرەوەریان کێشاوە و هەزینەیان داوە. بەڵام ئەوەی لە هەمووی گرینگترە، ڕۆڵی سەرەکیی کەسانێکە کە دوای شەهیدان دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی وەک کەسانی یەکەمی ئەم حیزبە، لە دژوارترین قۆناغەکانی خەبات دا نەتەنیا بەم ڕێچکەیەدا ڕۆیشتوون، بەڵکوو لە زیندووڕاگرتنی ئەم ڕێبازە و دەوڵەمەندکردنیدا ڕۆڵی ئەساسیان گێڕاوە، کە جێی خۆیەتی بە پێزانینەوە، ڕێزیان لێ بگیردرێ.

ئێستا کە ٣٠ ساڵ بە سەر تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو و ٧٤ ساڵ بە سەر تەمەنی حیزبی دێموکراتدا تێدەپەڕێ، ئەم حیزبە هەر جێی هیوا و هومێدی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و سەرمایەیەکی پڕ لە ئەزموون و خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەند لە تێکۆشانی نەتەوەیی بە هەموو شێوازەکانی خەباتە. ئێستاش گەورەترین پشتیوانی ئەم حیزبە خەڵکی

کوردستانە و سەربەخۆیی سیاسی لەم حیزبەدا یەکێک لە گەورەتری شانازییەکانیەتی. هێزی پێشمەرگە وەک چۆن لە هەناوی ئەم حیزبەوە لەدایکبووە، ئێستاش لە تێفکرینی حیزبدا "باسکی بەهێزی گەلە". لە سەر بنەمای واقعبینی سیاسی و باوەڕمەندبوون بە چارەسەری ئاشتیخوازانەی پرسی کورد، مافی دیاریکردنی چارەنووسی ئەم نەتەوەیە ئێستاش بەهێزتر لە ڕابردوو باوڕی حیزبی دێموکراتە و، حیزبی دێموکراتی کوردستان پێداگرانەتر لە هەمیشە ئەم ڕێبازە درێژە پێ دەدات.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە کە؛ ڕێبازی حیزبی دێموکرات یان ڕێبازی دوکتور قاسملوو، بە پێچەوانەی ئەوەیکە هێندێک کەس لێی حاڵین، تێفکرینێکی دێموکراتیکی نەتەوەییە کە هەموو کەس دەتوانێ لە قازانجی پرسە گەورە نەتەوایەتییەکەدا ڕاڤە و تەئویلی بکات. بە واتایەکی دیکە؛ ئەم ڕێبازە نە مەکتەبێکی داخراوی خاوەن چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیکە و، نە مەزهەبە کە بکرێ بە تاک ڕەهەندی و پیرۆزی سەیری بکرێ. کەوابوو ڕەخنەکردن و قسە لەسەرکردنی جیاواز و لێکدانەوەی بە مەبەستی دەسنیشانکردنی خاڵە لاوازەکانی نەتەنیا بڤە نیە، بەڵکوو ڕاست پێویست و زەرووریيە. کەس بۆی نیە ئەم ڕێبازە بکاتە سەنگەرێک بۆ ئەوەی تەقە لە بیروبۆچوونی جیاوازی دیکە بکات.

هەر وەک چۆن شەهید دوکتور قاسملوو دەڵێ؛ "تا ئەو کاتەی مخالفانمان، بۆ سەپاندنی بۆچوونەکانی خۆیان دژ بە ئێمە دەستیان بۆ چەک نەبردووە، ئێمە وەک دێموکرات، ڕێز لە بیروبۆچوونەکانیان دەگرین".

ئەوانەی بە ناوی دیفاع لە حیزبی دێموکرات، داخراو و مەزهەبیانە لەم ڕێبازە دەڕوانن و هێرش دەکەنە سەر ئەو کەسانەی کە بە جۆرێک ڕەخنە لەم ڕێبازە دەگرن، نە تەنیا دێموکرات نین، بەڵکوو زۆر خراپ لەم ڕێبازە تێگەیشتوون و بێ ئەوەی پێ بزانن بەم ڕەفتارەیان زەربە لە ڕێبازەکە دەدەن.

حیزبی دێموکرات زۆر لەوە گەورەترە هێندێک کەس بیانهەوێ بە ناوی دیفاع لەم حیزبە هێرش بکەنە سەر ڕەخنەگرانی و بەناوی بەرگری لەم ڕێبازە، بێڕێزی بە خەڵکی دیکە بکەن. ئەم حیزبە کە بۆتە بەشێکی دانەبڕاو لە مێژوو، کلتوور و ڕەفتاری سیاسیی خەڵکی کوردستان، بەرانبەر بە پاراستنی کەرامەت و شەخسییەتی هەموو تاکێکی ئەم میللەتە خۆی بە بەرپرسیار و خاوەندار دەزانێ. بۆیە هەموو ئەوانەی ڕەخنە لە ڕێبازی حیزبی دێموکرات دەگرن و سیاسەت و هەڵوێستەکانی ڕەخنە دەکەن، مادام باوەڕیان بە ئاڵای کوردستان، هێزی پێشمەرگەی کوردستان، خەباتی شوناسخوازانەی نەتەوەیی کورد و کۆماری کوردستان هەیە و لەم چوارچێوە نەتەوەییەدا بیر دەکەنەوە، بەشیان بە سەر حیزبی دێموکراتەوە هەیە.

حیزبی دێموکرات بە هەموو ئەم دەسکەوت و داهێنانە نەتەوەییانەوە کە بۆ میللەتی کورد بوونەتە هێما و سەمبوولی

**تایبەت بە سی و پێنج ساڵە**

**نەتەوەیی، پێویستە گەورەتر لە حیزبێک ببیندرێ و وەک کلتووری سیاسیی میللەتێک سەیری ڕێبازەکەی بکردرێ.**

**سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد**

---

**تێبینی:** **ئەم زنجیرە وتارانە: لە ڕێکەوتی ١٢ی جوونی ٢٠١٩ تا ١٣ی جوولای ٢٠١٩ی زایینی لە ٣٠ وتار دا بە بۆنەی ٣٠ی ساڵە ساڵوەگەری شەهید بوونی د. قاسملوو و هاوڕێیانی لە نووسینی هاوڕێ سمایل شەرەفی لە ماڵپەڕی کوردستان و کورد ئامادە و بڵاو کراونەتەوە. و داوتر وەک کتێب پێشەکشی خوێنەران کراوە.**

**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**پووشپەری ٢٧١٩ی کوردی = جوولای ٢٠١٩ی زایینی**

---



**کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی**

**گەلاوێژی ٢٧٢٤ی کوردی = ئاگۆستی ٢٠٢٤ی زایینی**



# سپاس و پێزانین

بۆ هاوڕێی تێکۆشەر سمایل شەڕەفی بۆ نووسین و ئامادەکردنی وتار، بابەتە کان.

دەستان خۆش و هەروا قەڵەم ڕەنگین بن بۆ گەل و نیشتمان.

ڕەحمان نەقشی

